چاپی یەکەم
٢٠١٣

# قوفڵ واتە کلیلێکیش هەیە

مەسعوود لەعلی

وەرگێڕانی سەلاح سەعید

چیرۆکەکانی داهێنەری، بیرجوانی و چارەسەرکردنی پرسەکان

لۆژیک تۆ لە "ئەلف"ەوە بۆ "ب" دەبا لەکاتێکدا کە خەیاڵ تۆ بۆ هەموو شوێنێک دەبا
ئالبێرت ئینیشتاین

Scanned by CamScanner




Scanned by CamScanner

٢٠١٤/١٢/٨
دیاری قوتابخانە

# قوفڵ واتە کلیلێکیش هەیە

**چیرۆکە کورت و سەرنجڕاکێشەکانی داهێنەری - بیرجوانی و چارەسەرکردنی پرسەکان**
**لەگەڵ دوو گرووپی چارەسەر (تەگبیر)گەرا و چارەنووس (قەدەر)گەرادا ئاشنا بن**


نوسینی: مەسعوود لەعلی

وەرگێڕانی: سەلاح سەعید



**چاپی یەکەم**

**٢٠١٣**


Scanned by CamScanner

لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما
زنجیرە: (٣٩٦)

*ناسنامەی کتێب*

ناوی کتێب : قوفڵ واتە کلیلێکیش هەیە

نوسەر : مەسعوود لەعلی

بابەت: تەسەوف

وەرگێرانی: سەلاح سەعید

نەخشەسازیوبەرگ: فواد کەولۆسی

شوێنی چاپ: چاپەمەنی گەنج

ساڵی چاپ: ٢٠١٢ سلێمانی

نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم

تیراژ :١٠٠٠ دانە

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی: (٠٠٠)ی ساڵی٢٠١٢پێدراوە.

ناونیشان:

سلێمانی ـ بازاڕی سلێمانی ـ نهۆمی دووەم ـ بەرامبەر بازاڕی خەفاف.

ژ.م: ٠٧٧٠١٥٧٤٢٩٣ یان ٠٧٥٠١١٩١٨٤٧.

Scanned by CamScanner

## پێڕست


پێشەکیی وەرگێڕ .......... ٩
پێشەکی .......... ١١
بەشی ١ .......... ١٧
[illegible] .......... ١٧
[illegible] .......... ١٩
[illegible] .......... ٢١
[illegible] .......... ٢٣
[illegible] .......... ٢٣
[illegible] .......... ٢٥
[illegible] .......... ٢٦
[illegible] .......... ٢٧
[illegible] .......... ٢٩
[illegible] .......... ٣٣
[illegible] .......... ٣٦
[illegible] .......... ٣٨
[illegible] .......... ٣٩
[illegible] .......... ٤٠
[illegible] .......... ٤١
[illegible] .......... ٤٣
[illegible] .......... ٤٦
[illegible] .......... ٤٨
[illegible] .......... ٤٨
[illegible] .......... ٥٤
[illegible] .......... ٥٥
[illegible] .......... ٥٥
[illegible] .......... ٥٧
[illegible] .......... ٥٨
[illegible] .......... ٥٩
[illegible] .......... ٦٣
[illegible] .......... ٦٣
بەشی ٢ .......... ٦٥




Scanned by CamScanner

**پێوەندیی داهێنەرانە و کاریگەر** ........ ٦٥
کورتە چیرۆکی گوڵ و گورگ ........ ٦٧
تێگەیاندنی گرینگی شوێنی چاودێریکردنی ئەستێرەکان (رصدخانە) ........ ٦٩
وشیاریی کۆمەڵایەتی چییە؟ ........ ٧١
تێگەیشتنی دوولایەنە ........ ٧٣
چیرۆکی فیرووزی وەزیر ........ ٧٥
داهێنانی دکتۆر موسەدیق ........ ٧٦
چیرۆکی دۆستەکان ........ ٧٨
چووە نێو چێشتخانەکە ........ ٨١
پسپۆڕییەکانی وشیاریی سۆزداری ........ ٨٢
خەڵك دۆستی ........ ٨٤
نوێنەری کۆمپانیای کۆکاکۆلا ........ ٨٦
چیرۆکی پیاوی فێڵباز ........ ٨٨
ناپلیۆن و پیاوی پێست فرۆش ........ ٩٠
خوا لە هەموو شتێکدا هەیە ........ ٩٢
**بەشی ٣** ........ ٩٥
**چیرۆکەکانی بیرجوانی و چارەسەرکردنی پرسەکان** ........ ٩٥
زیرەکی لە بەڕێوەبەریی دەنگۆدا ........ ٩٧
کچی وەرزێڕ و پیرەپیاوی چاوچنۆك ........ ٩٨
بنەمای ویژدان ........ ١٠١
زریانی هزری Brain Storming ........ ١٠٢
ڕێگەچارەی بۆهلوول ........ ١٠٨
سووپی سێحراوی ........ ١١٠
ڕێگەچارەی بنەڕەتی (دوو چیرۆك) ........ ١١٢
پێرەپیاوی زیرەك ........ ١١٣
خەیانەت لە ئەسپاردەدا ........ ١١٥
تاقیکاری ........ ١١٧
چیرۆکی هاوپشکەکان ........ ١١٨
ڕێگەچارەی زانایانە ........ ١٢١
شێواز (تێکنیك)ی کورە وشیارەکە لە بەرانبەر نادرشادا ........ ١٢٣
**بەشی ٤** ........ ١٢٥
**نووکتەی داهێنەری** ........ ١٢٥



Scanned by CamScanner

هەموو شتێك ئارامە ............................................................. ١٢٧
تێكنیكی سەرنجڕاكێشی سەركار (كاربەدەست) ..................................... ١٢٨
زیرەكیی فریشتەیەك............................................................... ١٣٠
هەڵاتن ........................................................................... ١٣٢
زیرەكیی دكتۆر.................................................................... ١٣٤
پرسیای بێ وەڵام ................................................................. ١٣٦
گرەو ئەكەم كە ئێوە دووگیانن .................................................. ١٣٨
بارمتەی بانكی..................................................................... ١٤٠
كاری گرووپی زیرەكانە ........................................................... ١٤٢
بازرگانی بە گوێدرێژی مردوو.................................................... ١٤٤
**بەشی ٥** ........................................................................ ١٤٥
**چیرۆكەكانی گەمژەیی و نەزانی** ............................................. ١٤٥
دووكانی ئەقڵ فرۆشی............................................................. ١٤٩
دەرفەتكوژی...................................................................... ١٥٣
چیرۆكی چوار برا.................................................................. ١٥٦
چارەسەركردنی كێشەی چاڵاو..................................................... ١٥٩
لێهاتوویی........................................................................... ١٦٠
زیرەكی بە شێوازی گوێدرێژ ..................................................... ١٦٢
شێتم بەڵام گەمژە نە .............................................................. ١٧٠
چیرۆكێك لە رۆمای كەونارا ..................................................... ١٧١
كاڵەكخواردنی فەلسەفی........................................................... ١٧٢
"بازاریاب" (Marketer)ی لەخۆ دڵنیا ........................................... ١٧٤
**بەشی ٦** ........................................................................ ١٧٧
**ئەوینی داهێنەر** ................................................................. ١٧٧
هێزی ئەوین........................................................................ ١٧٩
ئەوین لە نەخۆشخانەدا ........................................................... ١٨١
وشیاریی عیشقی ................................................................... ١٨٤
رێگەچارەی جوانی مامۆستایەك.................................................. ١٨٦
داهێنەری لە منداڵاندا ............................................................. ١٨٨
فێلبازیی ئەویندارانە .............................................................. ١٩٣
**بەشی ٧** ........................................................................ ١٩٥
**داهێنەریی نەرێنی** .............................................................. ١٩٥




Scanned by CamScanner

ڕەخنە لە هۆشی نەرێنی ........................................................................ ١٩٧
بازرگانیی مەیموون ........................................................................ ٢٠٢
ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردن ........................................................................ ٢٠٤
زیرەکی بە شێوازی فەرەنسی ........................................................................ ٢٠٥
قەرز ........................................................................ ٢٠٧
پێکدادان ........................................................................ ٢٠٩
بازاڕسازی لە باتی "بازاریابی" (مارکتینگ) ........................................................................ ٢١١
وەرە مرۆڤ ساز بکەین ........................................................................ ٢١٢
شۆفێری سەرپێچیکار ........................................................................ ٢١٣
من زێوم لە زێڕ پێ باشترە ........................................................................ ٢١٥
بەشی ٨ ........................................................................ ٢١٧
مەتەڵ دەرمانی ........................................................................ ٢١٧
مەتەڵی کەڵەشێر ........................................................................ ٢١٩
ئارتوور پاشا ........................................................................ ٢٢١
خوا چی دەخوات؟ ........................................................................ ٢٢٥
چەند مەتەڵ ........................................................................ ٢٢٧
تێستی هۆش ........................................................................ ٢٣٠
مەتەڵی سێ کەسایەتی لە باڵۆنێکدا ........................................................................ ٢٣١
پرسیاری تاقیکاریی کۆتایی فیزیای زانکۆی کۆپنهاگن ........................................................................ ٢٣٥
مەتەڵی چوکلە شقارتە ........................................................................ ٢٣٧
مەتەڵی میوەکان ........................................................................ ٢٣٨
ژێدەرەکان و خوێندنەوە پێشنیارییەکان: ........................................................................ ٢٤٠



Scanned by CamScanner

هیچ قوفڵێک نییە لەبازاڕی لواودا بێ کلیل

"سائیب تەبریزی"



Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

## پێشەکیی وەرگێڕ

ژیان پڕە لە کێشە و گرێ کوێرە و هیچ کام لە ئێمە نییە کە لە ڕەوتی ژیانی ڕۆژانەیدا لەگەڵ بەربەستەکان و درگا داخراوەکاندا بەرەوڕوو نەبێ؛ کتێبی "قەفڵ واتە کلیلێکیش هەیە" لەخۆگری چەندین چیرۆک و بەسەرهاتی ئەو مرۆڤانەیە کە توانیویانە لە ڕێگەی داهێنەری و زیرەکیی خۆیانەوە بەسەر بەربەستەکانی ژیاندا زاڵ بن. ئەم چیرۆکانە پێمان دەڵێن کە هیچ شتێکی "نەلواو" لە ژیاندا بوونی نییە و هیچ گرێیەك نییە کە نەکرێتەوە. نیشانمان دەدەن کە مرۆڤ چۆن بە بەکارهێنانی هێزی داهێنەری و پشوودرێژی و کۆڵنەدان سنوورەکانی "نەلواو" تێك دەشکێنێ و لە سنوورەکانی "لواودا" بە ئاسایش و بەختەوەری دەگا. هەروەها پێمان دەڵێن کە بۆ سەرکەوتن لە ژیاندا و گەیشتن بە بەختەوەری دەبێ داهێنەر بین و بە کەڵکوەرگرتن لە هێزی داهێنەرییە کە دەتوانین تەواوی قوفڵە کلیل ونبوو و ژەنگهەڵگرتووەکانی ژیان بکەینەوە.

سەلاح سەعید

٢٠ی ئاگۆستی ٢٠١٢



Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

## پێشەکی

رادرفۆرد زانای بەناوبانگی بریتانیایی، شەوێك چووە نێو تاقیگەکەی خۆی و یەکێك لە خوێندکارەکانی بینی کە هێشتا لە پشت ئامێرێکدا دانیشتووە و کار دەکا.

رادرفۆرد لێی پرسی: لەم کاتەی شەوەدا لێرە چی دەکەی؟

خوێندکار وەڵامی دایەوە: کار دەکەم؟

رادرفۆرد پرسی: ئەی رۆژ چی دەکەی؟

خوێندکار وەڵامی دایەوە: بێگومان کار دەکەم.

رادرفۆرد پرسی: بەیانیی زووش هەر کار دەکەی؟

خوێندکار بە هیوای ستایشکردنی مامۆستا، سەری بە نیشانەی پشتڕاستکردن راوەشاند و وتی: بەڵێ مامۆستا بەیانیش کار دەکەم.

روخساری رادفۆرد تێك چوو و وتووێژی خۆی بەم پرسیارە کۆتایی پێهێنا: گوێ بکرە کورە، تۆ کەی بیر دەکەیتەوە؟


گەردوون پڕە لە گەورەیی و جوانی و لەم نێوانەدا داهێنەری، نوێگەری و بیرجوانی جێگەی تایبەت و بێ ئاڵترناتیڤی خۆیان هەیە.

داهێنانی ئەو شتانە کە پێشتر نەبوون، چوونە نێو ئەو دۆخانەوە کە تا ئێستا کەس ئەزموونی نەکردووە، سەیرکردنی ئەو ئاسۆیانەی کە تا ئێستا کەس نەیبینیوە، شکاندنی بەربەستەکان، لەبارکردنی بارودۆخ و بەربەستە بە رواڵەت چارەسەرنەبووەکان، زێدەخوازییە زەینییەکان، تێپەڕاندنی سنوورە نەلواوەکان و لە ئەنجامدا، بەرینکردنی سنوورەکانی "لواوەکان" لە بەرانبەر تراویلکەی



Scanned by CamScanner

"نەلواودا" هەموویان تیشکی هیوا و شادیی ژیان و هەست بە تەناهی و ئاسایش بۆ خولقاندنی بەختەوەری لە ژیاندا پێك دێنن.



لەم کتێبەدا هەوڵم داوە لە ڕێگەی نموونەکان و چیرۆکگەلی جۆراوجۆرەوە پەیامی متمانەبەخۆبوون، هیوا، ورەی خەبات و چۆکدانەدان بە بیری خۆم و دۆستانی خۆشەویست بێنمەوە. وەبیری بێنینەوە کە ژیان مەتەڵێکی چارەسەرنەبوو نییە و بۆ هەر گرێ و بەربەستێك لە ژیاندا بە کەڵکوەرگرتن لە لێهاتوویی هزری و هێزی مێشك کە لە چوارچێوەی هێزی داهێنەری، هۆش و ژیریی لە مرۆڤدا دەردەکەوێ، دەتوانین لەگەڵ هەر کێشە و بارودۆخێکی ئاڵۆزدا بەرەوڕوو بین و ڕەوتی وەرچەرخان و گۆڕانکارییەکانی ژیانمان لە باتی سکاڵاکردن لە چارەنووس، بە تەگبیر بەڕێوەبەری بکەین و ئەوان بەرەو ئاراستەی دڵخواز ببەین.

بەڵام دوو خاڵ:

هەمیشە خۆم دەربەست کردووە کە بە هۆگەلی زانستی و ئەخلاقی ئاماژە بە سەرچاوەکانی کتێبەکانم بکەم. بەڵام بەداخەوە لە هێندێ نموونەدا لە سەرچاوەیەك کەڵکم وەرگرتوە کە ئاماژەیەك بە سەرچاوەی سەرەکی نەکراوە ـ لێرەدا زیاتر مەبەستم ئینتێرنێتە ـ هەر بۆیە ناوی کۆکەرەوە یان نووسەری بابەتم بۆ ناڕوونە تا ناویان بێنم. لێرەدا، بەتایبەت لە هاوڕێیانی وێبلاگنووسم و ئەو کەسانەی کە هەوڵ بۆ کۆکردنەوەی بابەتەکان و چاپیان دەدەن دلسۆزانە داوا دەکەم لە کاتی کەڵکوەرگرتن لە سەرچاوەکان بۆ بەرۆژکردنی وێبلاگەکان و



Scanned by CamScanner

ماڵپەڕە ئینتێرنێتییەکان و هەروەها بەرهەمە نووسراوەکان، ڕێز لە بنەما ئەخلاقییەکان بگرن و لە هیچ بابەتێك بێ ناوهێنانی سەرچاوە کەڵك وەرنەگرن.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە ڕاپۆرتێك لە چالاکییەنی نووسین و کۆکردنەوەم و هەروەها دوورەدیمەنێك لە بەرنامەکانی داهاتووم بخەمە بەرچاو خوێنەرانی بەڕێز.

خاڵی دووهەم، هێڵی ڕەوتی نووسەریم بە دوو قۆناغ دابەش دەکەم:

قۆناغی یەکەم: کە بە کتێبی "ئێوە گەورەتر لەوەن کە بیری لێدەکەنەوە"، دەزگای چاپ و پەخشی بەهاری سەوز، تاران: ١٣٨٢ دەستی پێکرد و لەسەر تەوەری "چیرۆك دەرمانی"یە و هەروەها شوێندانەربوونی کەرەستەی نموونەهێنانەوە و چیرۆکەکان، منی وا لێکرد کە لەم کەرەستەیە بۆ دەربڕینی ئەزموونە تایبەتییەکانی خۆم و هەروەها کەسانی دیکە سوود وەربگرم.

کتێبەکانی خوارەوە (ژمارەکانی نێو کەوانە بە ژمارەی چیرۆك و نموونەکانی نێو کتێبەکە ئاماژە دەکا) بریتین لە قۆناغی یەکەم:

١ ـ ئێوە گەورەتر لەوەن کە بیری لێدەکەنەوە (٩٧)

٢ ـ بەهەشت یان جەحانم هەڵبژاردن لەدەست ئێوەدایە (١٠١)

٣ ـ کێشەکان بکەن بە شۆکۆلات (٨٥)

٤ ـ لایەنی ئەوین خۆشەویستە، پشت گوێی مەخە (٨٢)

٥ ـ بە بەرزایی بیرت دەفڕی (٥٩)

٦ ـ جیهانێکی دیکە دەبێ سازبکەین و سەرلەنوێ مرۆڤیش (١٥١)

٧ ـ وەك زەڕافە بە، سەر و ملێك سەرتر لە کەسانی دی (٦٥)

٨ ـ چیرۆکگەلێك بۆ لەنێوبردنی خەمەکان (٤٠)

٩ ـ وێنە و هەڵوەستە (١١)

١٠ ـ ڕۆژ خۆر درووستی دەکات، ڕۆژگار ئێمە (٥٤)

١١ ـ وەرە ژیان سازبکەین نەك لەگەڵیدا بسازین (٥٥)



Scanned by CamScanner

١٢ - خۆت داگیر بکە نەك جیهان (٥٠)

١٣ - لە ترسین بترسە (٦٥)

١٤ - رۆژێك ٣٦٥ جار دووپات نەکەینەوە، بەرگی یەك (٤٠)

١٥ - رۆژێك ٣٦٥ جار دووپات نەکەینەوە، بەرگی دوو (٢٢)

١٦ - تەمەن کورت نیە ئێمە کورتی دەکەینەوە (٦٤)

١٧ - پەیامگەلێك لە جیهانی نادیار (٤٤)

١٨ - کاتێك تۆ دەگۆڕدرێی، جیهان دەگۆڕدرێ (٧)

١٩ - بەختەوەری درووست دەکرێ نادۆزرێتەوە (٦٢)

٢٠ - ژ وەکوو ژیان (١٠١)

٢١ - سەرەتا خۆمان بدۆزینەوە، نیوەی ونبوو پێشکەش (٧٠)

٢٢ - قوفلێ واتە کلیلێکیش هەیە (١٠١)

٢٣ - گۆڕان لە "من"ەوە دەست پێدەکا (٨٣)

٢٤ - لە شەپۆلەوە تا لووتکە (٧٢)

٢٥ - ئێوە جووجەڵە مراوییەکی ناشیرین نین (٣٧)

٢٦ - دەسەڵات دیاری خواوەند بۆ مرۆڤ (٢٨)

قۆناغی دووهەم: بەرهەمەکانم لەخۆگری دەربڕینی بۆچوونە تایبەتییەکانم لە بیاڤی گەشە و پێشکەوتنی دەروونی (تیۆریی ئۆتۆریتە)* و دەروونناسیی سەرکەوتنە.

لە کتێبی مەلانەسرەدینی ژیانی خۆمانین (تاران، دەزگای چاپ و پەخشی "بهار سبز"، ١٣٨٩) ئاماژەگەلێك بە تیۆریی ئۆتۆریتە کراوە. بڕیارم دواەی پاش ئەمە، بە پێکهاتەی گشتیی کتێبەکانی ئێوە گەورەتر لەوەن کە بیری لێدەکەنەوە کە

---

*. سەرەتا وەك "تیۆریی دەسەڵات" هێنرابە ئاراوە.



Scanned by CamScanner

لەسەر بنەمای حەکایەت و چیرۆکی کورت و خورپەبەخشە وەفادار بمێنمەوە، بەڵام لە بەرگەکانی دیکەی ئەم کۆمەڵەیەدا لە چیرۆکە کورتەکان لە پێناو شیکردنەوە و دەربڕینی تیۆریی ئۆتۆریتەدا کەڵك وەردەگرم. (بۆ ئاگاداریی ئەو دۆستانەی کە بەدوای ئەم کۆمەڵەیەوەن و دەیانەوێ بزانن تا چەند بەرگ و لە ژێر چ بارودۆخێکدا درێژەی دەبێ).

لە بیاڤی دەروونناسیی سەرکەوتنیشدا بۆچوون و ئەزموونە تایبەتییەکانم لە کتێبەکانی خوارەوەدا بڵاو دەکەمەوە:

١ ـ خولقاوین تا بخولقێنین (سێ بەرگ ـ یاسای راکێشان)

٢ ـ شوانی درۆزنی ژیانی خۆمانین (دەروونناسیی متمانەبەخۆبوون)

٣ ـ تەوەزەلەکان ناچنە بەهەشت (دەروونناسیی پاڵنەر و بەهێزکردنی هێزی ئیرادە)

٤ ـ هەمیشە بۆ دڵساردبوون زووە (دەروونناسیی نەبەزی و بەردەوامبوون - ئاشنایی لەگەڵ حەوت قۆناغی سەرکەوتندا)

٥ ـ باشترینەکان نەسیبی باشترینەکان دەبن (دەروونناسیی سەرکەوتن لە بازاڕی کار و کاسپیدا)

**لەگەڵ ڕێز و ئاواتی باشترینەکان**

**مەسعوود لەعلی**

masoodlaali.com

masoodlaali@gmail.com



Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

# بەشی ١
# داهێنەری

بیرۆکە ئازایانەکان وەك مۆرەکانی شەترەنج وان کە بەرەوپێش دەجوولێن، ئەوان لەوانەیە لە یاری وەدەر بنرێن، بەڵام دەتوانن دەسپێکی سەرکەوتن بن.
"یووهان ولفگانگ وون گۆتە"



Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

بەرێگایەکدا مەچن کە کەسێکی دیکە پێیدا ڕۆیشتووە، لەبری بەرێگایەکدا بچن کە تا ئێستا هیچ کەس ئەو ڕێگایەی نەبڕیوە و شوێن پێیەك لەخۆتان بەجێ بهێڵن.

"ڕالف والد ئیمرسۆن"

## لاساییکردنەوە، دوژمنی داهێنان

ئەندامانی عەشیرەیەکی سوورپێستەکان لە سەرۆکی نوێ دەپرسن: "ئاخۆ زستانێکی قورس لەبەردەمدایە؟"

سەرۆکی لاوی عەشیرە کە هیچ ئەزموونێکی لەم بوارەدا نەبوو، وەڵام دەداتەوە: "بۆ قایمکاری بچن دار کۆبکەنەوە" و دواتر بۆ ڕێکخراوی کەشناسیی وڵات تەلەفوون دەکا: "بەڕێز ئیمساڵ زستانێکی سارد لەبەردەمدایە؟"



وەڵام: "وادێتە بەرچاو"، هەربۆیە سەرۆك بە پیاوەکانی عەشیرە فەرمان دەدات کە داری زیاتر کۆ بکەنەوە و بۆ ئەوە کە دڵنیا بێ جارێکی دیکە تەلەفوون بۆ ڕێکخراوی کەشناسی دکا: "ئێوە بۆچوونی پێشووتان پشتڕاست دەکەنەوە؟"

وەڵام: "سەداسەد"، سەرۆك بە تەواوی ئەندامانی عەشیرە فەرمان دەکات کە تەواوی هێزیان بۆ کۆکردنەوەی داری زیاتر



Scanned by CamScanner

تەرخان بکەن. پاشان دووبارە تەلەفوون بۆ ڕێکخراوی کەشناسی دەکات: "بەڕێز ئێوە دڵنیان کە ئیمساڵ زستانێکی سارد لەبەردەمدایە؟"

وەڵام: "ئیزن بدەن وەها بڵێم، ساردترین زستان لە مێژووی هاوچەرخدا!"

سەرۆك: "چۆن دەزانن؟"

وەڵام: "چوونکە سوورپێستەکان شێتانە خەریکن دار کۆدەکەنەوە".

تێبینی: لە ڕوانگەی باسی داهێنەری و نوێگەرییەوە، کەسەکان بە دوو گرووپی شوێنکەوتوو و پێشەنگ یان چارەسەرخواز و چارەنووسخواز دابەش دەبن.

لەم کتێبەدا باسی ئەم دوو گرووپە لە کەسەکان بەتایبەت کەسانی پێشەنگ و زانا و بەتەگبیر دەکەین. بیرکردنەوە یان بیرنەکردنەوە، پرسەکە ئەمەیە. بە دوو هۆی گرینگ ـ و لەوانەیە پاڵنەرەکانی دیکە کە بە هۆی درێژبوونەوەی بابەتەکەوە باسی ناکەم ـ کەسەکان لە باتی بیرکردنەوە پێیان باشترە ئەوانی دی "توێژینەوە" بکەن و ئەوان تەنیا "لاسایی" بکەنەوە.

١ ـ بیرکردنەوە، کارێکی دژوار و پڕ لە چەرمەسەرییە و چوونکە ئەم مەیل و بەریان (گرایش)ە لە مرۆڤدا هەیە کە ڕێگە سادە و ساکارەکان هەڵ بژێرێ، ئێمە پێمان باشترە کە لاساییکەر بین تا لێکۆڵەر.

٢ ـ بیرکردنەوە و تیۆریداڕێژی پێوستی بە هەستی متمانەبەخۆبوونە. زۆربەی خەڵك پێیان وایە کە توانایی پێویستیان بۆ ئافراندنی بیرۆکەکان و ڕێگەچارە بەسوودە کاریگەرەکان نییە. هەر بۆیە بەم هۆیەشەوە بووبێ، بەربژاری شوێنکەوتوویی لەباتی خولقێنەری هەڵ دەبژێرن.

داهێنەرەکان کەسانێکی تێکۆشەرن کە متمانەیان بەخۆیان هەیە. کەڵکوەرگرتن لە هێزی هزر و ئافراندنی تیۆرییەکان، ئایدیاکان، ڕێگەچاکارەکان و ئافراندنی هەلومەرج و کەتوار (واقعیت)ە نوێکانە کە مرۆڤ لە گرووپی ڕێگەچارەخوازەکاندا جێ دەکاتەوە.



Scanned by CamScanner

کەوتنە شوێن رانەمەڕ رێگایەکی باشە بۆ

بوون بە مەڕ.

## خۆت بە

رۆژێك سەرکۆماری پێشووی ئەمریکا، کالوین کوولیج، ژمارەیەك لە دۆستەکانی شوێنی لەدایکبوونی خۆی بۆ شێو بۆ کۆشکی سپی بانگهێشت کرد. میوانەکان لەوە نیگەران بوون کە چۆن دەستوور و رێوشوێنی چێشتخواردن بەڕێوە ببەن.

سەرنجام بڕیاریان دا کە هەر کارێك سەرکۆمار کردی بە لاساییکردنەوە لەو ئەوانیش هەمان کار بکەن.

هەموو شتێك بە باشی دەچووە پێش تا کاتی خواردنی قاوە هات. سەرکۆمار قاوەکەی خۆی رژاندە نێو ژێرپیاڵە. دۆستەکانیش ئەم کارەیان کرد. سەرکۆمار کەمێك خامەی تێکەڵ بە قاوەکە کرد، دۆستەکانیشی وەهایان کرد. سەرکۆمار لە کورسییەکەیەوە چەمایەوە و ژێرپیاڵەکەی لەسەر زەوی لە پێش پشیلەکەی دانا...

لە راستیدا ئێوە نابێ وەکوو، دایك و باوك، براو و خوشك و یان تەنانەت دۆستەکانتان بن، مەگەر ئەوە کە ئەو هەر ئەو کەسە بێ کە ئێوە دەتانەوێ ببێ. لەوانەیە ئێوە شێوەی چەناکە یان روومەتەکان یان چاوەکانتان بە میرات ببن، بەڵام چارەنووسی ئێوە ئەو نییە کە وەکوو پیاو یان ژنێك بن کە بەر لە ئێوە هاتووە. چارەنووسی ئێوە ئەوە نییە کە وەکوو ئەوان بژین.



Scanned by CamScanner

"چوونکه چارەنووسی ئێوە تەنیا ئەوەیە کە ببن بەو کەسەی کە خۆتان بڕیار دەدەن، هەبن".

**دوو هەنگاو تا پێکەنین**



Scanned by CamScanner

مێـشکی داخـراو وەك کتێبێکـی داخـراوە راسـت
وەکوو چڵەدارێکی کلۆر.
"نەناسراو"

## تێکشکاندنی پێشگریمانەکان

**(هۆشدار)**

یەکێك لە بەربەستە گرینگەکانی داهێنەری، پێشگریمانەکان، زانیارییەکان، مەعریفە و سەرمەشقەکان و خوو و خدەکانی ئێستایە کە باڵندەی "هزر" لە قەفەزی خۆیاندا بەند دەکەن و دەرفەتی فڕینی پێ نادەن.

ئەم چیرۆکە و چەند چیرۆکی دوایی ئەم راستییە دەردەخەن کە چۆن رێگەچارەخوازەکان توانیویانە پێکهاتەشکێنی بکەن و خۆیان لە دیوارە زەینی و چەندپاتکراوەکان دەرباز بکەن.

پیاوێك کە لە کوێستاندا خانووی هەبوو، هەموو شەمەیەك بەیانی ناچار بوو کە لە نێو رێگایەکی پێچەڵاوپێچ و مەترسیدارەوە تێپەڕێ، بەڵام ئەم پیاوە لەمەترسی، ترسی نەبوو!

چوونکە ئەو ئۆتۆمبێلێکی شیاوی هەبوو و دەیتوانی بە ئاسانی لە نێو ئەو مەترسییانەوە تێپەڕێ، هەروەها ئەو شۆفێرێکی لێزانیش بوو و رێگاکەی وەك بەردەستی خۆی دەناسی.

رۆژێك لەکاتێکدا کە بەرەو لای ماڵی خۆی ئۆتۆمبێلی لێ دەخوڕی، لەناکاو لە یەکێك لە لۆفە مەترسیدارەکانی رێگادا ئۆتۆمبێلێکی دیکەی بینی لە بەخێرایی بەرەو لای ئەو دەهات. خێرایی هەر دوو ئۆتۆمبێلەکە زۆر بوو، بەم هۆیەوە



Scanned by CamScanner

راگرتنی بۆ هەردووکیان، بەتایبەت بۆ ئوتۆمبێلی بەرانبەر دژوار بوو. شۆفیری ئوتۆمبێلی بەرانبەر بەماندوویەتیی زۆر ئوتۆمبێلەکەی کۆنترۆڵ کرد و هاتەوە سەر هێڵی خۆی و لەکاتێکدا بە تەنیشت ئوتۆمبێلی ئەوەدا تێدەپەڕی، سەری لە جامی سەیارەکە دەرهێنا و قیڕاندی: "بەراز!"

پیاوەکە لە سەرەتادا سەرسام بوو، بەڵام سەرسامی، خێرا جێی خۆی دا بە تووڕەیی. چوونکە ئەوە شۆفیری ئوتۆمبێلی بەرانبەر بوو کە لە ئاراستەیەکی هەڵەوە ڕێی دەکرد، نەك ئەو، دیسان جنێویشی دەدا؟ پیاوەکە کە بە تەواوی تووڕە ببوو، وەڵامی شۆفیری بەرانبەری دایەوە و پاشان هەستی بە هێمنی کرد. "من لە هێڵی خۆمدا ڕێم دەکرد!"

لەم بیرانەدا بوو کە کتوپڕ لە نێوەڕاستی ڕێگادا لە بەرەورووی ئاژەڵێك بۆوە: بەرازێك!

پیاوە شۆفیرەکە سەرەتا پێی وابوو کە شۆفیری بەرانبەر مەبەستی سووکایەتی بەو بووە.بەڵام ڕاستی شتێکی دیکە بوو، شۆفیری بەرانبەر سەرەڕای ئەوە کە لە بەردەم مەترسیی مەرگدا بوو، هەوڵی دا کە پیاوەکە لە مەترسیی سەر ڕێگا ئاگادار بکاتەوە.

ئەگەر پیاوەکە لەم قۆناخەدا لەخۆی پرسیبا: "چی رووی داوە؟" و خێرایی خۆی کەمتر کردبا، بێگومان دەیتوانی بەرازەکە لە نێوەڕاستی ڕێگاکەدا ببینێ.

ئێوە چۆن؟ ئاخۆ بەر لە هەر کاردانەوەیەك بیر دەکەنەوە؟ ئاخۆ لە خۆتان دەپرسن "چی رووی داوە؟"

دیاردەکان و بارودۆخەکان لە دۆخ و چوارچێوەگەلی پێناسەبۆکراودا خاوەنی کارکرد و واتاگەلی تایبەتن. بۆ ئافراندن و ڕەخساندنی دەرفەتە نوێکان دەبێ سەرنجی ئەو ڕاستییە بدەین و بە تێکشکاندنی چوارچێوە چەندپاتکراو و باوەکان، بوار بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخەکان لە کەشێکی نوێ و تازەدا برەخسێنین.



Scanned by CamScanner

پێشداوەری (بێ ئاگایی تەواو، دادوەریکردن) منداڵی نەفامی و نەزانییە.
"ویلیام هازلیت"

## سووپی ئەدیسۆن

ئەدیسۆن بۆ دامەزراندنی کەسەکان سەرەتا ئەوانی بۆ خواردنی چێشتی نیوەڕۆ بانگهێشت دەکرد. کاتێك سووپیان دەهێنا، بە وردبینییەوە، ئەو کەسانەی هەڵ دەبژارد کە بەر لە تامکردنی سووپ، خوێیان تێ نەدەکرد.



پاشان لەوان پرسیارگەلێکی دەکرد و تواناییەکانیانی بە روانگەیەکی زۆر جیدییەوە تاوتوێ دەکرد. بەڵام ئەو کەسانەی کە بەر لە تامکردنی سووپ خوێیان تێ دەکرد، بە بۆچوونی ئەدیسۆن شیاوی کار لەگەڵ ئەودا نەبوون، چوونکە ئەو لەوبڕوایەدا بوو کە ئەو کەسانە، لە بەرەورووبوونەوە لەگەڵ دیاردەکانی ژیاندا، بەرچاوەی ئەسپیان لە چاودایە، ئەوان لە بارەی ئەوە کە لواو و ئەوە کە نەلواوە، پێشگریمانەگەل و کۆت و بەندی زۆریان لە مێشکدا هەیە. ئەوان هەمیشە وای دادەنێن کە سووپ پێویستی بە خوێیە، بێ ئەوە کە تامی بکەن.



Scanned by CamScanner


خوو بە ئەوینەوە مەگرن بەڵکوو بە
ئەوینەوە بژین.

## ڕابێن کە ڕانەیەن

شوێنکەوتوویەک لە مامۆستاکەی پرسی:

"چۆن دەتوانم لە ژیانمدا باشترین شێوەی کردەوە بناسم؟"

مامۆستاکە داوای لێکرد کە مێزێك ساز بکات، کاتێك تەواوبوونی مێزەکە بەرەو کۆتایی دەچوو و تەنیا پێویست بوو کە بزمارەکانی سەر مێزەکە داکوتێ، مامۆستاکە هات بۆ لای شوێنکەوتووەکەی.



شوێنکەوتووەکە هەر بزمارێکی بە سێ لێدانی ورد لەجێی خۆیدا دادەکوتا، بەڵام یەکێك لە بزمارەکان بە تەواوی نەچەقی و ناچار بوو جارێکی دیکە لێی بدا. بە چوارەمین لێدان بزمارەکەی بە دارەکەدا چەقاند و دارەکە بریندار بوو.

مامۆستاکە وتی:

"دەستی تۆ بە کوتانی سێ لێدان ئاشنایە، کاتێك کارێك ببیتە عادەت، واتای خۆی لەدەست دەدا و لەوانەیە ببێتە هۆی زیانێك. هەر کردەوەیەك کاری تۆیە و هیچکات مەهێڵە خوویەك بەسەر هەڵسوکەوتتدا زاڵ ببێ".



Scanned by CamScanner

جیاوازی لە بۆچوونەکاندا دەبێتە هۆی پرسیار و
پرسیاریش دەبێتە هۆی هەقیقەت.
"تووماس جێفێرسۆن"

## جۆریکی تر دیتن

ئاخۆ دەتوانن کە شتێکی دیکە بە روونی لەو وێنەیەی خوارەوەدا ببینن؟



ئەگەر ورد ببنەوە دەتوانن ژنێك ببینن کە منداڵێکی لە باوەش گرتووە. لووتی پیاوەکە، قژی ژنەکە نیشان دەدا و چاوی پیاوەکە روخساری ئەو ژنە و گوێی پیاوەکە روخساری منالّکە و چەناکە و شەویلکەی پیاوەکە دەستی ژنەکەیە.



Scanned by CamScanner

یەکێك لە تایبەتمەندییە دیارەکانی کەسانی داهێنەر، ئەوەیە کە توانایی "جۆرێکی تر دیتن" لەواندا زیندوو و چالاکە. مەبەست لە "جۆرێکی تر دیتن" ئەوەیە کە تەنیا خۆمان بە یەك شێواز، یەك واتا و یەك لێکدانەوە لە رووداوەکان نەبەسینەوە و لە خۆمان بپرسین کە جیا لەمە، چ لێکدانەوەیەکی دیکە دەکرێ، بۆ ئەم رووداوە تایبەتە هەبێ. تێکنیکێك هەیە کە پرۆسەی ئەم دواییە لە مرۆڤدا چالاك دەکا.

ئەم تێکنیکە ساکارە، پرسینی پرسیارێك لە خۆت، لە کاتی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پرسەکان و بابەتەکاندایە. ئەم پرسیارە جوولێنەرە لە رێڕەوی پەرەپێدانی روانینی مرۆڤدا، دەتوانێ پرسیاری "ئیتر چی؟" بێ کە ماتۆڕی هزری داهێنەری مرۆڤ هەڵ دەکات و لەم رێگەیەوە مرۆڤ، خۆی ناچار دەکات کە بە شوێن تێگەیشتن و لێکدانەوەگەلی دیکەدا لە بابەتەکان بچێ و خۆی بە لێکدانەوەیەکەوە نەبەسێتەوە. هەچی لە بارەی بابەتێکەوە، .ژمارەی دووپاتکردنەوەی ئەم پرسیارە، زیاتر بێ، دەسکەوتی زیاترە. هەڵبەت ئەم کارە، هۆکارگەلێکی هەیە کە سەرەکیترینیان، خۆبواردن لە پەلە بۆ کۆتایهێنان بە چارەسەری پرسەکەیە. دەبێ بە خۆت، دەرفەتی پێویست بۆ دەستگەیشتن بە رێگەچارەگەلی هەرچی زیاتر بدەی، پشوودرێژ بی و تەواوی هێزی خۆت لەم پێناوەدا وەگەڕ بخەی.



Scanned by CamScanner

به بڕوای من ڕوانگە دژبەیەکەکان کە کەسێك لە بابەتــە هاوشــێوەکاندا دەیانهێنێتــە ئــاراوە. ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە ڕادەی ویست و ئیرادەی ئەو کەسەوە هەیە.

"لیزا ئالتر"

## شوانی ڕاستبێژ ( چیرۆکی شوانی درۆزن بە گێڕانەوەی ئەمر ئەحمەد شاملوو )

کەمتر کەسێك لە ئێمە هەیە کە چیرۆکی شوانی درۆزنی نەخوێندبێتەوە یان نەی بیستبێ. ئەگەر لەبیرتان بێ ئەم چیرۆکە یەکێك لە وانەکانی کتێبی فارسیی ئێمە لە ڕۆژانی دووردا بوو.


چیرۆکی شوانێکی لاو کە هاواری دەکرد: ئای گورگ! گورگ هاتووە و وەرزێرەکان و ئەو کەسانەی کە لەو دەوروبەرەدا بوون، هەر کامیان تەیار بە بێڵ و دار و بەرد و کلۆیەك، بە ڕاکردن بۆ یارمەتیی شوانە لاوەکە دەهاتن و هەر کە دەگەیشتنە شوێنەکە ئاسەوارێکیان لە گورگ نەدەدی، هەر بۆیە دەگەڕانەوە و کاتژمێرێك دواتر دیسان بە هاواری فریام کەون! گورگ هات، دیسان بە هەڵات هەڵات دەهاتن و هەمدیس نیشانەیەکیان لە گورگ نەدەبینی، تا ئەو ڕۆژە کە بەڕاستی گورگەکان هاتن و شوانەکە هەرچی هاواری دەکرد کە، فریام کەون، هیچ کەس نەبوو بە فریاڕەسی و فریای نەکەوت و هتد...

ئەحمەد شاملوو کە یادی زیندووە و زیندوو دەمێنێ، لە پێوەندی لەگەڵ چەمکێکدا ئەم چیرۆکەی لە ڕوانگەیەکی دیکەوە دەهێنایە بەرباس. دەیگوت: لە تەواوی تەمەنماندا پێمان وابوو کە ئەو شوانە لاوە درۆی کردووە، لەکاتێکدا



Scanned by CamScanner

لەوانەیە بەڕاستی درۆی نەکردبێ. تەنانەت ساوێر و خەیاڵی ئەویش نەبووبێ. وابیر بکەنەوە کە چیرۆکەکە بەم شێوەیە بووە کە: گەلە گورگێک کە ڕۆژ و شەو بێ هیچ راوێك، برسی و دەستەوەستان، ئاوارەی چیا و دۆڵ و دەشت بوون و بەڕێکەوت لە سووچی دەشتێکەوە سەر دەردێنن کە لە پشت گردێکی دەشتەکەوە، لاوێك خەریکی لەوەڕاندنی رانە مەڕێك بووە کە بە خۆش گۆشتترینی ئەو مەڕ و بەرخەکانە دەهاتنە ئەژمار کە تا ئێستا دیتبوویان. هەر بۆیە بڕیاری لێبڕاو دەدەن کە هێرش بکەن و خۆیان تێر بکەن. لە گەورە و پیری خۆیان، مۆڵەت وەردەگرن.



گورگی پیر کە جیا لەو لاوە و مەڕەکانی، ئەو ژن و پیاوانەی دیکەشی کە خەریکی کار لەسەر زەویی کشتوکاڵین دیوە، دەڵێ: دەزانم کە ماندوویەتیتان کێشاوە و برسیەتیی زۆر سەبرتانی کەم کردووە. بەڵام ئەگەر بە قسەی من و ئەوە کە دەیڵێم بکەن، بەڵێن دەدەم کە لەباتی چەند مەڕ و بەرخ، تەواوی رانەکە لە دەرفەتی شیاودا و لە ئاسایشی خاتردا نۆشی گیان بکەن و دڵتان تێر بکەن، بەڵام بەو مەرجە کە بەڕاستی ئەوە کە دەیڵێم بکەن.

شوێنکەوتووەکان دەڵێن: ئەوە دەکەین کە تۆ دەیڵێی، ئێستا بڵێ چی بکەین؟

گورگە پیرە بەئەزموونەکە دەڵێ: هەر کامتان لە پشت بەردێك و بنەگیایەکدا خۆتان حەشار بدەن و داشارن. کاتێك کە من ئاماژەم دا، هەر کامتان لە سووچێکەوە باز بدەن و هێرش ببەن بۆ سەر رانەکە، بەڵام نەکا چنگ و دیان لە مەڕ و بەرخێك بدەن. چاو و گوێتان لە من بێ. ئەوساتەی کە ئاماژەم کرد، خێرا



Scanned by CamScanner

بگەڕێنەوە ئەو سووچ و حەشارگە و لەسەرەخۆ چاوەڕێی ئاماژەکانی دواتری من بن.

گورگەکان وەهایان کرد و هەر کامیان لە سووچێك و پشتی بنەگیایەك و بەردێك و دارێکدا خۆیان شاردەوە.

گورگە پیرەکە ئاماژەی دا و گورگەکان هێرشیان کردە سەر رانەمەڕەکان.

شوانە لاوە خافلگیر و ترساوەکە هاواری کرد کە، ئای گورگ! گورگ هات. دەنگی هەڵاتنی پیاوەکان و ئەو کەسانەی کە لەسەر زەوی کاریان دەکرد هەر کە گەیشتە گوێی گورگە پیرەکە بانگی کرد کە هاوڕێکانی پاشەکشە بکەن و خۆیان داشارن.

گورگەکان وەهایان کرد کە پیرەکە وتبووی. پیاوانی وەرزێڕ بە بێڵ و دار بە دەستەوە هەر کە گەیشتن، نیشانەیەکیان لە گورگ نەدی. هەر بۆیە چوون و درێژەیان بە کاری خۆیان دا!

کاتژمێرێك لە رۆیشتنی پیاوەکان تێپەڕیبوو کە دیسان گورگی پیر بڕیاری هێرشی بێ خوێنڕێژی!!! دەر کرد.

گورگە لاوەکان دیسان لە حەشارگە دەرپەڕین و دیسان هاواری فریام کەون! گورگ هات!ی شوانە لاوەکە بۆ ئاسمان بەرز بۆوە. شتێکی ئەوتۆ بە گەیشتنی دووبارەی پیاوە دار بەدەستەکان نەمابوو کە گورگە پیرەکە ئاماژەی خۆشاردنەوەی بە هاوڕێیان دا. پیاوەکان هەر کە گەیشتن دیسان ئاسەوارێکیان لە گورگ نەدی و دووبارە گەڕانەوە.

کاتژمێرێکی دواتر گورگە پیرە بەئەزموونەکە بڕیاری هێرشێکی دووبارەی دا. ئەم جارە هەرچەند دەنگی یارمەتی و فریاخوازیی شوانە لاوەکە سەرەڕای رەنگێك کە بە هۆی پاڕانەوە و دەستەوەستانییەوە هەیبوو و ئاویی دلۆڤانی ئاسمانی



Scanned by CamScanner

خۆرەتاوی ئەو ڕۆژەی دڕ پێدەدا، بەڵام ئیتر لە دەنگی لاقی پیاوە گۆپاڵبەدەستەکان هەواڵێك نەبوو!...

گورگەکە بە گاڵتەجاڕییەوە پێکەنی و یەکەمین بەرخی بەردەستی هەڵدڕی و دای بە زەویدا. شوێنکەوتووەکانی پیریش وەهایان کرد کە دەبوو بیکەن...

لەو ڕۆژانەوە تا ئیمڕۆ نووسەرانی ئەو کتێبانە بێ ئەوە کە بیر لەم تێکنیکە جەنگییەی!!! گورگەکان بکەنەوە، هاوقەڵەم لە لۆمە و سەرکۆنەی ئەو شوانە لاوەدا نووسییان و ئەو بەستەزمانە بێ تاوانەیان بۆ ئێمە مناڵە پاکەکانی ئەو ڕۆژانە بە درۆزن لەقەڵەم دا و ناساند.

کە هەڵبەت ئەمە پێوەندی بەو ڕۆژگار و سەردەمەی پاکبوونی ئێمەوە هەیە. ئیمڕۆ کە بە هۆی بارودۆخی ڕۆژەوە، هەر کاممان بە ناچاری بۆ خۆمان بووینەتە گورگێك! چی؟

ئەگەر هێشتایش وابیردەکەنەوە کە ئەو شوانە درۆزن بووە، یان هەروا تووشی ئەو بێگوناحییەی قەدیمن و یان ئەم چیرۆکەتان بەم شێوەیە نەخوێندبۆوە، ئێستا ئیتر بیانوویەکتان نییە!...

کەسە پێشەنگەکان دەزانن کە هەر ڕاستییەك لەخۆگری چەندین توێژ و لایەنە. ڕوانینی بەرین و هەبوونی ڕوانینی گشتگیر و هەمە لایەنە لە پێداویستییەکانی داهێنەرییە.




Scanned by CamScanner

ئەوەی ئێمە ئەیبینین بەو شتەوە بەستراوەنەوە کە بەدوایەوەین.

"جان لاک"

## روانین لە دەلاقە جوراوجۆرەکانەوە

خاتوونە مامۆستایەکی بیرکاری وانەی بیرکاری فێری کوڕێکی تەمەن حەوت ساڵ دەکرد. ڕۆژێك لێی پرسی: ئەگەر من سێویێك و سێویێك و سێویێك زیاترت پێ بدەم تۆ چەند سێوت دەبێ؟



کوڕەکە پاش چەند چرکە بە دڵنیاییەوە وتی چوار دانە! مامۆستاکە نیگەران بوو، ئەو چاوەڕوانیی وەڵامێکی ڕاست و ئاسانی هەبوو.

ئەو بێهیوا نەبوو. وابیری کردەوە "لەوانەیە منداڵەکە باش گوێی نەگرتبێ" دووپاتی کردەوە: جوان گوێ بگرە، زۆر ئاسانە. تۆ دەتوانی وەڵامی ڕاست بدەیتەوە ئەگەر بە وردییەوە گوێ بگری. ئەگەر من بە تۆ سێویێك و سێوێکی دیکە و یەك سێوی زیاتر بدەم تۆ چەند سێوت دەبێ؟

کوڕەکە کە لە قەڵافەتی مامۆستاکەیدا نائۆمێدی بە باشی دەبینی دیسان دەستی کرد بە ئەژماردن بە قامکەکانی. لەکاتێکدا کە هەوڵی ئەو بۆ دۆزینەوەی



Scanned by CamScanner

وەڵامی راست نەبوو، هەوڵی بۆ دۆزینەوەی وەڵامێك بوو كە مامۆستاكەی خۆشحاڵ بكات. هەر بۆیە بە تێڕامانەوە وەڵامی دایەوە... "۴"، بێهیوایی لە روخساری مامۆستادا مایەوە.

هاتەوە بیری كە كوڕەكە حەزی لە تووت فەرەنگییە. ئەو پێی وابوو كە لەوانەیە كوڕەكە خۆشی لە سێو نەیەت و بەم هۆیەوە ناتوانێ تەركیز بكات. لەم كاتەدا ئەو بە دڵەخورپەی سەرسامكەر و چاوی بریقەدارەوە پرسی: ئەگەر من بە تۆ تووت فەرەنگییەك و یەكێكی دیكە و تووت فەرەنگییەكی زیاتر بدەم تۆ چەن تووت فەرەنگیت دەبێ؟

مامۆستاكە خۆشحاڵ دەهاتە بەرچاو و كوڕەكە بە قامكەكانی دیسان ژماردی و كوڕەكە بە تێڕامانەوە وەڵامی دایەوە "۳"؟ ئێستا خاتوونە مامۆستاكە زردەخەنەیەكی سەركەوتووانەی لەسەر لێو بوو. بۆ نزیكبوونەوە لە سەركەوتنەكەی ویستی پیرۆزبایی لەخۆی بكا بەڵام هێشتا شتێك مابوو، ئەو دیسان لە كوڕەكەی پرسی: ئەگەر من بە تۆ سێوێك و سێوێكی دیكە و سێوێك زیاتر بدەم تۆ چەند سێوت دەبێ؟ كوڕەكە خێرا وەڵامی دایەوە!!! "۴"

خاتوونە مامۆستاكە حەپەسابوو و بەدەنگی گیراو و تووڕەوە پرسی چۆن؟ ئاخر چۆن؟ كوڕەكە بە دەنگی نزم و تێڕامانەوە وەڵامی دایەوە: "چوونكە من پێشتر سێوێكم لە جانتاكەمدا هەبوو."

ئاكام: ئەگەر كەسێك وەڵامێكی چاوەڕواننەكراوی بە ئێمە دایەوە حەتمەن ئەوە هەڵە نییە لەوانەیە هیچكات لە رەهەندێك لەو وەڵامە تێ نەگەیشتبین.

بلیمەتەكان بە پێچەوانەی من و ئێوە، لە دەلاقەگەلێكی جۆراوجۆرەوە بۆ پرسێكی هەرچەند سادە، دەڕوانن. یەكەمین روانینی ئێمە بۆ هەر پرسێك، بەتوندی لەسەر بنەمای روانگەی ئاسایی و رۆژانەمانە. زۆرێك لە مرۆڤەكان لەم قۆناخەدا دەمێننەوە، بەڵام مرۆڤە داهێنەرەكان لە هەبوونی روانگەی رۆژانە بۆ



Scanned by CamScanner

دیاردەکان، هەڵ دێن. ئەوان دوای بینینی ڕووداوێك، هیچکات بۆ تاوتوێکردن، بۆ لای ئەزموونەکانی پێشتریان ناچن، بەڵکوو بە زەینێکی ئازادەوە، خەریکی لێکدانەوەیەکی نوێ لە بارەی ئەو ڕووداوەوە دەبن.



Scanned by CamScanner

ئەوەی بەر لە مردن مرۆڤ دەكوژێ بێهیواییە.
What kills the human earlier than death is hopelessness.

## ئاوات لەسەر دەروازەی بەهەشت

سێ دۆست لە ئوتۆمبیلێكدا دەچوون بۆ سەفەر و بەداخەوە پێكدادانێكی مەرگهێنەر بوو بە هۆی ئەوە كە هەر سێكیان لەجێدا بكوژرێن. ساتێكی دواتر رۆحی هەر سێكیان لە دەروازەی بەهەشتدا بوو و فریشتەی پاسەوانی بەهەشت خەریك بوو ئامادە دەبوو كە ئەوان بۆ بەهەشت رێ بدا.

پرسیارێك ! ! !

- ئێستا كە هەر سێكتان خەریكن دەچنە بەهەشت تەرمەكانتان لەسەر تابووت خەریكی رەوانەبوون بەرەو گۆڕستانە و بنەماڵەكان و دۆستەكانتان خەریكی ماتەم، لە خەمی لەدەستدانی ئێوەدان. پێتان خۆشە كاتێك خەریكن لەتەنیشت تەرمەكانەوە رێ دەكەن لەبارەتانەوە چی بڵێن؟

یەكەمین وتی: پێم خۆشە لەپشت سەرمەوە بڵێن كە من لە ریزی باشترین پزیشكەكانی كاتی خۆمدا بووم و هەروەها پیاوێكی زۆر باش و خۆشەویست بۆ بنەماڵەكەم.

دووهەمین وتی: پێم خۆشە لەپشت سەرمەوە بڵێن كە من لە ریزی باشترین مامۆستاكانی كاتی خۆمدا بووم و توانیومە كاریگەرییەكی زۆر گەورە لەسەر مرۆڤەكانی وەچەی دوای خۆم دابنێم.

سێهەمین وتی: پێم خۆشە بڵێن: بڕوانە خەریكە دەجووڵێ، وادیارە كە زیندووە.



Scanned by CamScanner

تێبینی: کەسەکان دوو دوستەن کەسانێك کە زوو ملکەچ دەبن و کەسانێك کە بە داخوازییەکانی خۆیان دەگەن. داهێنەری پێوەندییەکی لەگەڵ هەبوونی ورەی بێهیوایی و سازاندا نییە. هەوڵی بێپسانەوە، بەفەرمی نەناسینی "نەلواو" و هیوا بە کرانەوە و هەبوونی رێگەچارە لۆژیکی و شیاوەکان بەستێنی لەباری زەینی بۆ ئافراندنی بیرۆکەگەلی دەگمەن و خورپە و نێوئاخن دۆزی (شهود) دابین دەکات.



Scanned by CamScanner

مەعریفە لە کتێبخانەکاندا خەوتووە و باوێشك لێ دەدات، بەڵام ژیری لە هەموو شوێنێکدا هەیە، هۆشیار و وریا.

"جاش بیلینگێز"

## سەلماندنی نەبوونی کورسی (داهێنەری لە کردەوەدا ١)

یەکێك لە مامۆستاکانی رشتەی فەلسەفە، لە یەکێك لە زانکۆکاندا دەچێتە نێو پۆلی خوێندن و بە خوێندکارەکان دەڵێ دەیەوێ تاقیکارییان لێ وەربگرێ. پاشان کورسییەك بەرز دەکاتەوە و دەیخاتە سەر مێزەکەی و دەچێتە بەردەم تەختەڕەش و وەها دەنووسێ:

بیسەلمێنن کە بەهیچ شێوەیەك ئەم کورسییە بوونی نییە!



خوێندکارەکان، دۆشداماو و گێژ و حەپەساو، هەرچی مێشکیان ماندوو دەکەن و هەرچی پێشگریمانەکان و فرمووڵە فەلسەفی و بیرکارییەکان تاوتوێ دەکەن، دیسان ناتوانن لەم تاقیکارییەدا سەرکەوتوو بن. تەنیا "هێربێرت وایت"، بە دوو وشە وەڵامی مامۆستاکە دەداتەوە. ئەو لەسەر وەرەقەکەی دەنووسێ: "کام کورسی؟"



Scanned by CamScanner


راشکاوترین زمان، زمانی کردەوەیە.

"مارلۆ"

## زمانی کردەوە ( داهێنەری لە کردەوەدا ٢ )

لە یەکێک لە قوتابخانە دواناوەندییەکانی تاراندا، لەکاتی بەڕێوەبردنی تاقیکاریی ساڵی پێنجەمی دواناوندیدا وەك بابەتی ئینشا (داڕشتن) ئەم سەردێڕە بۆ بابەتی ئینشا دیاری کرابوو:

"ئازایەتی یانێ چی؟"



قوتابییەك لە پێناسەی ئەم بابەتەدا تەنیا نووسیبووی:

"ئازیەتی یانێ ئەمە" و وەرەقەکەی خۆی سپی بە دەستی تاقیکەرەوە دابوو و ڕۆیشتبوو!

بەڵام وەرەقەی ئەو لاوە دەست بە دەست لە دەستی مامۆستاکاندا گەڕابوو و هەموویان تێکڕا و بێ....جیاوازی بە وەرەقەی سپیی ئەو نمرەی بیستیان دابوو.

پێتان وایە ئەو قوتابییە دەتوانێ کێ بێ؟

دوکتوور عەلی شەریعەتی![1]

---

1. لە ڕاستبوونی ئەم چیرۆکەدا ڕایەکی لێبڕاو نییە. (مەسعوود لەعلی)

## تایبەتمەندییەکانی کەسانی داهێنەر


١ ـ لە کاری تێهزریندا تا ئەو شوێنەی کە دەلوێ لە قاڵب و چوارچێوە هەڵ دین.

٢ ـ لەگەڵ رەوشی ئاراییدا هاورا نین و خوازیاری گۆرانن.

٣ ـ لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشەکاندا پشوودرێژی و خۆڕاگری زیاتریان هەیە و بەدوای چارەسەری کێشەدا دەگەڕێن.

٤ ـ کەسایەتییەکی دینامیك و سەربەخۆخوازیان هەیە.

٥ ـ لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دیاردەکاندا پەیجوورن.



٦ ـ تاکی داهێنەر بۆ دەستگەیشتن بە نەناسراوەکانی خۆی هەوڵی چەندقات دەدات.

٧ ـ هێزی ریسك و قەبووڵکردنی مەترسیی بەرزیان هەیە.

٨ ـ بڕواکانی خۆیان هەرچەند دژی ئەوانی دی بێ دەهێننە بەرباس.

٩ ـ لە دۆڕان بێهیوا نابن.

١٠ ـ بەزۆری نێوئاخنگەران ( لەخۆیاندان).



Scanned by CamScanner

بە هەبوونی ویستی بەهێز مەرجەکانی دیکە گرینگییەکی ئەوتۆیان نییە.

With a strong will conditions do not seem of much importance.

## دیتنی نەدیتراوەکان

ئەم چیرۆکە لەبارەی کوڕێکی منداڵەوەیە کە بە هۆی تووشبوون بە شێرپەنجە لە تەمەنی سێ ساڵیدا بینایی خۆی لە دەست دەدا. ئەم کوڕە ناوی "بێن ئاندروو" بوو.

هەموومان دەزانین کە لەدەستدانی بینایی دەبێتە هۆی تێکچوونی زۆرێک لە ئاواتەکان، ئامانجەکان، چالاکییەکان و .... بەڵام لە بارەی بێنەوە بابەتەکان کەمێک جیاواز بوون. ئەو چەند ساڵ لەمەوبەر توانی لە تێکنۆلۆژیی "ئاکولوکەیشن" کەڵک وەر بگرێ. یان باشتر بڵێین لەم تێکنۆلۆژییە کۆپی هەڵ بگرێتەوە. ئەمە هەر ئەو شێوازەیە کە شەمشەمەکوێرەکان و دۆلفینەکان بۆ ناساندنی ناوچەی دەوروبەری خۆیان کەڵکی لێ وەردەگرن. یان بە واتایەکی دیکە بەم شێوەیە دەبینن. بە زوویی دەرکەوت کە لێزانیی بێن لە ئاستی چاوەڕوانی سەرتر چووە و تا ئەو شوێنە چۆتە پێش کە زاناکان لە پاساودانی زانستیی ئەودا دەستەوەستان مان. ئەو بە دەربڕینی چەند دەنگی سادە بە زاری خۆی و بە لەبەرچاوگرتنی زایەڵەی دەنگەکان دەیتوانی وەك هەر منداڵێکی دیکە کارەکانی ژیانی رۆژانەی خۆی بەڕێوە ببات.



Scanned by CamScanner

بێن ئیسکەیتی دەکرد. لەگەڵ منداڵانی گەڕەکدا یاریی "کیك باڵ"ی دەکرد و تەنانەت جارێك براکەی خۆی لە مارێك کە خەریکی پەلاماردانی بوو، ئاگادار کردەوە و گیانی ئەوی رزگار کرد. بێن تەنانەت دەیتوانی جیاوازیی ئوتۆمبێلێکی نەفەرهەڵگری پارککراو لە قەراخ شەقامدا لەگەڵ ترەیلییەکدا باس بکات و تەواوی ئەمانە تەنیا بە دەنگێك کە لە زاریەوە دەهاتە دەرەوە دەکرا!

بێن توانایيەکی سەرسووڕهێنەری هەبوو چوونکە توانی لاوازییەکی جەستەیی بکات بە سەرچاوەیەك بۆ داهێنەری. پاشان توانایی خۆی بەهێز کرد و ئەوی کرد بە خاڵی بەهێزی خۆی. جیاوازیی بێن لەگەڵ کەسە ئاساییەکاندا ئەوەیە کە ئەو وەستاو و ناچالاك نییە و کاتێك بینایی خۆی لەدەست دا ئامادەی قەبووڵکردنی ژیان لە بارودۆخی نزمتر لە داخوازیی خۆی نەبوو. لەباتی ئەوە راستییەکانی قەبووڵ کرد و لە پێناوی بەهێزکردنی تواناییەکانی خۆیدا هەنگاوی هاوێشت.

لێرەدا نموونەیەکتان لە زاڵبوون بە سەر کارەساتدا خوێندەوە و من داواتان لێدەکەم کە لەوە بە دڵ و گیانی خۆتان تێبگەن. ئەگەر منداڵێکی کەم تەمەن، بێ چاو دەتوانێ هەموو کارێك بکات و هێندێ جار لە کەسە بیناکانیش باشتر کار بکا، ئاخۆ ئێوە ناتوانن لە خەبات و ململانێی ژیاندا سەربکەون؟ ئاخۆ ناتوانن ژیانێکی سەرکەوتوو پێك بێنن کە نەتەنیا خۆتان بەڵکوو کەسانی دیکەش لە تواناییەکانتان سوود وەر بگرن؟

"جەیسۆن ئێم گارسیا"*

* وەرگێڕانی عەلی یەزدی مۆقەددەم

سەرانسەری ژیان تاقیکردنەوەی بیرۆکەکانە بۆ
ئەوە کە بزانین دەگەنە شوێنێک یان نە.
"ری براد پێری"

## چیرۆکی سەرکەوتنێک

کاتێک کە بێتی نێسمیت[1] لە یەکێک لە بانکەکانی دالاسدا کاری دەکرد، لەوەی کە پیشەیەکی بە ناوی تایپ هەیە زۆر خۆشحاڵ بوو، چوونکە مانگانە سێ سەد دۆلار داهاتی هەبوو و ئەم برە پارەیە لەو کاتەدا، واتە لە ساڵی ١٩٥١ ی زایینیدا، داهاتێکی باش و ئابڕوومەند دەهاتە ئەژمار.

بەڵام ئەو لە ئەرکی سکرتێریی خۆیدا تووشی کێشەیەک بوو کە ناوبراوی هەمیشی ئازار دەدا.

کێشەکەی شتێک جیا لە هەڵەچنیی هەڵە تایپییەکانی ئەو نامانەی کە بە ئامێری تایپی کارەبایی خۆی دەی نووسین، نەبوو.

ئەو بە جاران دیتبووی کە هونەرمەندە نیگارکێشەکان لە کاتی کێشانی تابلۆیەکدا، هەڵەکانی خۆیان بە ساوینی رەنگی رۆغەنی بەسەریدا راست دەکەنەوە. بەم هۆیەوە، بە پێڕەویکردن لە تێکنیکەکانی ئەوان شلەیەکی درووست کرد کە بە کەڵکوەرگرتن لێی هەڵەکانی خۆی چاک دەکرد.

---

[1]. Bette Nesmith



Scanned by CamScanner

شتێك لەم داهێنانە تێ نەپەڕیبوو کە تایپیستەکانی دیکەی بانکیش بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی خۆیان لەو شلەیەی کە بێتی ناوی "لاکی هەڵەچنی" نابوو، کەڵکیان وەرگرت.

بێتی بە دیتنی ئەم ڕاستییە ویستی کە سەرپشکی وەبەرهێنانی ئەم شلەیە بە یەکەکانی "بازیابی" (retrieval)[1] و کۆمپانیا گەورەکانی وەك ئای بی ئێم (IBM) بفرۆشێ، بەڵام هەموویان لە کڕینی ئەو سەرپشکە خۆیان بوارد.

تایپیستەکان هەروا لەو بەرهەمەی کە بێتی دای هێنابوو، پێشوازییان دەکرد و کەڵکیان لێوەردەگرت، بەم هۆیەوە چێشتخانەی بێتی نێسمیت وردە وردە بوو بە کارگەی وەبەرهێنانی ئەم شلەیە و دواتر دەستی کرد بە فرۆشتنی.

ئەوەندە لەم ڕووداوە تێ نەپەڕیبوو کە شەپۆلی داواکارییەکان بەرەو چێشتخانەکەی ئەو هات و بێتی بۆ بەڕێوەبردنی لافاوی داخوازیی کڕین بە ناچاری خوێندکارێکی دامەزراند.




وەڵامدانەوە بەو هەمووە داخوازییە بۆ دو کەس کە ئەزموونێکی وەهایان لە بواری فرۆشدا نەبوو، کارێکی ئاسان نەبوو. کاربەدەستانی کڕین و فرۆشتنی ئەم شلەیە بە دیتنی شێوەی بەرهەمهێنان و فرۆشی ئەم شلەیە وەبیری ئەوانیان هێنایەوە کە هەڵەکانی مرۆڤ ناکرێ بە شلەیەك پاك بکرێتەوە، چوونکە بەڵگەکانی بەردەست نیشانیان دەدا کە لە ئووتی ۱۹۵۹ وە تا ۱۹٦۰ داهاتی گشتیی کۆمپانیاکە ۱۱٤۱ دۆلار و تێچووەکانی ۱۲۱۷ دۆلار بووە.

[1]. وەدەستهێنانەوەی ماددەگەل شیاوی کەڵك لێوەرگرتن لەو ماددانەی کە پێشتر بەکارهێنراون ـ وەرگێڕ.



Scanned by CamScanner

بەڵام بێتی بەچۆكدا نەهات، ئەو درێژەی بە پیشە نیوەوەختەكەی خۆی لە بانكدا دا و لە پاشەكەوتی خۆی ٢٠٠ دۆلاری بە كیمیازانێك دا تا فرمولێك بدۆزێتەوە كە ببێتە هۆی زوو وشكبوونەوەی شلە داهێنراوەكەی ئەو.

فرموولە نوێكە كاریگەر بوو و بێتی سەفەری بۆ هەموو شوێنەكانی وڵات دەست پێكرد تا بتوانێ شووشە بچووكەكانی خۆی بفرۆشێ. ئەو دەگەیشتە هەر شارێك، دەفتەری تەلەفوونی ئەو شارەی هەڵ دەگرت و بۆ هەر دایرە و كۆمپانیایەك كە لاوانە بوو ببێە كڕیاری شووشەكانی ئەو، تەلەفوونی دەكرد.

ئەو خۆی سەردانی هەر كام لە فرۆشگاكانی شاری دەكرد و هەوڵی دەدا كە لانیكەم دوو دەرزەن لە شووشەكانی بفرۆشی. پاش ئەم هەوڵانە بوو كە رادەی داواكارییەكان گەیشتە لووتەكە و سەرنجام بوو بە هۆی دامەزراندنی كۆمپانیایەكی گەورە بە ناوی كۆمپانیای وەبەرهێنەری لاكی هەڵەچن.

لە ساڵی ١٩٧٩دا كاتێك بێتی كۆمپانیاكەی خۆی بە نرخی پایەی $3/8$ میلیۆن دۆلار خستە هەڕاجەوە، داهاتی وەبەرهاتوو لە فرۆشی ساڵانەی شووشە بچووكەكان $5/3$ میلیۆن دۆلار بوو.

كۆمپانیای ژیلت[1] هەڕاجەكەی بردەوە كە ئەوی بە نرخی $5/47$ میلیۆن دۆلار كڕی.

---

1. The Gillette Company

نوکتەیەکی خەم ڕەوێن لە زاری یارەوە بڵێ
نامەیەك کە هەڵگری هەواڵی خۆش بێ لە جیهانی
نهێنییەکانەوە بێنە.

"حافز"

## زەرفی نامە ( جێنامە )

دوو سەدە لەمەوبەر نێونجی ئەو نامانەی کە تاکێکی بریتانیایی لە ساڵدا دەینووسی دەگەیشتە سێ دانە.

هەڵبەت ئەم کارە هۆکاری هەبوو، لەو کاتەدا نامەکان بێ زەرف دەنێردران و لەم ڕووەوە هەر کەس بە سانایی دەیتوانی نامەی هەر کەسێکی دیکە بخوێنێتەوە.

بەڵام کەسێك بە ناوی ویلیام مالرێدی[1] بیرۆکەیەکی هەبوو کە بە یارمەتیی ئەو بیرۆکەیە دەیتوانی تایبەتی و نهێنی بوونی نامەکان دەستەبەر بکات.

بیرۆکەی ئەو هەمان کەڵکوەرگرتن لە زەرف بوو. ئەو لە سەفەرێکدا بۆ فەڕەنسا بۆی دەرکەوت کە پەیامی کەسە گرینگەکان لە زەرفێکی کاغەزیدا، بەشێوەیەك کە لە دیتنی کەسانی پەیجوور پارێزراو بێ، بۆ ئەملا و ئەولا دەنێرن.

بیرۆکەی ناردنی نامە لە نێوز زەرفدا، وەها کە لە چاوی هەمووان پارێزراو بێ.

لەوە بەدواوەن ڕادەی ئەو نامانەی کە دایرەی پۆستی بریتانیا ڕادەستی ئەم و ئەوی دەکرد بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر بەرز بۆوە. لە ئیمرۆدا بە میلیارد

---

[1]. William Mulredy



Scanned by CamScanner

زەرفی بچووکی کاغەزیی مالرێدی بە ئاسایشی تەواوە لە سەرانسەری جیهاندا درێژە بە سەفەری خۆیان دەدەن.

بیرۆکەکان وەك کێچ لە سەری کەسێکەوە بۆ سەری کەسێکی دیکە بازدەدەن بەڵام وەك کێچ گاز ناگرن.



Scanned by CamScanner

## دوژمنەکانی داهێنەری

## (وتـار)

حەتمەن بیستووتانە کە هەر بیرۆکەیەکی نوێ و کاریگەر و هەر کارێکی داهێنەرانە سەردەمێك گاڵتەی پێکراوە، بەتوندی ڕەت کراوەتەوە یان مەحکووم بووە، کەوتۆتە بەر سەرنجنەدان بەڵام پاشتر جیا لە قەبووڵکران، کەوتۆتە بەر هاندان و پێداهەڵگوتنیش. لەم ڕێگەیەدا بەربەستگەلێك لەسەر ڕێگای داهێنەری و نوێگەری پێك دێن. لە بیاڤی بەربەستە تاکەکەسییەکاندا، پسپۆڕەکان ئاماژە بە نموونەگەلێك وەك ترس لە دۆڕان، ئاوڕنەدانەوە لە ناڕوونییەکان، خووەکان، نەبوونی متمانەبەخۆبوون و نەبوونی سازگاری و خۆڕێکخستن دەکەن و لەبارەی بەربەستە دەرەکییەکانەوە باس لە یاساکان، پیشە، داب و نەریتەکان، ترس لە نەبوونی پێشوازیی کۆمەڵایەتی و خۆگونجاندن دەکەن. هێندێك لە بەربەستەکان بەزۆری لەلایەن دوژمنەکانی داهێنەرییەوە پێك دێن. لەم دەرفەتەدا بە شێوەیەکی کورت و پوخت ئاماژە بە هێندێ لەو دوژمنانە و ئەو کێشانەی کە لەسەر ڕێگای داهێنەری پێکیان دێنن دەکەین.

- تەنیا ئەم ڕێگایە ڕاستە نەك هیچی تر.
- تەنیا ئەم قسەیە ڕاستە و جیا لەو نە.
- تەنیا ئەوە کە من دەیڵێم، بڕوام پێیەتی و پێی گەیشتوم.
- هەر ئەمەیە و جیا لەمە نییە.
- و......



Scanned by CamScanner

**١ - پاوانخوازەکان، دەمارگرژەکان و کۆنەپەرستەکان و مێشک وشکەکان، مێشکگەلێکی دانەهێنەرن:** لە روانگە و شێوازی ئەواندا شوێنێک بۆ هەبوون و پەیوەند و لەدایکبوون و ئاشکرابوون و گەشەی بیرۆکەکان و رێگە نوێکان، هزرەکان و وتەگەلی نوێ و روانگەگەلی جیاواز و بەرهەمهێنەر بوونی نییە. هەر بیرێکی نوێ لە روانگەی ئەوانەوە مەحکوومە، هەر رێگەچارەیەکی نوی بە هەڵە دەبینن و هەر جۆرە داهێنەرییەک بە هەڵەی تەواو، کارێکی گەمژانە یان بێسوود واتا دەکەن.


لەبنەڕەتەوە لەم روانگەیەدا داهێنەری بە چەکێکی مەترسیدار دەزانرێ چوونکە رێگە و ژێرخانە کۆنەکان لەنێو دەبات یان تێیاندا گۆڕان و وەرچەرخان پێک دێنێ. گۆڕان بۆ ئەم گرووپە مەرگی بەدوادا دێ چوونکە ژیانیان مانەوە و پووکانەوە لە چوارچێوە زۆر پتەو و گۆڕانهەڵنەگرەکانی هەنووکەیە. ئەم روانگەیە خاوەن روانینێکی تەک رەهەندی و بەرتەسکە کە بەرهەمەکەی دواکەوتوویی، نەبوونی گەشە و پێشکەوتن و مەرگ لە رابردوودایە. ئەم گرووپە بەتوندی لە کردنەوەی درگای نوێ و پێکهێنانی رێگای نوێ هەڵ دێن. لە وێکچواندنێکدا دەتوانین مێشکی ئەم کەسانە بە بەرد و گاشەبەردێک بشوبهێنین کە هەر گۆڕانێک وەک بوومەلەرزەیەک وایە کە وێرانی و لەنێوچوونی ئەوی بەدواوە دەبێ. هەروا کە جووڵە، وەرچەرخان، گەشە و لەراستیدا ژیان و زایین لە بەرددا بوونی نییە، لە مێشکە وشک و کۆنەپەرستەکانیشدا تەنیا ملکەچی و دووپاتکردنەوەی دووپاتکراوەکان جێگای قەبووڵە و وەردەگیردرێ.

**٢ - دادوەری کەرەکان گرووپێکی دیکەن کە بە دادوری نابەجێ و بەپەلەی خۆیان دەبنە هۆی سەرهەڵدانی بیرۆکە نوێکان:** بریاردانی بەپەلە و لابردنی نابەوەختی رێگەچارە نوێ و پێکهاتەشکێنەکان، تەنیا بەو هۆیەوە کە لەگەڵ پێوانەکانی پێشتردا هاوئاهەنگ نین دەبێتە بەربەستی جووڵە و بارینی بیرۆکەکان.



Scanned by CamScanner

بڕیاردانی بەپەلە یان نەشیاو لەراستیدا وەك بەربەست و بەنداو یان چەترێك كار دەكا كە لەكاتی بارینی بیرۆكەكاندا دەبێتە بەربەستی گەیشتنی ئەوان یا باشتر بڵێین هاوكات لەگەڵ هاتنەناوەوەیان بۆ مێشك دەریان دەكات. لە ساڵی ١٧٨٨ی زایینیدا، "فریدریك شیلێر"، شاعیر و دراماتیستی ئەڵمانی، لە نامەیەكدا بۆ یەكێك لە هاوڕێكانی كە لە نەبوونی توانایی خۆی لەبەدەستهێنانی بیرۆكەگەلی داهێنەرانەی پێویستدا سكاڵای دەكرد، ئەم بنەمایەی بەبیری ئەو هێنایەوە "بە ڕای من سكاڵای ئێوە، لە چوارچێوەیەكدایە كە بیری ئێوە بەسەر هێزی وێناكردنتاندا دەیسەپێنێ." لێرەدا هەڵێنجانێك دەخەمە بەرچاو ئێوە و بە وێكچوواندنێك شی دەكەمەوە. بەرواڵەت



درووست نییە ـ و لەڕاستیدا پێش لە كاری داهێنەرانەی ئێمە دەگرێ ـ ئەگەر، مێشك ئەو بیرۆكانەی كە دەڕژێنە ناوی، بەناو لە دەروازەدا، تاقی بكاتەوە. بیرۆكەیەك هەر كات بە شێوەی جیا لەبەرچاو بگیرێ لەوانەیە بەتەواوی لە گرینگی بەتاڵ بێ، بەڵام لەوانەیە كە بەهۆی بیرۆكەیەكەوە كە پاش ئەو بەدەست دێ، گرینگی وەر بگرێ. لەوانەیە لە كون و قوژبنی بیرۆكەیەكدا كە خۆیشی بە هەمان ڕادە بێواتا دێتە بەرچاو بتوانرێ پێوەندییەكی زۆر بەكەڵك دابین بكرێ. مێشك ناتوانی لەبارەی تەواوی ئەم بیرۆكەیانەوە دادوەری بكات مەگەر ئەوە كە ئەوان تا كاتی تاوتوێكردن لە پێوەندی لەگەڵ ئایدیاكانی دیكەدا، ڕابگرێ.

بە ڕای من وادێتە بەرچاو كە لەبارەی مێشكێكی داهێنەرەوە، ئێهزرین، دەروازەبانەكانی لە دەروازەكان بانگ كرۆتەوە تا ئایدیاكان بە شێوەیەكی بێسەروبن بێنە ناوەوە و تەنیا دوای ئەوە، بە كۆی ئەواندا بچێتەوە و تاوتوێیان



Scanned by CamScanner

بكات. ئێوە رەخنەگرانی بەنرخ یان هەر شتێك کە ناوتانە، لە ئالۆزییەکی لەناکاو و تێپەڕ کە لە تەواوی کەسانی داهێنەری راستەقینەدا دەبینرێ و درێژی یان کورتی ماوەکەی، هونەرمەندانی بیرمەند لە خەیاڵاتییەکان جیا دەکاتەوە، شەرمەندە و ترساون. ئەوەیە هۆی سکاڵای ئێوە لە بێبەهرەیی، چوونکە زووتر لە کاتی پێویست ئایدیاکان رەت دەکەنەوە و بە توندییەکی زیاتر لە رادەی پێویست، هەڵاواردن دەکەن.

کارناسەکانی تێهزرینیش لەو بڕوایەدان مەترسییەك کە هەڕەشە لە لێهاتوویی داهێنەرانەی تاك دەکات، دادوەری یان هەڵسەنگاندنی ئەزموونی تاك نییە بەڵکوو پێشداوەرییە کە بەهۆیەوە ئەزموونگەلێکی زۆر ناچنە بیاڤی تێگەیشتنەوە. مەترسییەك کە راهێنانە باوەکان چ لە ماڵدا و چ لە ناوەندەکانی فێرکردندا هەیانە ئەوەیە کە بۆچوونە نوێکان و ئەگەری رووداني کردەوەگەلی نوێ زۆر خێرا و لەڕادەبەدەر دەکەونە بەر رەخنەوە.

**٣ ـ ترسنۆکەکان گرووپێکی دیکە لە دوژمنەکانی داهێنەرین:** یەکێك لە پێشنیارە سەرەکییەکان لە رێگەی داهێنەریدا خۆبواردن لە مەترسی یان ترس لە شکستە. دەروونناسەکان لەو بڕوایەدان کە مەترسی قەبووڵنەکردن کاتێك خۆی دەردەخات کە ئێمە لەڕادەبەدەر قانوونگەرا، رەخنەگر، راڕایی و نیگەران بین. بۆ ئەوە کە بیرۆکەیەکی داهێنەرانە بێتە دی، پێویستی بە خۆڕاگرییە، لەوانەیە کاتێك کە دەمانەوێ بیرۆکەیەك لە خەونی سەرەتاییەوە بگەیەنینە بازاڕ، ناچار ببین، شکستی سەرەتایی لە چەندین قوناخدا ببڕین.

ماتسۆن (بەڕێوەبەری ناوەندی لیۆنارد ـ زانکۆی پنسیلوانیا) بۆی دەرکەوت، ئەو خوێندکارانەی کە لەسەرەتای توێژینەوەدا تووشی هەڵەی زیاتر دەبن، سەرنجام سەرکەوتووترین خوێندکارەکان دەبن. ریچارد فارسۆن یەکێك لە دامەزرێنەران و سەرۆکی ئەنیستیتۆی زانستەکانی هەڵسوکەوت لە کالیفۆڕنیا لەو



Scanned by CamScanner

بڕوایەدایە کە بەڕێوەبەرەکان دەزانن کە شکست بەشێکی جیانەکراوە لە داهێنەرییە. تا کاتێك کە تاکەکان شکست بە خاڵی بەرانبەری سەرکەوتن دەزانن و نەك تەواوکەرێك بۆی، هیچ کات ناتوانن ئەو مەترسییانەی کە بۆ داهێنەری پێویستن قەبووڵ بکەن. بۆ ئەوپەڕی شکست بڕوانن. هەڵبەت شکستمان هەیە تا شکست. هێندێ لە دۆڕانەکان بکوژن، وەك وەبەرهێنان و "بازیابی"ی تایەیەکی خراپ. هیچ کات بەڕێوەبەرێك ناتوانێ لە بارەی چەمکە تەندرووستییەکان و تەناهی و ئاسایش خەمسارد بێ. بەڵام هاندانی شکست بە واتای وەلانانی بۆچوونەکان، کۆنترۆڵی چلۆنایەتی یان ڕێزگرتن لە هەنگاوە درووستەکان نییە، بەڵکوو بەتەواوی پێچەوانەی ئەمەیە.

**٤ ـ لاساییکەرەوەکان و شوێنکەوتووەکان گرووپی دواترن:** ئەم گرووپە لە تاکەکان لە ئاسمانی ژیان و هزری کورتدا دەفڕن یان هیچکات نافڕن بەڵکوو دەخزن و لە ژێر زەویدا دەژین و باڵندەی مێشکیان ئەگەر سەر نەبڕیبێ بۆ هەمیشە لە قەفەزی زینداندا ڕاگرتووە. بە هۆگەلی جۆراوجۆر ئەم کەسانە لە بیرکردنەوە و هێنانەئارای بیرۆکەگەلی نوێ و ئەندێشەی داهێنەرانە خۆیان دەبوێرن. ئەم گرووپە پێیان باشترە کە لەو ڕێگانەوە بڕۆن کە لە لایەن کەسانی دیکەوە سازکراون و کەسانی دیکەش بۆ کەڵکوەرگرتن لەم شێوازە هان دەدەن. ئەم گرووپە ئەوەندە لەپشت بەربەست و پرسێکدا دەمێننەوە کە تا کەسێك بێت و ماندوویەتی چارەسەری پرسەکە بگرێتە ئەستۆ و ڕێگە بۆ پەڕینەوەی ئەوان بکاتەوە. ئەم گرووپە بەزۆری لە ڕیزی سەرکەوتووەکان و براوەکاندا نین. لەکاتێکدا کە بەزۆری لەبارەی کەسانی سەرکەوتووەوە پێچەوانەی ئەم بابەتە ڕاستە. یەکێك لە داڕێژەرانی سەرکەوتوو و تیۆریداڕێژەرانی تێهزرین دەڵێ: "لە تەواوی چالاکییە مرۆڤانییەکاندا، لە سازکردنی مووشەکەوە بگرە تا



Scanned by CamScanner

پەروەردەکردنی منداڵ، کەماڵی رەها، ئاستێکی دەست پێنەگەیشتووە و واتای ئەوەیە کە بۆ فڕینی بیری مرۆڤ، بۆشاییەکی ناکۆتا لەبەردەمدایە."

خەڵکانی سەرکەوتوو، ئەم نهێنییە دەزانن و بەم هۆیەوە، هەمیشە بە دوای رێگای باشتردا دەگەڕێن. مرۆڤی سەرکەوتوو ناپرسێ کە ئاخۆ دەتوانم ئەم کارە بکەم؟ چوونکە ئەو دەزانێ کە دەتوانێ، هەر بۆیە وەها لە خۆی دەپرسێ: "چۆن دەتوانم ئەم کارە باشتر بەڕێوە ببەم؟" سەرکەوتنە گەورەکان لە درگای ماڵی ئەو کەسانە دەدەن کە پێوانەگەلێکی بەرزتر بۆ خۆیان و کەسانی دیکە لەبەرچاو دەگرن، کەسانێك کە پەیجووری رێگەگەلێك بۆ بردنەسەری کارامەیی، بەدەستهێنانی لانی زۆری دەرەنجام لە لانیکەمی تێچوو و بەڕێوەبردنی کاری زیاتر بە ماندوویەتیی کەمترن. پێشکەوتنە بەرزەکان، نەسیبی ئەو کەسانە دەبێ کە وەها دەڵێن: "دەتوانم باشتر لەمە کار بکەم". پەرجۆ (معجزە) روودەدات، کاتێك لە خۆت دەپرسی کە "چۆن دەتوانم باشتر کار بکەم"، کلیلی دەسەڵاتی داهێنەر، لێدەدرێ و شێوەکانی باشتر بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان خۆیان دەناسێنن.

"سارا یووسفپوور"



Scanned by CamScanner

ژیــری بریتییـــه لـــه پێــشبینیی ڕووداوەکـــان و لێکەوتەکانی داهاتوو.

"نۆرمان کازینز"

## فرەزانی

تووکای پیر لەتێك نانی دۆزییەوە، ئەوی هەڵ گرت و هەڵ فڕی.

باڵندە لاوەکان ئەمەیان کە بینی، بەرەو لای فڕین تا نانەکەی لێوەرگرن. کاتێك تووکا زانی کە ئێستا هێرش دەکەنە سەری، نانەکەی خستە زاری مارێك و لەگەڵ خۆیدا بیری کردەوە، کاتێك کەسێك پیر دەبێ، ژیان بە شێوەیەکی تر دەبینێ، خواردنەکەم لەدەست دا، بەڵام سبەی دەتوانم لەتە نانێکی دیکە بدۆزمەوە.

بەڵام ئەگەر پێداگریم کردبا کە ئەو رابگرم،٠لە نێوەڕاستی ئاسماندا جەنگێکم هەڵ دەگرساند، سەرکەوتووی ئەم جەنگە دەکەوتە بەر رق و ئەوانی دیکە خۆیان ئامادە دەکرد کە لەگەڵ ئەودا بجەنگن و رق و قین، دڵی باڵندەکانی پڕ دەکرد و ئەم دۆخە دەیتوانی ماوەیەکی دوورودرێژ بەردەوام بێ.

فرەزانیی پیر ئەمەیە: ئاگاداربوون لەوە کە دەبێ سەرکەوتنە خێراکان بکەیتە فیدای سەرکەوتنە هەمیشەییەکان.



Scanned by CamScanner

مێشکی مرۆڤ وەك پەرەشووت وایە تەنیا کاتێك


بەکەڵك دێ کە کراوە بێ.

"جەیمز دوار"

## ئایدیا خورپەبەخشەکان لە کوێوە دێن؟

## (چیرۆکی داهێنانی مەکینەی خەیاتی)

خورپەوەرگرتن فرمووڵی نییە. هیچ کەس ناتوانێ پێشبینی بکات کە بەوردی چ



کاتێك خورپەی بۆ دێ بەڵام بە ئەزموون سەلماوە کە کاتێك مێشکمان هێورترە و پاڵنەرەکانی مێشکمان گەیشتوونەتە لانیکەم، سرووش دێتە ناوەوە. وەها بارودۆخێك بۆ هێندێك لە کاتژمێرەکانی نزیك لە خەودا دابین دەبێ، بۆ هێندێك لە کاتی خۆشۆردندا، بۆ هێندێك لەکاتی پیاسەکردن لە قەراخ دەریادا و بۆ هێندێك تەنانەت لە سەرئاودا. ئینیشتاین بە تەوس و پلارەوە دەیگوت: "من نازانم باشترین ئایدیاکانی من لە ژێر رەشاشی حەمامدا دێنە مێشکمەوە" و ئیستۆن ئیسپیلبێرگ بانگەشەی دەکرد، نوێترین ئایدیاکانی لە کاتی شۆفێریدا دێنە مێشکی. نوولان بووشنل، دامەزرێنەری کۆمپانیای ئاتاریش، بەیانیی رۆژێکی پشوو کاتێك کە خەریکی پیاسەکردن لە قەراخێکی چۆڵدا بوو، ئەوە کە ئێستا بۆتە پرفرۆشترین یارییە ویدیۆییەکان هاتە مێشکیەوە.



Scanned by CamScanner

ئایدیا خورپەبەخشەکان هێندێ جار لە خەوندا دەردەکەون. ڕووداوی ئیلیاس هاو، داهێنەری مەکینەی خەیاتی، یەکێك لەو ڕووداوە بەناوبانگانەیە کە خەون وەك سەرچاوەی خورپەبەخش دەناسێنێ. ئەو چەند ساڵ لەسەر گەڵاڵەکەی کاری کرد بەڵام هەروا لەگەڵ کێشەیەکی بچووکدا بەرەوڕوو بوو. شەوێك لە خەودا بینی کە چەندین کەس لە خەڵکانی خۆجێیی دڕندە گەمارۆیان داوە و بە ڕمەگەلێکی سەیرەوە کە لە نووکیاندا کونێك بوو هێرشیان کردۆتە سەری. ئەو بە دۆزینەوەی ڕێگەچارەی مەبەستی لە خەو هەڵسا. دانانی کون لە نووکی سووزنی مەکینەی خەیاتیدا. ئەو گۆڕانکارییە لاوەکییە کە لە خەوندا سرووشی بۆ هات، بوو بە کلیلی تەواوکردنی داهێنانەکەی ئەو.

ئایدیا خورپەبەخشەکان هەمیشە لە درگایەکەوە نایەنە ناوەوە بەڵام هەمیشە مرۆڤ دەتوانی هەست بەوە بکات کە لە ڕێگەی چلۆنایەتیی ئایدیاکان و هەستێك کە ئەوان لە ناخی مرۆڤدا پێکی دێنن، لەگەڵ سرووشێکدا بەرەوڕووە. خۆشحاڵی، دڵنیایی و هێزی فریودەری "ئەم وەك ئەوی" کە لەم خورپانەدا هەیە، هێماگەلێکن کە ئایدیا خورپەبەخشەکان لەو بیرۆکانەی دیکە کە دێنە مێشکمانەوە، جیا دەکەنەوە.




Scanned by CamScanner

بەرچاوڕوونی هونەری دیتنی شتە نادیارەکانە.

"جاناتان سویفت"

## زنجیری جلوبەرگ چۆن داهێنرا؟

چەندین ساڵ لەمەوبەر پیاوێك هەموو رۆژێك ناچار بوو ماوەیەکی زۆر لە کاتی خۆی بۆ داخستنی قۆپچەکانی جلوبەرگەکەی تەرخان بکات.



داخستنی ئەو هەموو قۆپچەیە لە خوارەوە بۆ سەرەوە کارێکی وەڕەزکەر بوو کە دەبووە هۆی زویربوونی پیاوەکە. ئەو سەرنجام توانی بە بەکارهێنانی هێزی داهێنەریی خۆی زنجیر (زیپ) دابهێنێ. داهێنەری زیپ توانی بە کەڵکوەرگرتن لە هەڵکەوت و زیرەکیی خۆی لە ماندوویەتیی داخستنی ئەو هەمووە قۆپچەیە رزگاری ببێ.



Scanned by CamScanner

کێشە ئەوە نییە کە چۆن بیرە نوێ و تازەکان
بێنینە نێو مێشکەوە، کێشە ئەوەیە کە چۆن بیرە
کۆن و کلۆرەکان لەو تووڕ بەین.

"دی هاك"

## هەڵاتن لە مایە پووچی

خەریك بوو مایەپووچ دەبوو. دووکانی گەز و سەوهان فرۆشتنی لە قەراخ جادەدا بوو؟ لە شەوی جەژندا لافیتەیەکی گەورەی بە درگای دووکانەکەدا هەڵواسی کە لەسەری نووسرابوو گەز و سەوهان بە چوار مانگ خزمەتگوزاریی دوای فرۆش.

کڕیارگەلێکی زۆر بۆ پرسیار لە بارەی خزمەتگوزاریی دوای فرۆشی گەز و سەوهان سەردانی ئەم دووکانەیان کرد و ئەو بە فرۆشی زۆر لە مایەپووچی رزگاری بوو.



Scanned by CamScanner

نـــاڕازیترین کڕیارەکـــانی ئێـــوە، گـــەورەترین سەرچاوەی فێربوونتانن.

"بیل گەیتس"

## سکاڵای کڕیارێك

بەشی پوونتیاکی کۆمپانیای ئۆتۆمبێل سازیی جێنڕاڵ مۆتۆر سکاڵایەکی لە کڕیارێك بەم ناوەڕۆکەوە پێ گەیشت: "ئەمە دووهەمین جارە کە بۆتان دەنووسم و چوونکە جاری پێشوو وەڵامێکتان نەدایەوە، سکاڵایەکم نییە، چوونکە بابەتەکە لە روانگەی منیشەوە گەمژانەیە! بەهەرحاڵ، بابەتەکە ئەوەیە کە بەپێی نەریتێکی کۆن، بنەماڵەی من راهاتووە کە هەموو شەوێك دوای شێو وەك دێسێر بەستەنی بخوات. چەندین ساڵە کە ئێمە دوای شێو دەنگ وەردەگرین و بەپێی زۆرینەی دەنگەکان، جۆری بەستەنی، هەڵ دەبژێرین و دەیکڕین.

ئەمەش دەبێ بڵێم کە من لەم دواییانەدا ئۆتۆمبێلێکی شۆفێرلێتی پوونتیاکم کڕیوە و بە کڕینی ئەم ئۆتۆمبێلە، هاتوچۆم بۆ فرۆشگا بۆ کڕینی بەستەنی تووشی کێشە بووە.

تکایە سەرنج بدەن هەر جار کە بۆ کڕینی بەستەنیی وانیلی دەچمە فرۆشگا و بۆ ئۆتۆمبێلەکە دەگەڕێمەوە ئۆتۆمبێلەکە هەڵ نابێ، بەلام هەر بەستەنییەکی دیکە بکڕم وەها کێشەیەکم نابێ. تکادەکەم تێبگەن کە ئەم بابەتە بۆ من زۆر جیددی و کێشەخولقێنە و من هیچکات مەبەستی گاڵتەم لەگەڵ ئێوەدا نییە.



Scanned by CamScanner

دەمەوێ بپرسم کە چۆنە پوونتیاکی من کاتێك بەستەنی وانیلی دەکڕم هەڵ نابێ، بەڵام بە هەر بەستەنییەکی دیکە بە ئاسانی هەڵ دەبێ؟

بەڕێوەبەری کۆمپانیا بە شك و گومانەوە بۆ نامەی وەرگیراو لەو کڕیارە سەیرە، دەیڕوانی، بەڵام لە ڕووی ئەرك و دەروەستییەوە، ئەندازیارێکی کردە ڕاسپێردراوی تاوتوێکردنی ئەم بابەتە. ئەندازیاری لێزانی کۆمپانیا، شەو دوای شێو لەگەڵ کڕیارەکەدا کاتی چاوپێکەوتنی دانا. ئەو دوو کەسە پێکەوە بەرەو بەستەنی فرۆشی چوون، ئەو شەوە سەرەی بەستەنی وانیلی بوو. پاش کڕینی بەستەنی، هەروا کە لە نامەکەدا ڕوون کرابۆوە، ئوتۆمبێلەکە هەڵ نەبوو! ئەندازیاری لاو و پەیجووری ڕێگەچارە، سێ شەوی پشت سەریەکی دیکەش لەگەڵ کڕیارەکەدا کاتی چاوپێکەوتنی دانا. شەوێك سەرەی بەستەنیی شکۆلاتی بوو، ئوتۆمبێلەکە هەڵ بوو. شەوی دیکە بەستەنیی تووت فەرەنگی و ئوتۆمبێلەکە بە ئاسانی هەڵ بوو. شەوی سێهەم دیسان سەرەی بەستەنیی وانیلی بوو و دیسان ئوتۆمبێلەکە هەڵ نەبوو!

نوێنەری کۆمپانیاکە لەباتی ئەوە کە لەبیری دۆزینەوەی هۆکاری هەستیاربوونی ئوتۆمبێلەکە بە بەستەنیی وانیلی بێ، هەوڵی دا کە لەگەڵ بابەتەکەدا لۆژیکی و بیرمەندانە هەڵسوکەوت بکات. ئەو دیتنەکانی خۆی لە ساتی جێهێشتنی ماڵی کڕیار تا کڕینی بەستەنی و گەڕانەوەی ئوتۆمبێلەکە و ئیستارت لێدان بۆ جۆرەکانی بەستەنی تۆمار کرد. ئەم دیتنانە و تۆمارکردنی ڕووداوەکان و ماوەیان، خاڵێکی سەرنجڕاکێشی بەو نیشان دا: بەستەنیی وانیلی لایەنگر و فرۆشی زۆرە و لە نزیك درگای دوکانەکەدا لە قەفەزدا لەسەر یەك دادەنرێ، بەڵام بەستەنییەکانی دیکە لە نێو دووکانەکەدا و دوورتر لە درگاکە دادەنرێن. هەر بۆیە ماوی دابەزین لە ئوتۆمبێل تا کڕینی بەستەنی و گەڕانەوە و ئیستارت لێدان بۆ بەستەنیی وانیلی لە بەستەنییەکانی دیکە کەمترە.



Scanned by CamScanner

ئەم ماوەیە ئەندازیارەکەی بۆ تاوتوێکردنی زانستیی بابەتەکا ڕێنوێنی کرد و ئەو تێگەیشت کە دیاردەیەك بە ناوی قوفلی هەڵم (Vapor Lock) دەبێتە هۆی ئەم کێشەیە.

ئوتۆمبێلەکە پاش کوژاندنەوە، بە هۆی چڕبوونی هەڵم لە ماتۆڕ و پیستوونەکاندا هەڵ نابێ.

کڕیار بە زمانی خۆی کێشەکە دەردەبڕی بەڵام ئێوە دەبێ بە پسپۆڕیی خۆتان چارەسەری بکەن.



Scanned by CamScanner

گەورەترین دۆزینەوەکان هی ئەو مرۆڤانەیە کە بە روانینێکی جیاوازەوە بۆ هەڵکەوتێکی ئاسایی دەڕوانن.

"ئارا نێروین"

## چیرۆکی بەستەنیی ڤیفی

کاتێك ناوی داهێنەری دێ. لەوانەیە پێمان وابێ، داهێنان شتێکە وەك هەڵدانی کەشتییەکی ئاسمانگەڕ، بەڵام زۆربەی داهێنانەکان، ئافراندنگەلێکی زۆر ساکار بوون.

بەستەنیی ڤیفی یەکێك لە داهێنانە سەرنجڕاکێشەکانە کە چیرۆکێکی جوانی هەیە. لە ساڵی ۱۹۰٤دا بەڕێزێك بە ناوی ئێرنێست هامووی لە پیشانگای سەنت لوویسدا خەریکی فرۆشتنی بەستەنیی نانی بوو، (ئێستا نازانم کە لە نێوان نانەکاندا بەستەنی ئەکبەرمەشتی دادەنا یان بەستەنیی کالە) کاتێك زانی کە دۆستی بەستەنی فرۆشی تەنیشتی کە بەستەنیی لێوانی دەفرۆشت، ئیتر پەرداخی نییە. ئەویش خێرا یەکێك لە نانەکان لوولە دەکات و دەیدات بەو تا بەم شێوەیە بە کەڵکوەرگرتن لە نانەکانی ئێرنێست بتوانێ باقیی بەستەنییەکانی بفرۆشێ. (ئەگەر من بوومایە زۆر خۆشحاڵ دەبووم کە ئەو پەرداخی نییە، تا خۆم بتوانم بەستەنییە نانییەکانم بفرۆشم! پێم وایە هەر بەم هۆیەوەیە کە تا ئێستا داهێنانم نەبووە). بەم شێوەیە بەستەنیی ڤیفی داهێنرا.

"مێهرداد ئاقاجانی"



Scanned by CamScanner


هەر گەمژەیەك دەتوانێ شتەكان گەورەتر، ئاڵۆزتر و توندتر بكات، بۆ ڕێكردن لە ئاراستەی پێچەوانەدا، كەمێك بلیمەتی و ڕادەیەكی زۆر ئازایەتی پێویستە.

"ئالبێرت ئینشتەین"

## قوتووی بەتاڵ

لە كۆمپانیایەكی گەورەی یابانیدا كە بەرهەمهێنانی كەلوپەلی ئارایشی وەئەستۆ بوو، نموونەیەك لێكۆڵینەوەی لەبیرنەچوو رووی دا: سكاڵایەك لەلایەن یەكێك لە كڕیارەكانەوە گەیشتە كۆمپانیا، ئەو دەری بڕیبوو كە لەكاتی كڕینی قوتوویەك سابووندا بۆی دەركەوتبوو كە قوتووەكە بەتاڵە.

خێرا بە پێداگری و بەدواداچوونی بەڕێوەبەرایەتیی پلەبەرزی كۆمپانیاكە ئەم كێشەیە تاوتوێ كراو و بڕیار درا كە هێڵی قوتووبەندی چاك بكرێ و بەشی تێكنیكیی ئەندازیاریش ڕێگەچارەی پێویست بۆ پێشگرتن لە دووپاتبوونەوەی وەها رووداوێك بگرێتە بەر. ئەندازیارەكانیش دەست بەكار بوون و ڕێگەچارەی پێشنیاركراوی خۆیان وەها هێنایە ئاراوە:




چاودێری و پاراستن(مونیتۆرینگ)ی هێڵی قوتووبەندی بە تیشكی ئێكس



Scanned by CamScanner

بەم زووانە سیستەمی ئامادەپێکراو کردرا و بە هەوڵی شەوانە و ڕۆژانەی گرووپی ئەندازیارەکان، دەزگای بەرهەمێنانی تیشکی ئێکس و مانیتۆرگەلێك بە رزولیشێنی بەرز دامەزران و هێڵی ئامادەپێکراو تەیار و پۆشتە کرا. پاشان دوو کەس ئۆپێراتۆریش بۆ چاودێریی هەمیشەیی لەسەر ئەو دەزگایانە دانران تا پێش لە ئەگەری تێپەڕینی قوتووە بەتاڵەکان بگرن.

خاڵی جێگای سەرنج لەوەدا بوو کە دروست هاوکات لەگەڵ ئەم ڕووداوەدا، کێشەیەکی هاوشێوەش لە یەکێك لە کارگا بچووکەکانی بەرهەمهێناندا ڕووی دا بەڵام لەوێدا فەرمانبەرێکی ئاسایی و کە پسپۆڕیی نەبوو ئەوی بە شێوەیەکی زۆر ساکار و کەم خەرج چارەسەر کرد:

دانانی دەزگایەکی پانکە لە ڕێگای هێڵی قوتووبەندیدا بۆ ئەوە کە قوتووە بەتاڵەکە بای ببیات!!!



Scanned by CamScanner

# بەشی ٢

# پێوەندیی داهێنەرانە و کاریگەر

(چیرۆکەکانی تێگەیاندن)



Scanned by CamScanner


Scanned by CamScanner

به بڕوای کرم زۆر سەرسووڕهێنەر و گەمژانەیە کە مرۆڤ کتێبەکانی ناخوات.

"تاگۆر"

## کورتە چیرۆکی گوڵ و گورگ

گورگێکی برسی پەلاماری ڕانەمەڕی دا و مەڕێکی برد. شوان، بەردێکی بۆی هاوێشت و چەند جنێوی چاکی ئاراستەی کرد.



ئەو گوڵانەی کە لە بەر لاقی ئەودا لەسەر زەوی ڕوابوون، زۆریان پێ سەیر بوو و بە یەکتریان وت:

"بۆ بە گورگ جنێو دەدات کە هیچ زیانێك بە ئێمە ناگەیەنێ بەڵام بە مەڕە خراپەکان کە ئێمە پێشێل دەکەن و دەمانخۆن هیچ ناڵێ؟"

"نووسەر: ڕۆدۆلف کرستێن"

ڕوونکردنەوە:

یەکێك لە گرینگترین لایەنەکانی ژیان ڕایەڵەیەکی فرچەشنی پێوەندییە کە هەر مرۆڤێك لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بە هۆکەلێکی جۆراوجۆر پێکی دێنێ. چیرۆکی پێوەندیی مرۆڤانی چیرۆکی پێوەندیی دوو "من"ە بە هۆگرییەکان، پێشگریمانەکان، تێڕوانینەکان و ئامانجگەلی جیاواز و هێندێ جار دژبەیەك کە بۆ



Scanned by CamScanner

بەڕێوەبردنی هەڵسوکەوتی نێوان تاکەکان لێك نزیك دەبنەوە و پێوەندییەك دادەمەزرێنن.

ئاگابوون لەم راستییە و گرتنەبەری رێوشوێنی کاریگەر بۆ باشکردنی پێوەندیی خۆت لەگەڵ ئەوانی دیکەدا ـ منەکانی دیکە ـ بەشێکی گرینگ لە هەمەکیەتی "وشیاریی کۆمەڵایەتی"ی تاکەکان پێك دێنێ.

لەم بەشەدا لە چوارچێوەی "چیرۆکەکانی تێگەیاندندا" نموونەگەلێکم لە بیرتیژی و ژیریی کەسەکان لە گەیاندنی واتاکان و روانگەکانی خۆیاندا و تێگەیشتن لە جیاوازییە تاکەکسییەکان هێناوە. ئەو دۆستانەی کە دەیانەوێ بە شێوەی جیددی و گشتگیر تێکنیکە پراگماتیکەکان لەبواری پێوەندییە مرۆڤانییەکاندا بخوێننەوە دەتوانن بۆ باسی دەروونناسیی کۆمەڵایەتی ـ پێوەندییەکانی نێوان تاکەکان ـ بگەڕێنەوە. چەند کتێبێکی باشم لەم بوارەدا لە بەشی سەرچاوەکان و خوێندنەوە پێشنیارییەکاندا ـ کۆتایی کتێب ـ ناساندووە کە کەسانی تامەزرۆ دەتوانن ئەو کتێبانە بەرهەڤ بکەن و بیانخوێننەوە.



Scanned by CamScanner

چـلۆنایەتیی بیرکردنـەوەی ئێمـە چـلۆنایەتیی داهاتوومان بینا دەکات.

"ئیدوارد دووبوونۆ"

## تێگەیاندنی گرینگی شوێنی چاودێریکردنی ئەستێرەکان ( رصدخانە )

کاتێك خاجە نەسیرەدینی تووسی[1] گەیشتە شاری مێژوویی مەراغـە، بڕیـاری دا شوێنێك بۆ چاودێریکردنی ئەستێرەکان ساز بکـا.



بە هۆلاکوو خانی وت دەمەوێ وەها کارێك بکەم و پێویستم بە یارمەتیی تۆیە.

هۆلاکـوو لـە خاجـەی پرسـی ئـەم کـارە چ سوودێکی هەیە؟

خاجــە وەڵامــی دایــەوە: ســوۆدی شــوێنی چـاودێریکردنی ئەسـتێرەکان ئەوەیـە کـە مرۆڤـ دەزانێ کە لە گەردووندا چی روو دودا.

هۆلاکــوو وتــی: ئاگـابوون لــە رووداوەکـانی ئاسمان چ سوودێکی هەیە؟

خاجە وتی: ئەوە کە من دەیڵێم بەڕێوە ببەن تا دەربکەوێ کە چی دەڵێم. بڕیار بدەن کە کەسێ: بچێتە سەر ئەم ماڵە (هەڵبەت کەسێك جیـا لـە من و تـۆ نـەزانێ چی دەیەوێ روو بدا). ئەوسا تەشتێکی مسیی گـەورە لـە سـەر بانەکـەوە بـۆ نێـو

---

[1]. فەیلەسووف و وتاربێژ و زانا و ریازیزان و ئەستێرەناسی ئێرانی ـ وەرگێڕ.

ماڵەکە بهاوێ. هۆلاکوو قەبووڵی کرد. بە فەرمانی ئەو یەکێك لە خزمەتکارەکان چووە سەر بان و تەشتێکی مسیی گەورەی خستە خوارەوە. تەواوی ئەو خەڵکانەی کە لەو دەوروبەرەدا بوون زۆر ترسان و تەنانەت هێندێك لە هۆش خۆیان چوون بەڵام خاجە و هۆلاکوو چوونکە لە کەوتنی تەشتەکە ئاگادار بوون نەترسان و گۆڕانێك لە دۆخیاندا رووی نەدا.

لەم کاتەدا خاجە وتی: قازانجی شوێنی چاودێریکردنی ئەستێرەکان ئەمەیە کە کەسانێك لەم رێگەیەوە لە رووداوەکان پێش ئەوە کە روو بدەن ئاگادار دەبنەوە و باقیی خەڵك ئاگادار دەکەنەوە. هەر بۆیە هیچ کەس تووشی پەلە و ترس نابێ. هۆلاکوو خان بۆچوونی خاجە نەسیرەدینی تووسی قەبووڵ کرد و خێرا بڕیاری دا کە کەرەستەی پێویست بۆ سازکردنی شوێنی چاودێریکردنی ئەستێرکان دابین بکەن و لە تەنیشت مەراغەدا لە داوێنی چیایەك کە ئیمرۆ بە "رەسەدی داغی" ناسراوە شوێنێك بۆ چاودێریکردنی ئەستێرەکان ساز بکەن.




Scanned by CamScanner

## وشیاریی کۆمەڵایەتی چییە؟

ئیدوارد تورندایک، دەروونناسی زانکۆی کۆلۆمبیا و یەکەمین کەسێک کە چەمکی وشیاریی کۆمەڵایەتی هێنایە بەرباس، لە وتارێکدا کە ساڵی ١٩٢٠ لە گۆڤاری مانگانەی هارپێردا چاپی کرد، وەها نووسی:

"وشیاریی کۆمەڵایەتی بە شێوەی بەردەوام لە باخچەکانی ساوایان، زەویی یاری، سەربازخانەکان، کۆمپانیاکان و هۆڵەکانی هەراجدا خۆی دەنوێنێ، بەڵام لە بارودۆخی فەرمی و ئیستانداردی تاقیگادا ناتوانین بیدۆزینەوە."



ئەو ئاماژەی بەوە کرد کە وشیاریی کۆمەڵایەتی لە زۆرێک لە گۆڕەپانەکاندا، بەتایبەت رێبەری، گرینگی ژیاری هەیە. لەوانەیە باشترین میکانیکی کۆمپانیایەک، بە هۆی نەبوونی وشیاریی کۆمەڵایەتی، نەتوانێ سەرکرێکارێکی باش بێ.

ناوەرۆکی وشیاریی کۆمەڵایەتی لە روانگەی منەوە لە دوو چەمکی بەربڵاودا رێک دەخرێ:

١ ـ ئاگایی کۆمەڵایەتی

٢ ـ پسپۆڕی کۆمەڵایەتی

### ئاگایی کۆمەڵایەتی

ئاگایی کۆمەڵایەتی، شەبەنگێکی بەرینە کە لە یەکەمین هەستی ئێمەوە لە بارەی دۆخی دەروونیی کەسی بەرانبەر، تا تێگەیشتن لە هەستەکان و بیرۆکەکانی



Scanned by CamScanner

ئەو لە هەڵکەوتە ئاڵۆزە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەردەوام دەبێ. ئەم پانتاییە بریتییە لەم خاڵانەی خوارەوە:

- هاودڵیی سەرەتایی، هەستپێکردنی شتێك لەگەڵ کەسانی دیکەدا، هەستپێکردنی هێما سۆزدارییە نائاخەوتەییەکان.

- هاوئاهەنگسازی، گوێگرتن بە قەبوولکدنی تەواوەوە، هاوئاهەنگ لەگەڵ کەسی بەرانبەردا.

- تێگەیشتنی هاودڵانە، تێگەیشتن لە بیروڕاکان، هەستەکان و مەبەستەکانی ئەوە دی.

- ناسینی کۆمەڵایەتی، ئاگایی لە بارەی شێوازی کار و چۆنیەتی چالاکی لە کۆمەڵگادا.

پسپۆڕییە کۆمەڵایەتییەکان

تێگەیشتن لە هەستەکانی ئەوانی دی یان ناسینی بیروڕاکان و مەبەستەکانی ئەوان.

پسپۆڕییە کۆمەڵایەتییەکان بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە:

- ئاوئاهەنگی و خۆگونجاندن، هەڵسوکەوتکەلی دوولایەنەی شیاو و پاراو لە ئاستی نائاخاوتەییدا.

- خۆ دەربڕین، ناساندنی خۆت بە شێوەی کاریگەر.

- شوێندانان، فۆرمدان بە ئاکامی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

- دەربڕینی سەرنج، گرینگیدان بە پێداویستییەکانی ئەوانی دیکە و کارکردن بەپێی پێداویستیەکان.

"گۆلمەن، دانییەل. وشیاریی کۆمەڵایەتی. دەزگای چاپ و پەخشی "رخ مهتاب" ١٣٨٩"



Scanned by CamScanner

کجاست هم نفسی تا به شرح، عرضه دهم

له کوێیه هاودڵێك که ڕوونکردنەوەی پێ بدەم.

"حافظ"

## تێگەیشتنی دوولایەنە

هێنری دۆستی گیانی بەگیانیی ئۆسکار لەسەر ڕێگایان بۆ وانکۆڤێر، دوای پێشنیارکردنی خواردنی بەیانی لە ڕێستووراندا بە ئۆسکاری وت:

"ساتێك چاوەڕێ بکە، دەچم ڕۆژنامەیەك بکڕم".

پێنج خولەك دواتر، هێنری بە دەستی بەتاڵ گەڕایەوە، لە کاتێکدا کە بۆڵەبۆڵی دەکرد، بە زوێرییەوە خۆی دا بەسەر کورسیدا.




ئۆسکار وتی:

"چی بوو؟"

هێنری وتی:

"ڕۆژنامەفرۆشەکە بە بیانووی نەبوونی پارەی ورد ڕۆژنامەکەی لە دەستم وەرگرت و نەی فرۆشت!"

هێنری لە تەواوی ماوەی خواردنی بەیانیدا، لە خاوەنی ڕۆژنامەفرۆشییەکە سکاڵای دەکرد و دەیبۆڵاند کە ئەو پیاوێکی بێئەدەبە.

ئۆسکار لە کاتێکدا کە دڵخۆشیی دۆستەکەی دەدایەوە، دوای خواردنی بەیانی بە هێنری وت: "کە ساتێك چاوەڕێ بێ" و دواتر خۆی چوو بۆ هەمان ڕۆژنامە فرۆشی.



Scanned by CamScanner

کاتێك گەیشتە ئەوێ بە پێکەنینەوە بە خاوەنی رۆژنامە فرۆشییەکەی وت:

"بەڕێز ببوورن، ئەگەر دەکرێ یارمەتییەکم بدەن؟ من خەڵکی ئێرە نیم، دەمەوێ نیۆیۆرك تایمز بکڕم، بەڵام پارەی وردم پێ نییە، دە دۆلارییەکم هەیە، داوای لێبوردن دەکەم، دەبینم کە سەرتان قاڵە و کاتیشتان دەگرم".

خاوەنی رۆژنامە فرۆشییەکە لە کاتێکدا کە درێژەی بە کارەکەی دەدا، رۆژنامەیەکی بە هێنری {ئۆسکار} دا و وتی:

"هانێ شایانی نییە هەر کات پارەی وردت بوو، پارەکەیم پێ بدە".

کاتێك هێنری {ئۆسکار} بە رۆژنامەوە گەڕایەوە، ئۆسکار {هێنری} لە کاتێکدا کە بە هۆی سەرسووڕمانەوە خەریك بوو شاخی لێ بڕوێ پرسی:

"مەگەر کەسێکی دیکە لەباتی رۆژنامە فرۆشەکە لەوێ بوو؟"

هێنری {ئۆسکار} پێکەنی و بە دۆستەکەی وت:

"هاوڕێی خۆشەویستم، ئەگەر بەر لە هەر شتێك لە کەسانی دیکە بگەی، بە ئاسانی دەبینی کە ئەوانیش لە تۆ دەگەن، بەڵام ئەگەر هەمیشە چاوەڕێ بی کە ئەوانی دیکە لێت بگەن، پێت وایە کەسانی دیکە لۆژیکیان نییە".

"بە تێگەیشتن لە بارودۆخی خەڵك، ئەوانیش داواکاریی ئێوە بە ئاسانی دابین دەکەن".



Scanned by CamScanner

له زانایەکیان پرسی: شتێکت سەرتر لە ئاڵتوون دیوە؟ وتی: بەڵێ! قەناعەت.

## چیرۆکی فیرووزی وەزیر

دەڵێن رۆژێك پاشایەك ئەم پرسیارەی بۆ هاتەپێش کە دەیویست بزانێ گڵاوترین شتەکان لەم دنیا خاکییەدا چییە؟ بۆ ئەم کارە، یەکێك لە وەزیرەکانی بەناوی فیرووز راسپارد کە بچێ و ئەم گڵاوترینی گڵاوترینەکانە بدۆزێتەوە و ئەگەر بیدۆزێتەوە یان کەسێك بزانێ، تەواوی تەخت و تاجی خۆی پێ دەدات. وەزیرەکەش رەوانەی سەفەر دەبێ و پاش ساڵێك گەڕان و پرسیارکردن لە کەسانی جۆراوجۆر بەو ئاکامە گەیشت کە بەلەبەرچاوگرتنی وتەکان و قسەکانی خەڵك دەبێ هەر ئەم پیسایی ئادەمیزادە بەرزترە بێ. بۆ نیشتمانی خۆی بەڕێ دەکەوێ و لە نزیك شاردا شوانێك دەبینێ و بە خۆی دەڵێ با لەویش بپرسم لەوانەیە وەڵامێکی نوێی پێ بێ. پاش قسەکردن لەگەڵ شوانەکەدا، ئەو بە وەزیر دەڵێ کە من وەڵامەکە دەزانم، بەڵام مەرجێکی هەیە و وەزیرەکە نەبیستراو مەرجەکە قەبووڵ دەکا. شوانەکەش دەڵی تۆ دەبێ پیسایی سەگ بخۆی.

فیرووز وەها تووڕە دەبێ کە دەیەوێ شوانەکە بکوژێ، بەڵام شوانەکە پێی دەڵێ تۆ دەتوانی من بکوژی بەڵام دڵنیا بە ئەو وەڵامەی کە دۆزیتەتەوە هەڵەیە تۆ ئەم کارە بکە ئەگەر وەڵامێکی رازیکەرت نەبیست بم کوژە. بە کورتی وەزیر بۆ گەیشتن بە تاج و تەختیش کە بووە رازی دەبێ و ئەو کارە دەکات، دواتر شوانەکە بەو دەڵێ:


پیسترین و گڵاوترین شت چاوچنۆکییە کە تۆ بۆ ئەو ئامادە بووی ئەوەی کە پێت وابوو گڵاوترینە بخۆی!!!



Scanned by CamScanner

## داهێنانی دکتۆر موسەدیق

دەڵێن کاتێك بڕیار بوو کە دادگای لاهە بۆ پێڕاگەیشتن بە سکاڵای دەوڵەتی بریتانیا لە پرسی نەتەوەییکردنی پیشەسازیی نەوتدا پێك بێ، دکتۆر موسەدیق لەگەڵ شاندی هاوڕێی زووتر لە کاتی دیاریکراو گەیشتە شوێنەکە. لە کاتێکدا کە پێشتر شوێنی دانیشتنی تەواوی بەشداربووان دیاری کرابوو، دکتۆر موسەدیق ڕۆیشت و بە نوێنەرایەتیی شاندی ئێرانی لەسەر کورسیی نوێنەری بریتانیا دانیشت.



بەر لە دەستپێکردنی کۆبوونەوەکە، یەك دوو جار بە دکتۆر موسەدیقیان وت کە ئێرە بۆ نوێنەری شاندی بریتانیایی لەبەرچاو گیراوە و شوێنی ئێوە ئێرە نییە، بەڵام ئەو پیرەپیاوە (دکتۆر موسەدیق) گوێی نەدا و لەسەر هەمان کورسی دانیشت.

کۆبوونەوەکە خەریك بوو دەستی پێدەکرد و نوێنەری شاندی بریتانیا لەبەردەم دکتۆر موسەدیقدا چاوەڕێ ڕاوەستابوو تا شایەت هەڵ سێ و لەسەر کورسیی خۆی دانیشێ، بەڵام پیرەپیاوەکە تەنانەت بۆیشی نەڕوانی.

کۆبوونەوەکە دەستی پێکرد و دادوەری پێڕاگەیشتن بە پەروەندەکە رووی لە موسەدیق کرد و وتی کە ئێوە لە جێی نوێنەری بریتانیا دانیشتوون، شوێنی ئێوە لەوێیە.



Scanned by CamScanner

. وردەوردە دۆخەکە خەریك بوو ئاڵۆز دەبوو و تەشەنەی دەکرد کە موسەدیق سەرنجام هاتە دەنگو وتی:

ئێوە پێتان وایە کە نازانین کورسیی ئێمە لە کوێیە و کورسیی شاندی بریتانیا لە کوێیە؟

نە سەرۆکی بەڕێز، باش دەزانین شوێنمان لە کوێیە.

بەڵام هۆی ئەوە کە بۆ چەند خولەکێك لەسەر کورسیی ئەم دۆستانە دانیشتم بۆ ئەوە بوو کە ئەم دۆستانە بزانن لەسەر جێی کەسانی دیکە دانیشتن واتای چییە؟

ناوبراو لە درێژەدا وتی چەندین و چەند ساڵە دەوڵەتی بریتانیا لە نیشتمانی ئێمەدا چادری لێداوە و وردەوردە لە بیریان چۆتەوە کە شوێنیان ئەوێ نییە و ئێران وڵاتی باب و باپیرانی ئێمەیە نەك سەرزەویی ئەوان...

بێدەنگییەکی قووڵ باڵی بەسەر دادگاکەدا کێشابوو، دکتۆر موسەدیق دوای تەواوبوونی وتەکانی کەمێك بێدەنگ بوو و بە ئارامی هەڵسا و لەسەر کورسییەکەی خۆی دانیشت.

بە هۆی ئەم دەسپێشخەری و کردەوە سەرسوورهێنەرەوە بوو کە تا کۆتایی کۆبوونەوەکە، کەشی کۆبوونەوەکە کەوتبووە ژێر کاریگەریی راستەوخۆی ئەم هەڵسوکەوتەی پیرە پیاوەکە و لە کۆتاییشدا بریتانیا مەحکووم بوو.



Scanned by CamScanner

خوایە من لە خراپەی دۆستەکانم بپارێزە، خۆم دەرەقەتی دوژمنەکانم دێم.

"مارشاڵ دوویلار"

## چیرۆکی دۆستەکان

لە ئاوایییەکی دوورەدەستدا دوو دۆست دەژیان. یەکێکیان جانسۆن و ئەوی دیکەیان پیتر بوو. ئەم دوو کەسە لە منالییەوە پێکەوە گەورە ببوون.

ئەم دوو دۆستە ئەوەندە پێکەوە پێوەندییان باش بوو کە نیوەی خەڵکی ئاواییەکە پێیان وابوو کە ئەم دووانە بران، هەرچەند هیچ لێکچوونێکیان لەگەڵ یەکدا نەبوو. بەڵام ئەو وتەیەی دانیشتووانی ئاوایی نیشانەی لووتکەی خۆشەویستییەك بوو کە لەنێوان ئەم دوو کەسەدا هەبوو.

پیتر و جانسۆن هەمیشە نهێنیی دڵی خۆیان بە یەکتر دەگوت و بۆ کێشەکانیان پێکەوە بیریان دەکردەوە و سەرنجام رێگەچارەیەکیان بۆ کێشەکە دەدۆزییەوە.

بەڵام زۆربەی کاتەکان جانسۆن ئەو بابەتانەی بێ ئەوە کە پیتر بزانێ لەگەڵ دۆستەکانی دیکەیدا باس دەکرد.

کاتێك پیتر بەم کارەی جانسۆنی زانی زوێر بوو بەڵام نەیدەخستە خۆی. چوونکە ئەوەندە جانسۆنی خۆش دەویست ئامادە نەبوو کە تەنانەت بۆ خولەکێك شایەتی تاڵبوونی ئەم پێوەندییە بێ. بەم هۆیەوە رێزی جانسۆنی رادەگرت و دیسان وەك رابردوو قسەی دڵی خۆی لەگەڵیدا دەکرد.

چەندین ساڵ تێپەڕی و پیتر هاوسەرگیری کرد و چووە سەر ماڵ و حاڵی نوێی خۆی، بەڵام پێوەندییەکە هەروا بەردەوام بوو و رۆژ بە رۆژ قووڵتر دەبۆوە.




Scanned by CamScanner

ڕۆژێك پیتر ویستی بۆ کارێکی زۆر گرینگ لەگەڵ بنەماڵەکەیدا بچێت بۆ شار، هەر بۆیە هات و بە جانسۆنی وت من دەمەوێ بچم بەرو شار، ئەگەر دەکرێ ئەم کیسە پارەیە لە ماڵی خۆتدا رابگرە تا من لە شار بگەڕێمەوە.

جانسۆنیش پارەکەی وەرگرت و هاوڕێکەی تا دەروازەی چوونەدەرەوە بەڕێ کرد.

کاتێك خەریك بوو بۆ ماڵ دەگەڕایەوە لەسەر ڕێگادا چوو بۆ دیتنی دۆستەکانی خۆی و لەگەڵ دۆستەکانیدا دەستی کرد بە رابواردن. هەوا خەریك بوو وردەوردە تاریك دەبوو و جانسۆن دەیویست لە دۆستەکانی خواحافیزی بکات. بەڵام دۆستەکانی وتیان هێشتا زووە بۆ وەك شەوانی دیکە ناڕۆی؟ ئەویش وتی کە پارەکانی پیتر لە ماڵدایە و دەبێ خێرا بچێتەوە بۆ ماڵ و پارەکان بپارێزێ.



سەرنجام خواحافیزی کرد و ڕۆیشت. کاتێك گەیشتە ماڵەوە خێرا شێوی خوارد و چوو بۆ دیوەکەی. پارەکانیشی خستە نێو سندووق و لەوپەڕی ئاسوودەییدا خەوت. بێ ئاگا لە ڕووداوێك کە چاوەڕێی دەکرد...

بەڵێ درووست پێشبینیتان کرد. چەند کەس لە شەودا ڕژانە نێو ماڵەکە و پارەکەیان برد!

جانسۆن بەیانی کە لە خەو هەڵسا بەم بابەتەی زانی و لە داخا خەریك بوو جەڵدە لێی بدات! تەواوی ژیانیشی بفرۆشتبا نەیدەتوانی قەرەبووی پارە دزراوەکان بکاتەوە. لە داخا لێوی لە خواردنیش نەدا.

بەرەبەری خۆرئاوا بوو کە بیستی دەنگی درگا دێ.

درگاکەی کە کردەوە بینی کە پیتر هاتووە تا پارەکان لەگەڵ خۆیدا ببات.

کاتێك جانسۆن ڕووداوەکەی بۆ گێڕایەوە پیتێر لەباتی ئەوە کە زوێر بێ و لە هاوڕێکەی تووڕە ببێ، دەستی کرد بە پێکەنین و وتی:دەمزانی دەمزانی کە دیسان وەك پێشتر ناتوانی پێشی زمانت بگری. بەڵام بە هیچ شێوەیەك مەترسە. چوونکە من بیرم لەوە کردبۆوە کە ئەم ڕووداوە دێتە پێش. هەر بۆیە چەند سکەم لە ئاسن درووست کرد و کردمە توورەکەوە و سکە ئەسڵییەکانم لە ماڵی خۆمدا ڕاگرت و چوونکە دەمزانی لەوانەیە کەسێك بەم بابەتە بزانێ و تۆ بە هەموان دەڵێی کە پارەکان لە لای تۆ بووە، ماڵی من ئەزرخەیانتر لە هی تۆ بوو.

ئێستایش بە هیچ شێوەیەك نیگەران و ناڕەحەت مەبە لەوانەیە لە من و ئەم کارەم زوێر ببی، بەڵام ئەمە دەبێتە وانەیەك بۆت کە هەمیشە ئەو بابەتانەی کە کەسانی دیکە لەگەڵتدا باسی دەکەن لە دڵتا بیپارێزی و نهێنیی دڵت بۆ کەسە نەناسراوەکان باس نەکەی.

چەندین ساڵ تێپەڕی و جانسۆن لەو ڕووداوە وانەیەکی زۆر گەورە فێر بوو، ئەوە کە نهێنیی کەسانی دیکە وەك نهێنیی دڵی خۆی وایە و دەبێ بۆ پاراستنی ئەو نهێنییە هەوڵ بدات. هەروا کە خۆی لە ئاشکرابوونی نهێنیی دڵی زوێر دەبێ ئەوانی دیکەش لەوانەیە بکەونە ژێر کاریگەریی ئەم بابەتە و تەنانەت لەوانەشە ببێتە هۆی نەمانی متمانە و تێکچوونی پێوەندیی دۆستایەتی.



Scanned by CamScanner

خۆشحاڵم کە بەڕێز کارلایل و خاتوو مارلایل دیسان پێکەوە ئاشت بوونەوە.
ئەگەر لێک جیا بوونایەتەوە هاوسەرگیریی دووبارەیان دوو کەسی دیکەشی بەدبەخت دەکرد.*

## چووە نێو چێشتخانەکە...

ژنێك خەریکی دروستکردنی هێلکەوڕۆن بۆ خواردنی بەیانی بوو. کتوپڕ شووەکەی هاتە نێو چێشتخانەکە و قیڕاندی:

وریا بە، وریا بە، کەمیك کەرەی زیاتری تێ بکە...

ئای خوایە، زۆرت درووست کردووە... ئیستا هەڵی گێڕەوە... زووکە.

دەبێ کەرەی زاتری تێ بکەی... ئای خوایی لە کوێ ئەبێ کەرەی زیاتر بێنم؟؟ خەریکە دەسووتێن.

ئاگادار بە. وتم ئاگادار بە!

هیچ کات لە کاتی لێنانی خواردندا گوێ بە وتەکانی من نادەیت... هیچ کات!!

هەڵیان بگێڕەوە! خێرا کە! شێت بووی؟؟؟ ئەقڵت لەدەست داوە؟؟؟

لەبیرت چووە خوێیان پیا بکەی. خوێی پیا کە... خوێ...

ژنەکە چاوی بڕییە ئەو و لەناکاو وتی: خوای گەورە چیت لێهاتووە؟! پێت وایە من نازانم هێلکەوڕۆنێکی سادە درووست بکەم؟

شووەکە بە هێمنی وتی: تەنیا دەمویست بزانی کاتێك من شۆفێری دەکەم، چ هەستێکم هەیە.

---

* . ئاماژە بە کارلایل، مێژوووزانی گەورەی بریتانیایی کە کەسێکی تووڕە بوو...

## پسپۆڕییەکانی وشیاریی سۆزداری

وشیاریی سۆزدارییان بە لەخۆگری پێنج پسپۆری زانیوە:

١) ناسینی هەستەکانی خۆت:

خودئاگایی یان ناسینەوەی هەست لەو کاتەدا کە خەریکە روو دەدا، بەشی گرینگ و سەرەکیی وشیاریی سۆزداری پێك دێنێ. تاکی خودئاگا توانایی کۆنترۆڵ و ئیدارەکردنی سات بە ساتی هەستەکانی کە نیشانەی تێگەیشتن لە خۆی و بەرچاوڕوونی دەروونناسانەیە، هەیە و هەر بۆیە، پاپۆری ژیان بە لێزانییەکی زیاترەوە دەتوانێ رێنوێنی بکات و دەتوانێ، ناسینێکی راستەقینەی زیاتری لەهەمبەر پیشە یان هاوسەرگیرییەك کە دەیەوێ بیکات، هەبێ.

٢) کۆنترۆڵی هەستەکان:

کۆنترۆڵ و ئیدارەکردنی هەستەکان و شیاو و لەجێدابوونی ئەوان لە هەر هەڵکەوتێکدا، پسپۆڕییەکە کە لەسەر بناخەی خودئاگایی فۆرم دەگرێ. واتە تاك فێر دەبێ کە چۆن خۆی لە زیانی دڵەڕاوکێ، خەمۆکی، بەدخولقی و زوو زوێربوونی باو رزگار بکات.

٣) هاندان و ورووژاندنی خۆت:

پێکهێنانی پاڵنەر و تەرکیزکردنە سەر ئامانجەکان و دواخستنی رەزامەندی و خۆشحاڵی و سەرکوتکردنی هەوەسەکان، بوارخولقێنی هەر جۆری پسپۆڕی و سەرکەوتنێکە.

٤) ناسینی هەستەکانی ئەوانی دی:



Scanned by CamScanner

به پسپۆڕییەکی خەڵکی دەزانرێت و سەرچاوەی یەکگرتوویی و هاودڵی لەگەڵ ئەوانی دیکەدایە.

٥) داڕشتنی پێوەندییەکان لەگەڵ کەسانی دیکەدا:

هونەری تێکەڵبوون و پێوەندی لەگەڵ خەڵکدا و لێزانیی کۆنترۆڵ و ئیدارەکردنی هەستەکانی ئەوانی دیکەیە.



Scanned by CamScanner

ژیـری دوو جـۆرە: ژیریـی ئاوەزمەندانـە و ژیریـی سۆزداری.

"چارلز دیکینز"

## خەڵك دۆستی

ئەندامانی کلیسایەك بۆ پێشوازی لە قەشە گیبسۆن میوانداریيەکیان ڕێك خست و یەکێك لە ئەندامانی بەشدار، پاکەتێك شیرینی پێشکەشی قەشە کرد تا بیباتەوە بۆ ماڵەوە.

پاش کردنەوەی پاکەتی شیرینی دەرکەوت کە شیرینییەکان بۆ خواردن نابن. بەم هۆیەوە هاوسەری قەشە بە هۆی کەمەرخەمییەوە پاکەتەکەی خستە نێو سەتڵی زبڵ.



یەکشەممەی دواتر، پاش ڕێوڕەسمی نزا، ژنێك بە پاکەتێکی شیرینییەوە کە خۆی درووستی کردبوو لە قەشەکە نزیك بۆوە و قەشەکە هەستی بەوە کرد کە ناچارە بابەتێك دەرببڕی. هەر بۆیە وتی:

"لە میوان دۆستیی ئێوە و هەروەها ئەوە کە حەوتووی ڕابردووش لە بیری ئێمەدا بوون، زۆر سوپاستان دەکەم. دەبێ پێتان بڵێم کە وەها شیرینییەك ئەوەندە لە ماڵ ئێمەدا خۆی ڕاناگرێ".

قەشەکە لە وتەکانی خۆیدا لە هونەرێکی سەرسووڕهێنەر کەڵکی وەرگرت کە "خەڵك دۆستی (tact)"ی پێ دەڵێن.



Scanned by CamScanner

خەڵك دۆستی دلۆڤانییەكی وشیارانەیە. بە وتەیەكی دیكە، هاوێشتنی هەنگاوێكی ئەرێنی بەرەو پێشە بێ ئەوە كە قاچ لەسەر قاچی كەسێك دابنێن و مافی كەسێك پێشێل بكەین.

گشت ئێمە هەموو رۆژێك وەها بەختێك دێتە سەر رێمان، بەتایبەت ئەو كەسانە كە بە هۆی ناوەرۆكی پیشەكەیانەوە ناچارن لەگەڵ كەسانی ناتەبا و بێ لۆژیك دا بەرەورووو ببن.



Scanned by CamScanner

نهێنیی سەرکەوتن لەوەدایە کە بتوانین را و بۆچوونی کەسانی دیکە وەربگرین و بۆ پرسەکان هەم لە روانگەی خۆمان و هەم لە روانگەی ئەوانی دیکەوە بڕوانین.

"هێنری فۆرد"

## نوێنەری کۆمپانیای کۆکاکۆلا

یەکێك لە نوێنەرەکانی فرۆشی کۆمپانیای کۆکاکۆلا، دەستەوئەژنۆ و بێهیوا لە رۆژهەڵاتی ناڤین گەڕایەوە. دۆستێك لێی پرسی: بۆ لە وڵاتە عەرەبییەکاندا سەر نەکەوتی؟

ئەو وەڵامی دایەوە: کاتێك من گەیشتمە ئەوێ دڵنیا بووم کە ئەتوانم سەر بکەوم و فرۆشێکی باشم هەبێ. بەڵام کێشەیەك کە هەمبوو ئەوە بوو کە من عەرەبیم نەدەزانی.

هەر بۆیە بڕیارم دا کە پەیامی خۆم لە رێگەی پووستێرەوە بۆ ئەوان رابگوێزم. بەم پێیە ئەم سێ پووستێرەی خوارەوەم کێشا:

پووستێری یەکەم، پیاوێکی نیشان دەدا کە ماندوو و مردوو لە بیاباندا بێهۆش کەوتبوو.

پووستێری دووهەم، پیاوێکی کە خەریکی خواردنەوەی کۆکاکۆلا بوو نیشان دەدا.

پووستێری سێهەم پیاوێکی بەکەیف و دڵخۆشی نیشان دەدا. پووستێرەکانم بە ریز لە تەواوی ئەو شوێنانەدا کە بەرچاو بوون داکوتا.



Scanned by CamScanner

هاوڕێکەی لێی پرسی: ئاخۆ ئەم شێوەیە کاریگەر بوو؟

ئەو وەڵامی دایەوە: بەداخەوە من نەمدەزانی کە عەرەبەکان لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەخوێننەوە، هەر بۆیە ئەوان سەرەتا وێنەی سێهەم، دواتر دووهەم و پاشان یەکەمیان بینی...


ئەنجامگیریی ئەخلاقی: هەمیشە بەردەنگی خۆتان بناسن و لە هەڵسەنگاندنەکانی خۆتاندا، کولتوور، داب و نەریت و تەنانەت زمانی ئاخاوتنی ئەوانیش لەبەرچاو بگرن.



Scanned by CamScanner

## چیرۆکی پیاوی فێڵباز

ئاواییەکی دوورەدەست هەبوو کە خەڵکانێکی سادە و نەخوێندەوار تێیدا نیشتەجێ بوون. پیاوێکی فێڵباز لە ساویلکەیی ئەوان کەڵکی وەردەگرت و بەسەریاندا دەسەڵاتی دەکرد. بەرێکەوت رێی مامۆستایەك کەوتە ئەو ئاواییە و بە فریوکارییەکانی پیاوە فێڵبازەکەی زانی و ئامۆژگاریی کرد کە واز لە هەڵخەڵەتاندنی خەڵك بێنێ ئەگینا ئابڕووی دەبا. بەڵام پیاوە فێڵبازەکە قەبووڵی نەکرد. پاش بیانووبڕین، مامۆستاکە فریوکارییەکانی پیاوە فێڵبازەکەی بۆ خەڵکی گوندەکە باس کرد و لەهەمبەر فێڵەکانی ئاگای کردنەوە.



پاش باس و گەنگەشەیەکی زۆر لە نێوان مامۆستاکە و پیاوە فێڵبازەکەدا بڕیار لەسەر ئەوە درا کە سبەی لە مەیدانی ئاواییدا مامۆستاکە و پیاوە فێڵبازەکە کێبەرکێ بکەن تا دەرکەوێ کامیان خوێندەوار و کامیان نەخوێندەوارن. لە رۆژی دیاریکراودا تەواوی خەڵکی ئاوایی لە مەیدانی گوندەکەدا کۆ بوونەوە تا بزانن سەرنجامی کار دەبێ بە چی.

فێڵبازەکە بە مامۆستاکەی گوت: بنووسە "مار"

مامۆستاکە نووسی: مار

سەرەی فێڵبازەکە کە هات وێنەی ماری لەسەر خاك کێشاو و بە خەڵکی وت: ئێوە خۆتان بڕیار بدەن کام یەك لەمانە مارە؟



Scanned by CamScanner

خەڵك كە خوێندەوارییان نەبوو لە نووسراوەی مار تێنەگەیشتن بەڵام هەموویان وێنەی ماریان ناسی و كەوتنە گیانی مامۆستاكە و تا توانییان لێیان دا و ئەویان لە دێ دەر كرد.

تێبینی: ئەگەر دەمانەێ كاریگەری لەسەر كەسانی دیكە دابنێین یان ئەوان لەگەڵ خۆماندا هاوڕا بكەین باشترە بە زمان، لێڕوانین و تێڕوانینی خویان، لەگەڵیاندا بدوێین و هەڵسوكەوت بكەین. هەمیشە ناتوانین بەپێی بنەماكان و چوارچێوەكانی بیری خۆمان ئەوانی دیكە بەڕێوە ببەین. دەبێ بیروڕاكان و مەبەستەكانی خۆمان بۆ زمان، كولتوور، تێڕوانین، بڕواكان، داب و نەریتەكانی مێژینەی ئەوان وەربگێڕین و پێیانی بدەین.



Scanned by CamScanner

ئاگر بگرە تا بزانی چی دەکێشم، هەستی سووتان،
بە سەیرکردن بەدەست نایە...

"مێهدی سۆهەیلی"

## ناپلیۆن و پیاوی پێست فرۆش

لە کاتی داگیرکردنی رووسیادا لەلایەن ناپلیۆنەوە کۆمەڵێك لە سەربازەکانی ناوبراو، لە یەکێك لە شارە بچووکەکانی ئەو وڵاتەدا کە زستانەکانی ناکۆتا بوو، تووشی شەڕێکی توند بوون. لەم نێوانەدا ناپلیۆن بەهەڵکەوت، لە سەربازەکانی خۆی جیا بۆوە.

گرووپێك لە قەزافە رووسەکان، ناپیلۆنیان ناساند و تا کۆتایی شەقامێکی پێچەڵاوپێچ بەدوایدا چوون. ناپلیۆن بۆ رزگارکردنی گیانی خۆی لە کۆتایی کۆڵانێکی داخراودا پەنای بۆ دووکانێکی پێست فرۆشی برد. ئەو چووە نێو دووکانەکە و بە هەناسەبڕکێ و پاڕانەوە هاواری کرد: "تکا دەکەم گیانی من لە مەترسیدایە، رزگارم بکەن. لە کوێ دەتوانم خۆم بشارمەوە؟"

پێست فرۆشەکە وەڵامی دایەوە: "پلە بکەن. لەو سووچەدا لە ژێر ئەو پێستانەدا خۆتان داشارن" و ناپلیۆنی لە ژێر کۆمەڵێکی زۆر پێستدا شاردەوە. دوای ئەم کارە دەسبەجێ قەزافە رووسییەکان گەیشتن و هاواریان کرد: "ئەو لە کوێیە؟ ئێمە بینیمان کە هاتە نێو ئەم دووکانەوە" سەرەڕای ناڕەزایەتیی پێست فرۆشەکە قەزافەکان تەواوی دووکانەکەیان پشکنی بەڵام ئەویان نەدۆزییەوە بە بێهیوایی لەوێ چوون. ماوەیەك دواتر ناپلیۆن لە ژێر پێستەکان هاتە دەرەوە و راست لە هەمان ساتدا سەربازەکانی ئەو گەیشتن.



Scanned by CamScanner

پێست فرۆش رووی لە ناپلیۆن کرد و پرسی: "دەبێ ببوورن کە لە پیاوێکی گەورەی وەك ئێوە وەها پرسیارێك دەکەم بەڵام بەڕاستی دەمەوێ بزانم کە لە ژێر ئەو پێستانەدا بە ئاگاداربوون لەوە کە لەوانەیە دوایین ساتی ژیانتان بێ چ هەستێکتان بوو؟"

ناپلیۆن تا ئەو شوێنەی کە ئیمکانی هەبوو قەڵافەتی راست کردەوە و بە تووڕەییەوە هاواری کرد: "چۆن دەوێری لە من واتە ئیمپراتووری فەڕەنسا وەها پرسیارێك بکەی؟"

"پاسەوانەکان، ئەو پیاوە رووقایمە ببەنە دەرەوە، چاوەکانی ببەسن و ئێعدامی بکەن. من خۆم فەرمانی تەقە دەدەم."

سەربازەکان پێست فرۆشی رۆژڕەشیان بە زۆر بردە دەرەوە و لەپاڵ دیواردا بە چاوی بەسراوەوە وەستاندیان. پیاوە داماوەکە هیچی نەدەبینی بەڵام دەنگی ریزبەستنی سەربازەکان و چەکەکانیانی کە بۆ دەستڕێژ ئامادە دەبوون دەبیست و بە روونی لەرزینی ئەژنۆکانی خۆی هەست پێدەکرد. پاشان دەنگی ناپلیۆنی بیست کە قورگی خاوێن کردەوە و بە هێمنی وتی: "ئامادە...بەرەو ئامانج..."

بە دڵنیابوون لەوە کە چەند ساتێکی دیکە ئەم هەستانەشی نابێ، هەستێکی سەیر تەواوی جەستەی داگرت و بە شێوەی دڵۆپەکانی فرمێسك لە روومەتەکانی هاتە خوارەوە. بێدەنگییەکی دوورودرێژ و پاشان دەنگی ئەو هەنگاوانەی کە بەرەو لای دەهاتن... لەناکاو چاویان کردەوە. ئەو کە لە تیشکی دەسبەجێی خۆر هێزی دیتنی تەواوی نەبوو، لە بەرانبەر خۆیدا چاوە تیژەکانی ناپلیۆنی بینی کە قووڵ و بەبڕشت سەیری چاوەکانی ئەویان دەکرد.

پاشان ناپلیۆن بە هێمنی وتی:

"ئێستا تێگەیشتی چ هەستێکم هەبوو؟"



Scanned by CamScanner

## خوا لە هەموو شتێکدا هەیە

بنەماڵەیەك کوڕەکەیان بۆ فێربوونی ئایینی ناردە خانەقایەك.

کاتێك کوڕەکە بوو بە ٢٤ ساڵ ڕۆژێك باوکی لێی پرسی:

ئاخۆ دەتوانی پاش ئەم هەمووە خوێندنە بڵێی چۆن دەتوانین تێبگەین کە خوا لە هەموو شتێکدا هەیە؟

کوڕەکە دەستی کرد بە هێنانەوەی وتە لە کتێبی پیرۆز...

بەڵام باوکی وتی ئەمانەی کە دەیڵێی زۆر ئاڵۆزن ئاخۆ ڕێگایەکی سادەتر نازانی؟



کوڕەکە وتی: نازانم، باوکە من پیاوێکی خاوەن فەرهەنگم و بۆ ڕونکردنەوەی هەر شتێك دەبێ لە فەرهەنگ و وانەکانم کەڵك وەر بگرم!

باوکەکە ئاخێکی هەڵ کێشا و وتی:

من تۆم بۆ خانەقا نارد و تەنیا پارەکەم بە فیڕۆ دا!

دواتر دەستی کوڕەکەی گرت و ئەوی برد بۆ چێشتخانە و قاپێکی پڕ کرد لە ئاو و کەمیك خوێی تێ کرد و ئەوسا لەگەڵ کوڕەکەیدا چوون بۆ شار.

پاش گەڕانەوە باوکەکە بە کوڕەکەی وت قاپی خوێ بێنە و پێی وت: خوێکان دەبینی؟

کوڕەکە وتی: نە دیار نەماون!

باوکەکە وتی: کەمێك لە ئاوەکە بچێژە!

کوڕەکە وتی: سوێرە!



Scanned by CamScanner

باوکەکە وتی: چەندین ساڵ دەرست خوێندووە و ناتوانی بە سادەیی شی بکەیتەوە کە خوا لە هەموو شتێکدا هەیە. من قاپێکی ئاوم هەڵ گرت و ناوی خوام نا خوێ و بە سانایی ئەمەم روون کردەوە کە خوا چۆن لە هەموو شتێکدا بوونی هەیە بە شێوەیەك کە نەخوێندەوارێکیش تێدەگات.

کوڕەکەم تکا دەکەم مەعریفەیەك کە تۆ لە خەڵك دوور دەخاتەوە وەلا بنێ و بە شوێن مەعریفەیەکدا بڕۆ کە تۆ لە خەڵك نزیك بکاتەوە.



Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

# بەشی ٣
# چیرۆکەکانی بیرجوانی و چارەسەرکردنی پرسەکان

مسلمانان مرا دلی بود  که با وی گفتمی گر مشکلی بود

"حافظ"

**موسڵمانەکان من دڵێکم هەبوو  کە هەر کێشەیەکم هەبووایە پێم دەگوت**



Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

## زیرەکی لە بەڕێوەبەریی دەنگۆدا

دەڵێن نزیکەی ٧٠٠ساڵ لەمەوبەر، لە ئیسفەهاندا مزگەوتێکیان ساز دەکرد.

... ڕۆژی بەر لە کرانەوەی مزگەوت، کرێکارەکان و تەلارسازەکان کۆ ببوونەوە و دوایین ریزەکارییەکانیان تەواو دەکرد.

پیرەژنێك لەوێوە تێدەپەڕی، کاتێك مزگەوتەکەی بینی بە یەکێك لە کرێکارەکانی وت: پێم وایە یەکێك لە منارەکان تۆزێك لارە!

کرێکارەکان پێکەنین. بەڵام تەلارسازەکە کە ئەم قسەیەی بیست خێرا وتی: دار بێنن! کرێکار بێنن! دارەکە پاڵ بدەن بە منارەکەوە. پاڵی پێوە بنێن. پاااااااااڵڵڵ!!!...

و بەردەوام لە پیرە ژنەکەی دەپرسی: دایە چاك بوو، چاك بوو؟!!

ماوەیەك تێپەڕی تا پیرەژنەکە وتی: بەڵێ سوپاسی کرد و دۆعایەکی کرد و ڕۆیشت...

کرێکارکان فەلسەفەی ئەم کارە بێسوودە و پاڵپێوەنانی منارەکەیان پرسی؟!

تەلارسازەکە وتی: ئەگەر ئەم پیرەژنە، لە بارەی لاربوونی ئەو منارەوە لەگەڵ کەسانی دیکەدا قسەی کردبا و دەنگۆ بڵاو ببایەتەوە، ئەم منارەیە بۆ هەتاهەتایە لار دەمایەوە و ئیتر نەماندەتوانی ئاسەوارە نەرێنییەکانی ئەم دەنگۆیە بسڕینەوە...

ئەوە بوو کە من وتم هەر لەسەرەتاوە پێش لەم کارە بگرم.



Scanned by CamScanner

من بۆم دەرکەوتووە کە ئایدیا گەورەکان کاتێک دێنە مێشکەوە کە لەسەر هەبوونی وەها ئایدیاگەلێک سوور بین.

"چارلز چاپلین"

## کچی وەرزێڕ و پیرەپیاوی چاوچنۆک

ڕۆژگارێک وەرزێڕێک لە گوندێکدا دەژیا. ئەو دەبوو پارەیەکی زۆر کە لە پیرەپیاوێکی قەرز کردبوو، بداتەوە.

وەرزێڕەکە کچێکی جوانی هەبوو کە زۆر کەس ئاواتیان هاوسەرگیری لەگەڵیدا بوو.

کاتێک پیرەپیاوە چاوچنۆکەکە زانی وەرزێڕەکە ناتوانێ پارەکەی بداتەوە، پێشنیاری سەودایەکی کرد و وتی، ئەگەر لەگەڵ کچی وەرزێڕەکەدا هاوسەرگیری بکات قەرزەکەی دەبەخشێ و کچەکەی لە بیستنی ئەم وتەیە ترس دایگرت و پیرەپیاوی فێڵباز بۆ ئەوە کە نیازپاکیی خۆی نیشان بدا، وتی: ئەسلەن کارێک دەکەین، من وردەبەردێکی سپی و وردەبەردێکی ڕەش دەخەمە نێو کیسەیەکی بەتاڵ ، کچەکە دەبێ بە چاوی بەسراو یەکێک لەم دووانە هەڵ بگرێ. ئەگەر وردەبەردی ڕەشەی دەرهێنا دەبێ ببێتە هاوسەری من و قەرزەکە دەبەخشرێ و ئەگەر وردەبەردی سپی دەرهێنا پێویست ناکات کە شوو بە من بکات و قەرزەکەیش دەبەخشرێ، بەڵام ئەگەر ئەو ئامادە نەبێ ئەم کارە بکات باوکی دەبێ بچێتە بەندیخانە....




Scanned by CamScanner

ئەم وتووێژە لە بەر ماڵی وەرزێڕەکەدا کرا و زەویی ئەوێ پڕ بوو لە وردەبەرد. لەم کاتەدا پیرەپیاوەکە چەمایەوە و دوو وردەبەردی هەڵ گرت.

کچەکە کە چاوەکانی تیژ بوون زانی کە ئەو دوو وردەبەردی رەشی لە زەوی هەڵ گرت و خستیە ناو کیسەکەوە، بەڵام هیچی نەوت!

دواتر پیاوەپیرکە داوای لە کچەکە کرد کە یەکێك لە بەردەکان لە کیسەکە دەر بێنێ.

ئەگەر بە باشی دۆخەکە تاوتوێ بکەن دەبینن کە سێ ئەگەر لە ئارادایە:



١ ـ کچە لاوەکە دەبوو ئەو پێشنیارەی رەت کردبا.

٢ ـ هەر دوو وردەبەردەکە دەربێنێ و نیشان بدات کە پیاوەپیرەکە فێڵی کردووە.

٣ ـ یەکێك لە وردەبەردە رەشەکان دەربێنێ و شوو بە پیاوەپیرەکە بکات تا باوکی نەکەوێتە بەندیخانەوە.

ساتێك بیر لەم دۆخانە بکەنەوە، ئامانجی ئەم چیرۆکە هەڵسەنگاندنی جیاوازیی نێوان رامانی لۆژیکی و رامانێکە کە بەناو لاوەکی لەقەڵەم دەدرێ. کێشەی ئەم کچە لاوە ناتوانی بە رامانی لۆژیکی چارەسەر بکەی...

لە ئاکامەکانی هەر یەك لەم سێ بەربژارە بیر بکەنەوە، ئەگەر ئێوە بوونایە چیتان دەکرد؟!

و ئەمەش کارێکە کە ئەو کچە زیرەکە کردی:

دەستی خۆی بردە نێو کیسەکە و یەکێك لەو دوو وردەبەردەی هەڵ گرت و بە خێرایی و بە ناشیگەری، بێ ئەوە کە وردەبەردەکە ببینرێ، وای نواند کە لە



Scanned by CamScanner

دەستی خزاوە و کەوتۆتە سەر زەوی، دۆزینەوەی ئەو وردەبەردە لە نێو ئەو هەمووە وردەبەردەدا ئیتر نەلواو بوو! ! !

لەم کاتەدا کچەکە وتی ئاه... من چەنێك شپرێوم! بەڵام گرینگ نییە. ئەگەر ئەو وردەبەردەی کە لە نێو کیسەکەدایە دەر بێنم دەردەکەوی کە ئەو وردەبەردەی لە دەستم داکەوتووە چ رەنگێکی هەبووە!...

و چوونکە ئەو وردەبەردەی کە لە نێو کیسەکەدا بوو رەش بوو. دەبوو بەپێی رێککەوتن، ئەو وردەبەردە سپی بێ. ئەو پیاوەپیرەش نەیتوانی دان بە فێڵەکەی خۆیدا بنێ و ئەو مەرجەی کە دایتابوو بەناچاری قەبووڵ کرد و کچەکەش وای نیشان دا کە لەم ئاکامە سەرسام بووە. ئاکامێك کە ١٠٠ لە سەد بە قازانجیان بوو.

١ ـ هەمیشە رێگەچارەیەك بۆ کێشە ئاڵۆزەکان هەیە.

٢ ـ ئەوە راستە کە ئێمە هەمیشە لە گۆشەی باشەوە بۆ پرسەکان ناڕوانین.

٣ ـ حەوتووی ئێوە دەتوانێ لێوڕێژ لە بیروڕا و ئایدیا ئەرێنییەکان و بڕیارە ئاوەزمەندانەکان بێ.



Scanned by CamScanner

دوێ شەو کێشەی خۆم بۆ لای پیری مۆغەکان* برد
کە ئەو بە پشتڕاستکرنی بۆچوونی من مەتەڵەکەی
وەڵام دەدایەوە.
"حافظ"

## بنەمای ویژدان

دوو برا پارچە زەوییەکی زۆر گەوریان لە باوکیانەوە بۆ بە میرات ما و چەندین مانگ لە بارەی چۆنیەتی دابەشکردنیەوە شەڕ و هەلایان بوو.

ئەو دووانە سەرنجام کێشەکەی خۆیان بردە لای رۆحانییەك کە لەوێ دەژیا و داوایان لێ کرد لە دابەشکردنی زەوییەکەدا یارمەتییان بدات.

رۆحانییەکە رووی کردە یەکێك لە براکان و وتی:

"تۆ شێر یان خەت هەڵ بخە و براکەت یەکێکیان هەڵ بژێرێ، هەر کام لە ئێوە کە بیباتەوە ئەو زەوییەکە دابەش دەکات."

یەکێك لە براکان وتی:

"ئەوی کە ئێوە دەیڵێن رێگەچارە نییە، ئێمە دیسان دەگەینەوە بۆ خاڵی دەسپێك!"

رۆحانییەکە وتی: "نە وا نییە، کەسێك کە ببێتە بەرەوەی شێر یان خەت، زەوییەکە دابەش دەکات و ئەوی دیکە هەڵی دەبژێری کە کامیانی دەوێ".


---

*. پێشەوای ئایینی زەردەشتی ـ وەرگێر.

# زریانی هزری Brain Storming

زریانی هزری، کاریگەرترین و لەوانەیە باوترین پرۆسەی گرووپی بێ. ئەم تێکنیکە زیاتر لە شەست ساڵ لەمەوبەر لەلایەن ئالێکس ئازبۆرن لە کۆمپانیای ریکلامکردنی "باتن، بارتۆن، دوورستاین و ئازبۆرن" بە مەبەستی بردنەسەرەوەی چەندایەتی و چلۆنایەتیی بیرۆکە ریکلامییەکان، دارێژرا و وەها کەتە بەر پێشوازیی خەڵك و رێکخراوەکان لە رۆژئاوادا کە بوو بە بەشێك لە ژیانیان.

زریان یان هێرشی هزری لە وشەنامەی نێونەتەوەیی "وبستر"دا وەها پێناسە کراوە:




بەڕێوەبردنی تێکنیکێکی کۆبوونەوە کە لە رێگەیەوە گرووپێك هەوڵ دەدەن رێگەچارەیەك بۆ پرسێك بەتایبەت بە کەڵەکەکردنی تەواوی ئەو بیرۆکانەی کە دەسبەجێ لە لایەن ئەندامانەوە دینە ئاراوە، بدۆزنەوە. لەم تێکنیکەدا، گشت بەشداربووان بۆ دۆزینەوەی ئایدیا لە شوێنێکدا کە دەبێ لە هۆکارە بەرلێگرەکان بەتاڵ بێ، رێنوێنی دەکرێن و هەر ئەم ورە ئازادە دەبێتە هۆی ئەوە کە دەتوانین بە ئایدیا سەرسوورهێنەرەکان ناوی بنێین. بەم پێیە زنجیرەکانی راهاتن دەشکێن و ئایدیاکان بێ ئەوە کە بەهۆی ئەزموونەکانی رابردووەوە



Scanned by CamScanner

مەحكووم كرابن، بە شێوەی ئازاد دەكەونە جووڵە. هەر بۆیە ناوی ئەویان هێرش یان زریانی هزری ناوە كە مێشك و هزری بەشداربووەكان، زریان لە پرسەكەدا پێك دێنێ. كاتێك كە ئەندامانی گرووپ لەبارەی بابەتێكەوە بیر دەكەنەوە رێگەچارە جۆراوجۆرەكان بە شێوەی ئۆتۆماتیك و بەشێوەی زارەكی دێنە ئاراوە. پاشان بەرپرسی گرووپەكە، هەر ئەندێشە و هزرێك كە قەبووڵی دەكات بۆ دیتنی ئەوانی دیكە لەسەر تابلۆ دەینووسێ. ئایدیا خاو و هەڵنەسەنگێندراوەكان هان دەدرێن. لە سەرەتاوە چەندایەتی مەبەستە، نەك چلۆنایەتی. لە دانیشتنی یەكەمدا هیچ جۆرە باس یان رەخنەیەك روو نادا. لە كۆبوونەوەكانی دیكەی ئەم گرووپەدا، بۆچوونەكان هەڵ دەسەنگێندرێن.



گرووپ: پرۆسەی زریانی هزری لەگەڵ گرووپێكی ٦ تا ١٢ كەسی، سەرپەرستێك یان نێوبژیوانێك یان سكرتێرێك كار دەكات و تەواویان لە ئافراندنی بێسنووری ئایدیاكان لە بارەی بابەتێكی دیاریكراو، بەشدارن. گرووپ، لانیكەم پێویستی بە ٦ كەسە تا بتوانێ ئایدیای پێویست بخولقێنێ، بەڵام ئەم ژمارەیە نابێ لە ١٣ كەس تێپەڕێ، چوونكە وەرگرتنی ژمارەیەكی زۆر لە ئایدیاكان دژوارە و گرووپە گەورەترەكان لە هێندێ لە كەسەكاندا ترس درووست دەكەن و هەر بۆیە، رەوتی ئەندێشەكان بە شێوەی پەنگخواردوو، بەرتەسك و خاو دەبێتەوە. دەتوانین گرووپەكان بەپێی بواری كاریی هاوبەش یان جۆراوجۆر، بەستراو بە ئامانجی گرووپ، پێك بێنین.

رێساكان:

١ ـ هیچ چەشنە دادوەرییەك لە بارەی هیچ پێشنیارێكەوە ناكرێ.



Scanned by CamScanner

٢ ـ تەواوی ئایدیاکان تەنانەت ئایدیا پووچ و ناکردەکەییەکان، پێشوازییان لێ دەکرێ.


٣ ـ چەندایەتیی ئایدیاکان ئامانجی سەرەکییە، چوونکە دەبێتە هۆی چلۆنایەتی.

٤ ـ دەتوانین ئایدیاکان تێکەڵ یان هەموار بکەین و هەڵیان بژێرین.

ڕێبەری گرووی: ڕێبەری گرووپ کە بەزۆری بەر لە پێکهاتنی کۆبوونەوە هەڵ دەبژێردرێ، باشتر وایە بەر لە کۆبوونەوە بێ، بابەتی جێگای باس بە ئاگاداریی گرووپ دەگەیەنێ. ئەو ڕاستییەکان، بابەتەکان، پرسیارە پێوەنیدارەکان و ئامانجەکانی کۆبوونەوەکە دەهێنێتە بەرباس. ئەم خاڵانە دەبێ لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا بوترێنەوە. ئەوسا ئەو پرسیار یان تەوەری باسەکە لەسەر تەختەی سپی یان هەر پانتاییەکی گەورەی شیاوی دیتن دەنووسێ (پێشنیار دەکرێ بۆ هێنانەئارای پرسیارە کراوەکان لە "چۆن" یان "چی" کەڵك وەربگیردرێ). پاشان سەرپەرستی گرووپ داوا لە ئەندامەکان دەکا کە بۆ پرسەکە، ڕێگەچارە ببیننەوە. دوای کردنەوەی دانیشتنی زریانی هزری، ڕێبەر یان سەرپەرست لە پلەی یەکەمدا، ڕۆڵی هاوئاهەنگکەر دەگێڕێ و سوپاسی ئەو کەسانە دەکات کە بۆچوونیان دەربڕیوە و دواتر ئەندامانی گرووپ بە هێنانەئارای بیروڕای نوێ ناچار دەکا و مێشکی گرووپ بۆ کۆبوونەوە لەسەر بابەتی جێگای باس ڕادەکێشێ و دڵنیا دەبێتەوە کە چوار ڕێسای زریانی هزری ڕەچاو بکرێن. گرینگترینی ئەم ڕێسایانە ئەوەیە کە هیچ چەشنە ڕەخنەیەك ڕێگای پێ نادرێ. ئەگەر لەکاتی هێنانەئارای بۆچوونەکاندا، ڕەخنەیەك بگیردرێ، تەواوی ڕەوتی زریانی هزری لەدەست دەچێ. ڕێبەر هەروەها دەبێ لە دەربڕینی ڕا لە بارەی بەهای ئایدیاکان خۆی ببوێرێ.



Scanned by CamScanner



هێندێ جار ئەندامانی گرووپ لە نیوەی کاردا هەست بە ماندوویەتی دەکەن و ئاڵوگۆڕکردنی بۆچوونە نوێکان رادەگیردرێ. لەم کاتەدا، رێبەر دەبێ بە ئاخاوتنی خۆی ئەوان هان بدا یان داوا لە ئەندامە تایبەتەکان بکات رێگەچارەکانی خۆیان پێشنیار بکەن. شێوازێکی دیکە ئەوەیە کە بە هەر کام لە ئەندامەکان ۳۰ خولەك دەرفەت بدەین تا بۆچوونی نوێ بهێننە ئاراوە و لە دیوەکەدا پیاسە بکەین تا ئەو کاتە تەرخان کراوە بۆ کۆبوونەوەکە کۆتایی پێ بێت. هەر ئەم رێبەرە یان کەسێکی دیکە دەتوانێ کۆبوونەوەی هەڵسەنگاندن سەرۆکایەتی بکا. ئایدیاکان دەبێ لەسەر بنەمای جۆر، دەستەبەندی و بەپێی یەکەمینی (اولويت) پلەبەندی بکرێن. لەوەوە کە لەوانەیە پێویست بە لێکۆڵینەوەی زیادی هەبێ، گرووپ لەوانەیە زیاتر لە جارێك کۆ ببێتەوە. لە دانیشتنی هەڵسەنگاندندا رێبەر نابێ رێگا بدات بە ئاسانی ئایدیاکان بەهۆی ئەوە کە نائاساییین وەلا بنێ، بەڵکوو دەبێ تاوتوێکردنی پێشنیارە تاقیکراوەکان بە داواکردنی رێگەگەلی جۆراوجۆر بۆ گونجاندنیان، هان بدات. هەروەها رێبەر نابێ بە هۆی کەمیی بوودجە یان سەرچاوە پێویستەکانی دیکە، پێشنیارەکان وەلا بنێ. ئەگەر ئایدیایەك باش بێ، دەبێ رێگەکانی جێبەجێکردنی بدۆزرێتەوە. هەروەها بەربەرەکانێ لەگەڵ رەتکردنەوەی نالۆژیکیی پێشنیارەکان لە کاتی پرۆسەی هەڵسەنگاندندا لە ریزی ئەرکەکانی رێبەردایە.

سکرتێر یان دەبیری کۆبوونەوە: سکرتێری کۆبوونەوە روانگەکان و بۆچوونەکانی هەر کام لە ئەندامەکان لەسەر پانتاییەکی شیاوی دیتن لە بەرانبەر

گرووپدا، تۆمار دەکات. لە گرووپە بچووکەکاندا لەوانەیە ئەرکی ڕێبەری و سکرتێریی کۆبوونەوەکە لە ئەستۆی یەك کەس بێ، بەڵام باشترە دوو کەس ئەم دوو ئەرکەیان وەئەستۆ بێ.

تۆژینەوەکان نیشانیان داوە کە تێکنیکی زریانی هزری، ئایدیاگەلێکی زیاتر لەهەمبەر تێکنیکی گرووپی "اسمی" یان ڕواڵەتی یان لاوەکی ( Nominal Group) دەخولقێنێ. تایبەتمەندییەکانی دواخستنی دادوەری و ڕەخنەگرتن لە تێکنیکەدا نە تەنیا چەندایەتیی ئایدیا نوێکان بەڵکوو چلۆنایەتیی ئەوانیش زیاد دەکات. کۆبوونەوەیەکی



ڕادەربڕین نابێ زیاتر لە ٣٠ تا ٥٠ خولەك درێژە بکێشێ. سەردێڕەکانی پرسەکە نابێ سنووردار بن و لە هەر دانیشتنێکدا نابێ باسی زیاتر لە بابەتێك بکرێ. بۆ نموونە، هەوڵ مەدەن ناوی بەرهەمێك بێنن و لە ماوەی ٣٠ خولەکدا لە بارەی سیستەمی دابەشکردنی باس بکەن. لەوەوە کە ئەم پرۆسەیە بە ساکار دێتە بەرچاو لەوانەیە ئەم شێوازە بە کەم بزانن. بەڵام بزانن کە وەها نییە. هەزاران ڕێکخراو لەم تێکنیکە بە سەرکەوتوویییەوە کەڵکیان وەر گرتووە.

کورتەی قۆناخەکانی پرۆسەی زریانی هزری

١ - گرووپێکی پێکهاتوو لە ٦ تا ١٢ کەس، ڕێبەرێك و سکرتێریك، هەڵ دەبژێرن.



Scanned by CamScanner

٢ ـ سەرپەرست یان رێبەر، پرسەکە بۆ گرووپ، باشتر وایە پێش لە دەسپێکی کۆبوونەوەی زریانی هزری، پێناسە بکات.

٣ ـ گرووپ بە شێوەی ئاڵوگۆڕکردنی بۆچوونەکان و بە رەچاوکردنی چوار رێسای زریانی هزری بە شێوەی خوارەوە، رێگەچارەکانی خۆیان بۆ پرسەکە، پێشنیار دەکەن:

ئەلف ـ هیچ دادوەرییەك لە بارەی هیچ پێشنیارێکەوە ناکرێ.

ب ـ تەواوی ئایدیاکان تەنانەت ئایدیا پووچ و ناکردەکەییەکان، پێشوازییان لێ دەکرێ.

ج ـ چەندایەتیی ئایدیاکان ئامانجی سەرەکییە، چوونکە دەبێتە هۆی چلۆنایەتی.

د ـ دەتوانین ئایدیاکان تێکەڵ یان هەموار بکەین و هەڵیان بژێرین.

٤ ـ دوای ٢٥ تا ٣٠ خولەك، گرووپ پشوویەك دەدات و دواتر دەگەڕێتەوە و ئایدیاکان هەڵ دەسەنگێنێ.

"رووحوڵڵا قەدیری"



Scanned by CamScanner

كێشەیەكم هەیە لە زانای كۆبوونەوەی بپرسەوە
"حافظ"

## ڕێگەچارەی بۆهلوول

پیرەژنێك هەبوو كە دوو كوڕی بوو. یەكێك لەوان بۆهلوولی زانا و ئەوی دیكەیان كوێخای ئاوایی بوو. شەوێك بازرگانێك لە ماڵی پیرەژنەكەدا مایەوە و داوای لێ كرد كە ئەو دە دانە هێلكەیەی كە هەیەتی بۆی بكوڵێنێ. پیرەژنەكە هەر دە دانە هێلكەكەی كوڵاند و دای بە بازرگانەكە تا بیخوا. بازرگانەكە خواردی و پرسی: پارەكەی چەنێك دەكات؟ پیرەژنەكە وتی: بەو نانەوە كە خواردت دەكاتە سی شایی. بازرگان وتی: بەیانی كاتی ڕۆیشتن سی شاییت پێ ئەدەم. بەیانی هات. پیرەژنەكە زووتر لە بازرگانەكە هەڵسا و چوو بۆ دەشت. بازرگانەكە كە هەڵسا پیرەژنەكەی نەدی. بە خۆی وت: ساڵێكی دیكە سی شاییەكە بە سوودەكەیەوە دەدەم بە پیرەژنەكە.

ساڵی دواتر بازرگان چووە بەر درگای ماڵی پیرەژن و لەباتی سی شایی تومەنێكی پێ دا. پیرەژن بە خۆشحاڵییەوە چوو بۆ لای دراوسێكەی و ڕووداوەكەی بۆ گێڕایەوە. دراوسێكە وتی: بازرگانەكە فێڵی لێ كردووی. ئەگەر ئەو دە هێلكەیەت لە ژێر مریشك بنایە، دەبوون بە جووجكە، جووجكەكان





Scanned by CamScanner

دەبوون بە مریشك، مریشكەكان هێلكەیان دەكرد و پارەكەی دەبوو بە مۆڵەقێك! پیرەژن چوو بۆ لای كوێخا و سكاڵای لە بازرگان كرد. كوێخا بازرگانی خستە بەندیخانە. بەڕێكەوت بۆهلوول بۆ دیداری براكەی سەردانی بەندیخانەكەی ئەوی كرد و بازرگانی لەوێ بینی. بازرگان بەسەرهاتی خۆی بۆ بۆهلوول گێڕایەوە. بۆهلوول رۆیشت و دوو نیوە بار گەنمی لە براكەی وەرگرت. دواتر چوو بۆ لای دایكی و داوای مەنجەڵی لێ كرد. دایكی پرسی: دەتەوێ چی بكەی بۆهلوول؟ بۆهلوول وتی: دەمەوێ گەنمەكە بكوڵێنم، دوایی بیچێنم تا سەوز ببێ. پیرەژن چوو بۆ لای كوڕەكەی تری واتە كوێخا و وتی: ئەم برایەی تۆ بەڕاستی شێتە. دەیەوێ گەنمی كوڵاو بچێنێ! كوێخا و دایكی چوون بۆ لای بۆهلوول. كوێخا وتی: گەنمی كوڵاو ناڕوێ.

بۆهلوول وتی: لە هێلكەی كوڵاویش جووجكە نایەتە دەرەوە! و پاشان بۆهلوولی زانا لە درێژەدا وتی: باشە ئەگەر نایەتە دەرەوە بۆ بازرگانی بێتاوانت بەند كردووە؟ كوێخا نەیتوانی وەڵامێك بداتەوە و بە ناچار بازرگانی لە بەندیخانە ئازاد كرد. بۆهلوولی زانا، یەك تمەنەكەی لە دایكی وەرگرت و دای بە بازرگان و وتی: ئەمەش قەرەبووی بەندكرانی بەناهەقی تۆ.



Scanned by CamScanner

ژیان سنووری گریمانە بێ سنوورەکانە.
"دیپاك چووپرا"

## سووپی سێحراوی

چەندین ساڵ لەمەوبەر سێ سەربازی برسی و بریندار کە لە جەنگ گەڕابوونەوە گەیشتنە ئاواییەکی بچووك و گوندنشینە زەحمەتکێش و مەینەتچێشتووەکان کە ئەو ساڵە بەرهەمێکی کەمیان بوو و چەندین ساڵ بوو بەرگەی شەڕیان دەگرت، تەواوی ئەو شتە کەمانەشیان کە بوو خێرا شاردەوە و بۆ دیتنی سەربازەکان چوونە مەیدانی دێ.

گوندنشینەکان بە نیگەرانییەوە دەیاندا بە سەردەستیاندا و لەوە کە شتێکیان بۆ خواردن نییە سکاڵایان دەکرد و دەیاننالاند.



سەربازەکان بە هێمنی پێکەوە دەدوان، سەربازی یەکەم رووی کردە کوێخا و وتی: زەوییە وشکەکانی ئێوە شتێکی بۆتان نەهێشتۆتەوە تا لەگەڵ کەسانی دیکەدا دابەشی بکەن هەر بۆیە ئێمە ئێوە لەو شتەدا کە هەمانە هەرچەند کەمیشە بەشدار دەکەین "نهێنیی ئەوە کە چۆن دەکرێ لە بەرد سووپ درووست بکەین". گوندنشینەکان زۆر پەیجوور بوون و وروژان و زۆر خێرا گەورەترین مەنجەڵێکیان کە لە گونددا بوو هێنا و سەربازەکان سێ لەت بەردیان خستە نێو

مەنجەڵەکە. سەربازی دووهەم وتی: دەبێتە سووپێکی بەتام بەڵام تۆزیک خوێ و کەمێك جەعفەری بەڕاستی دەیکاتە بێ وێنە. لەناکاو یەکێك لە گوندنشینەکان لە جێ هەڵسا و وتی:

بەڕێکەوت هاتەوە بیرم کە تۆزێك خوێ و جەعفەری ماوە و پاشان خێرا رای کرد و بە داوێنێکی پڕ لە جەعفەری و شەلەم و خوێ گەڕایەوە.

هەروا کە مەنجەڵەکە دەهاتە کوڵ یادەوەریی گوندییەکانیش باشتر دەبوو. جۆ، گێزەر، گۆشت و خامەش دۆزرایەوە. بە هەبوونی مەنجەڵێکی بەم گەورەییە و بەرمیلێك خواردنەوە کە بەرەو مەیدانی ئاوایی تلی دەخوارد وەك ئەوە وابوو کە تەواوی دانیشتووانی ئاوایی بۆ میوانداریيەك بانگهێشت کراون. بەیانیی رۆژی دواتر سەربازەکان لە خەو هەڵسان و دیتیان کە خەڵکی ئاوایی باشترین نان و پەنیرەکانی گوندیان بۆیان هێناوە.

کوێخا رووی کردە سەربازەکان و وتی: ئێوە گەورەترین و باشترین دیاریتان دا بە ئێمە، "نهێنیی ئەوە کە چۆن دەکرێ لە بەرد سووپ درووست بکەین" و ئێمە هیچکات خۆشەویستیی ئێوە لە بیر ناکەین. یەکێك لە سەربازەکان رووی کردە حەشیمەوت و وتی: نهێنییەك لە ئارادا نییە بە تەواوی روونە کە ئێمە بە هاوبەش بوون و شەریك بوون لەگەڵ یەکتردا دەتوانین جەژن و میوانداریيەك رێك بخەین.



Scanned by CamScanner

## ڕێگەچارەی بنەڕەتی ( دوو چیرۆک )

لە ڕۆژگاری کۆندا بازرگانێك بە ناوی خەلیل دەژیا. ڕۆژێك ئەو بۆی دەرکەوت کە شتێك لە ژێر فەرشی میوانداریدا، قوت بۆتەوە. ئەو چووە نێو بیرەوە و دواتر بڕیاری دا کە باز بداتە سەر شوێنە هەڵتۆقیوەکە. هەڵتۆقیوەکە لەناکاو دیار نەما، بەڵام ساتێك دواتر لە شوێنێکی دیکەوە دەرکەوت.

خەلیل دیسان بازی دایە سەری، هەڵتۆقیوەکە لە نێو چوو و دەسبەجێ لە شوێنێکی دیکەوە قوت بۆوە. هەر بەم شێوەیە ئەم کارە چەندین جار دووپات بۆوە. تا ئەوە کە خەلیل دڵنیا بوو کە شتێك لە ژێر فەرشەکەدایە. هەر بۆیە دەستی کرد بە کۆکردنەوەی فەرشەکە کە کتوپڕ مارێکی گەورە و تووڕە لە ژێریەوە دەرپەڕی.

ئاکـــام: باشـــترین ڕێگـــە بـــۆ چارەســـەرکردنی کێـــشەیەك، دۆزینـــەوەی سەرچاوەکەیەتی.

***

هەواڵنێرێك دەڵێ چووم بۆ چاوپێکەوتنی "ژان کوکتو". ماڵی ئەو لە ڕاستیدا مەخزەنێکی پڕ لە شڕە و پڕە، قاپی وێنە، نەقاشییەکانی هونەرمەندانی بەناوبانگ و کتێب بوو. "کوکتو" هەموو شتێکی رادەگرت و حەزێکی زۆری لە هەر کام لەو کەلوپەلانە بوو.

لە نێوەڕستی وتووێژدا توانیم لێی بپرسم: "ئەگەر ئەم ماڵە هەر ئێستا ئاگر بگرێ و تەنیا بتوانن یەك شت لەگەڵ خۆتاندا ببەن کام یەك لەم شتانە هەڵ دەبژێری؟"

"کوکتو" وەڵامی دایەوە: "ئاگر هەڵ دەبژێرم".



Scanned by CamScanner

ئەگەر بۆت دژوارە کە لەوبەری دیوارەکان
بیر بکەیتەوە، کەوابوو دیوارەکان بڕووخێنە.

## پیرەپیاوی زیرەک

پیرەپیاوێک دوای خانەنشینی بۆ شوێنی لەدایکبوونی گەڕایەوە. ماڵێکی کڕی و ویستی کە لەو شارە بچووک و جوانەدا سەردەمی بەساڵاچوویی خۆی لە خۆشبەختی و بەختەوەریدا تێپەڕێنێ و کتێبی بیرەوەرییەکان بنووسێ.



لەسەرەتادا هەموو شتێک لەبار بوو. بارودۆخی هێمنی شار بۆ ورەی پیرەپیاو و نووسینی کتێب زۆر بەسوود بوو. سێ کوڕی مناڵکاری هار و هاج هاتنە نزیک ماڵی ئەو و خەریکی یاریی فوتباڵ بوو. ئەوان لە کاتی یاریدا و بەهۆی خۆشحاڵییەوە بە دەنگی بەرز هاواریان دەکرد.

پیرەپیاو نەیدەتوانی لەگەڵ ئەو دەنگانەدا هەڵ بکات و چووە دەرەوە. بە پێکەنینێکەوە بە کوڕەکانی وت: ئەستێرەکانی داهاتوو، چەنێک باش یاری دەکەن. لە سەیرکردنی یاریی ئێوە چێژ وەردەگرم. ئەگەر هەموو ڕۆژێک بێنە ئێرە و بۆ من یاریی فووتباڵ بکەن، بە هەر کامتان یەک دۆلار دەدەم.

کوڕەکان لە بیستنی ئەم هەواڵە زۆر خۆشحاڵ بوون و بەتەواوی هێزەوە هونەری خۆیان بە پیرەپیاو نیشان دا.



Scanned by CamScanner

## ڕێگەچارەی بنەڕەتی (دوو چیرۆک)

لە ڕۆژگاری کۆندا بازرگانێك بە ناوی خەلیل دەژیا. ڕۆژێك ئەو بۆی دەرکەوت کە شتێك لە ژێر فەرشی میوانداریدا، قوت بۆتەوە. ئەو چووە نێو بیرەوە و دواتر بڕیاری دا کە باز بداتە سەر شوێنە هەڵتۆقیوەکە. هەڵتۆقیوەکە لەناکاو دیار نەما، بەڵام ساتێك دواتر لە شوێنێکی دیکەوە دەرکەوت.

خەلیل دیسان بازی دایە سەری، هەڵتۆقیوەکە لە نێو چوو و دەسبەجێ لە شوێنێکی دیکەوە قوت بۆوە. هەر بەم شێوەیە ئەم کارە چەندین جار دووپات بۆوە. تا ئەوە کە خەلیل دڵنیا بوو کە شتێك لە ژێر فەرشەکەدایە. هەر بۆیە دەستی کرد بە کۆکردنەوەی فەرشەکە کە کتوپڕ مارێکی گەورە و تووڕە لە ژێریەوە دەرپەڕی.

ئاکـــام: باشـــترین ڕێگـــە بـــۆ چارەســـەرکردنی کێـــشەیەك، دۆزینـــەوەی سەرچاوەکەیەتی.

***

هەواڵنێرێك دەڵێ چووم بۆ چاوپێکەوتنی "ژان کوکتو". ماڵی ئەو لە ڕاستیدا مەخزەنێکی پڕ لە شڕە و پڕە، قاپی وێنە، نەقاشییەکانی هونەرمەندانی بەناوبانگ و کتێب بوو. "کوکتو" هەموو شتێکی ڕادەگرت و حەزێکی زۆری لە هەر کام لەو کەلوپەلانە بوو.

لە نێوەڕستی وتووێژدا توانیم لێی بپرسم: "ئەگەر ئەم ماڵە هەر ئێستا ئاگر بگرێ و تەنیا بتوانن یەك شت لەگەڵ خۆتاندا ببەن کام یەك لەم شتانە هەڵ دەبژێری؟"

"کوکتو" وەڵامی دایەوە: "ئاگر هەڵ دەبژێرم".




Scanned by CamScanner

ئەگەر بۆت دژوارە کە لەوبەری دیوارەکان
بیر بکەیتەوە، کەوابوو دیوارەکان بڕووخێنە.

## پیرەپیاوی زیرەك

پیرەپیاوێك دوای خانەنشینی بۆ شوێنی لەدایکبوونی گەڕایەوە. ماڵێکی کڕی و ویستی کە لەو شارە بچووك و جوانەدا سەردەمی بەساڵاچوویی خۆی لە خۆشبەختی و بەختەوەریدا تێپەڕێنێ و کتێبی بیرەوەرییەکان بنووسێ.



لەسەرەتادا هەموو شتێك لەبار بوو. بارودۆخی هێمنی شار بۆ ورەی پیرەپیاو و نووسینی کتێب زۆر بەسوود بوو. سێ کوڕی منداڵکاری هار و هاج هاتنە نزیك ماڵی ئەو و خەریکی یاریی فوتباڵ بوو. ئەوان لە کاتی یاریدا و بەهۆی خۆشحاڵییەوە بە دەنگی بەرز هاواریان دەکرد.

پیرەپیاو نەیدەتوانی لەگەڵ ئەو دەنگانەدا هەڵ بکات و چووە دەرەوە. بە پێکەنینێکەوە بە کوڕەکانی وت: ئەستێرەکانی داهاتوو، چەنێك باش یاری دەکەن. لە سەیرکردنی یاریی ئێوە چێژ وەردەگرم. ئەگەر هەموو ڕۆژێك بێنە ئێرە و بۆ من یاریی فووتباڵ بکەن، بە هەر کامتان یەك دۆلار دەدەم.

کوڕەکان لە بیستنی ئەم هەواڵە زۆر خۆشحاڵ بوون و بەتەواوی هێزەوە هونەری خۆیان بە پیرەپیاو نیشان دا.



Scanned by CamScanner

سێ رۆژ دواتر، پیرەپیاو بە نیگەرانییەوە بە کوڕەکانی وت: منداڵەکان، بە هۆی کێشەی داراییەوە، لە بەیانییەوە بە هەر کامتان ٥٠ سێنت دەدەم.

کوڕەکان زویر بوون، بەڵام قسەی پیرەپیاویان قەبووڵ کرد.

حەوتوویەك دواتر پیرەپیاو دیسان کوڕەکانی بانگ کرد و وتی: لەم رۆژانەی دواییدا مووچەی خانەنشینیم وەر نەگرتووە و بەم هۆیەوە لە بەیانییەوە بە هەرکامتان تەنیا ٢٠ سێنت دەدەم.

کوڕەکان تووڕە بوون و وتیان: "بیست سێنت؟" بەڵام ئێمە بۆ بیست سێنت کاتی خۆمان بەفیڕۆ نادەین و ئیتر درێژەیان بە یاری نەدا.

پیرەپیاوەکە پێکەنی و دیسان لە رۆژە هێمنەکانی خۆی چێژی وەرگرت.



Scanned by CamScanner

متمانە وشـەیەکی لەرزۆکـە کـە ئافرانـدنی دژوار و لە دەستدانی ئاسانە.

"چارلز هیندی"

## خەیانەت لە ئەسپاردەدا

بازرگانێك رادەیەك ئاسنی لای کەسێك بە ئەمانەت دانا و دوای ماوەیەك داوای ئەمانەتی خۆی لەو کرد. ئەو پیاوە خەیانەتکارە وتی: مشکەکان ئاسنەکانی ئێوەیان خواردووە.

بازرگان وتی بەڵێ من بیستبووم کە دیانی مشك ئاسن دەشکێنێ. ئەمەی وت و رۆیشت.

بازرگان کاتێك لەو ماڵە دەهاتە دەرەوە منالێ ئەو پیاوەی کە لە قوتابخانە دەگەڕایەوە گرت و بردی بۆ ماڵی خۆی. پیاوە خەیانەتکارەکە بۆ هەر کوێ رۆیشت ئاسەوارێکی لە منالەکەی خۆی نەدی تا ئەوە کە رۆژێك داخی دڵی خۆی لای بازرگان باس کرد. بازرگان وتی:

بەڵێ لەو رۆژەدا خۆم دیتم کە شاهینێك کوڕەکەتی بە دەنووك گرت و بە هەڵفڕین بردی. پیاوە خەیانەتکارەکە کاتیك ئەمەی بیست دای بە خۆیدا وتی: ئێ مەگەر شاهین مرۆڤ دەبات؟

بازرگان وتی: خەم مەخۆ، کاتێك مشکەکان لەم سەردەمەدا ئاسن دەخۆن! شاهینەکانیش مرۆڤ دەبەن!



Scanned by CamScanner

خەیانەتکارەکە لە وتەکانی بازرگان تێگەیشت کە ئەو فێڵێکی بەکار هێناوە و لە ڕووداوەکە بەتەواوی شەرمەزار بوو و ئاسنەکەی گەڕاندەوە و منداڵەکەی خۆی وەرگرت.



Scanned by CamScanner

ئێمە نابێ بە خۆمان مۆڵەتی بەڕێوەبردنی ئەو کارانە بدەین کە هیچکات رازی نین منداڵەکانمان بیانکەن.

"بریگام یانگ"

## تاقیکاری

رووان خوازبێنی لە کیت کرد و بۆی روون کردەوە کە دایکی لە رووداوی هاتوچۆدا گیانی لەدەست داوە و لەگەڵ باوکیدا دەژی.

کیت بە رووانی وت: دەمەوێ تەنیا لەگەڵ تۆدا بژیم! بە هیچ شێوەیەک تاقەتی ژیان {لەگەڵ باوکت} و راگرتنی باوکتم نییە!

رووان دوو رۆژ دواتر باوکی خۆی برد بۆ خانووی بەساڵاچووان! و دواتر بابەتەکەی بە تاسەوە بۆ کیت گێڕایەوە و داوای لێکرد کە ئیتر بیانوویەکی بۆ هاوسەرگیری نەبێ.

بەڵام کیت وتی: من شووت پێ ناکەم!

رووان هۆی ئەم راگۆڕینەی پرسی و کیت بە لەسەرەخۆییەوە وەڵامی دایەوە: روونە، تۆ بە داخوازییەکی بچووک باوکی خۆشەویستت لە ماڵ دەر کرد! کەوابوو قوڕ بەسەر من.



Scanned by CamScanner

ئێوە یان بەشێکن لە چارەسەرێک یان
بەشێکن لە کێشەیەک.
"ئەلدریج کلیۆر"

## چیرۆکی هاوپشکەکان

مایکل و جەک، دوو هاوپشک بوون کە لە کۆمپانیایەکدا، ئوتۆمبێلیان دەدا بە کرێ. ئەوان لە بارودۆخی دارایی خراپدا بوون. رەوشی کار و کاسپییان نالەبار بوو و هەواڵێک لە داهات نەبوو.

سەرنجام بریاریان دا لە رێستورانێکی رازاوەدا چاویان بە یەکتر بکەوێ و لە بارەی درێژەدان بە کارەکەیان بریار بدەن.

جەک کە درەنگتر لە کاتی چاوپێکەوتن گەیشتبوو، بە دیتنی روخساری گەشی مایکل سەری سوورما و هۆکەی پرسی. مایکل لە وەڵامدا وتی:

"هیچکات ناتوانی پێشبینی بکەی کە چ رووداوێکی سەرنجراکێش رووی داوە. هەر لێرەدا دانیشتبووم کە کتوپڕ لیایاکۆچا[1] هاتە رێستورانەکە ! و هاورێکانی بۆ خواردنی نیوەرۆ بانگهێشت کردبوو، بەڵام چوونکە هێشتا نەگەیشتبوون، لەگەڵ یەکتردا وتووێژمان کرد و منیش کێشەکانی کۆمپانیاکەمانم لەگەڵیدا باس کرد".

جەک بە تاسەوە وتی چی وت:

[1] .Lee Iacocca



Scanned by CamScanner

"وتی که شێوەی کاری ئێمە هەڵەیە! ئێمە هیچکات ناتوانین بە بەکرێدانی کورتماوەوی ئوتۆمبێل باری داراییمان باش بکەین، باشتر وایە تەواوی هێزمان لەسەر کرێ و بەکرێدانی درێژماوە کۆ بکەینەوە، چوونکە لەم حاڵەتەدایە کە دەتوانین پارە وداهاتێکی زۆرمان هەبێ!"

{جەك وتی:} "باشە ئەگەر یاکۆچا وەها رایەکی هەیە بۆ دەست بەکار نەبین؟"

و بەم شێوەیە ئەو دووانە دەستیان بە کار .کرد، لە شەش مانگی دواتردا دینارێکیان دەست نەکەوت. بەڵام دوای ساڵێك کاسپی برەوی سەند و قازانجێکی باشیان دەست کەوت، سێ ساڵ تێنەپەڕیبوو کە کۆمپانیاکەیان بوو بە گەورەترین و سوودهێنەرترین کۆمپانیای بەکرێدانی ئوتۆمبێل لە هەرێمدا.

شەوێك جەك لە رەوتی میواندارییەکی گەورەدا دەتوانێ چاوی بە یاکۆچا بکەوێ و بۆ ئەو رێنوێنییەی کە بە هاوپشکەکەی دابوو سوپاسی بکا و رێزی لێ بگرێ.

یاکۆچا دەڵی:

"من نازانم ئێوە لەبارەی چ بابەتێکەوە دەدوێن. من هاوپشکی ئێوە ناناسم. من هیچکات لە بارەی پرسە بازرگانییەکانەوە کەسێك رێنوێنی ناکەم. هەروەها من لە تەواوی تەمەنمدا هیچکات بۆ ئەو رێستوورانەی کە باسی دەکەی نەچووم".

جەك تێکشکاو و ناڕەحەت، تەلەفوونی بۆ هاورێکەی کرد و وتی:

"من چەند ساتێ لەمەوبەر لەگەڵ یاکۆچادا بووم، ئەو دەیگوت کە هیچکات ئێوەی رێنوێنی نەکردووە و تەنانەت تۆی نەدەناسی! تۆ درۆت لەگەڵ من کرد! رێنوێنی هی ئەو نەبوو هەمووی هی خۆت بوو".

بۆ ساتێك بێدەنگی زاڵ دەبێ. دواتر مایکل وەڵام دەداتەوە:



Scanned by CamScanner

"ئەگەر سێ ساڵ لەمەوبەر زانیبات تەواوی ئەو قسانە هی منە، ئاخۆ هاورێی منت ئەکرد؟"




Scanned by CamScanner

ئێمە ئابڕووی خۆمان نادەین بە گەوهەر
"صائب تبریزی"

## ڕێگەچارەی زانایانە

دوو پیرەپیاو کە یەکێکیان بالآبەرز و چوارشانە و ئەوی دیکە کووڕ و بێهێز کە پاڵی بە کۆچانەکەی خۆیەوە دابوو ، بۆ سکاڵا لەیەکتر چوونە لای دادوەر.

یەکەمیان وتی: ڕادەی ١٠ پارچە ئاڵتوونم بەم کەسە دا بە قەرز تا لەکاتی خۆیدا بۆم بگێڕێتەوە و ئێستا دەتوانێ قەرزەکەی بداتەوە بەڵام دەیخاتە دواوە و ئێستا دەڵێ پێم وایە قەرزەکەتم داوەتەوە. جەنابی دادوەر! داواتان لێدەکەم ئەو سوێند بدەن کە ئاخۆ قەرزەکەی داوەتەوە یان نە؟ ئەگەر سوێندی



خوارد، من ئیتر قسەیەکم نییە.

دووهەمی وتی: من دانی پیا دەنێم کە ١٠ پارچە ئاڵتوونم لەو بە قەرز وەرگرتووە بەڵام قەرزەکەیم داوەتەوە و بۆ سوێندخواردن، ئامادەم.

دادوەر: دەستی ڕاستی خۆت بەرز بکەرەوە و سوێند بخۆ.

پیرەپیاو: دەستێك چییە، هەر دوو دەستم بەرز دەکەمەوە.

پاشان گۆچانەکەی دا بە پیاوی سکاڵاکەر و هەر دوو دەستی بەرز کردەوە و تی:

سوێند بە خوا کە من پارچەکانی ئاڵتوونم داوەتەوە بەم کەسە و ئەگەر جارێکی دیکە داوام لێبکات، بە هۆی لەبیرچوون و نائاگاییەوەیە.

دادوەر بە خاوەن قەرزی وت:

ئێستا چی دەڵێی؟

ئەو لە وەڵامدا وتی من دەزانم کە ئەم کەسە سوێند بە درۆ ناخوات، لەوانەیە من لەبیرم چووبێ، هیوادارم راستی ئاشکرا ببێ.

دادوەر ئیزی رۆیشتنی بەو دوو کەسە دا، پیرەپیاو گۆچانەکەی خۆی لەوی دیکە وەرگرت. لەم کاتەدا دادوەر کەوتە بیرەوە و خێرا هەردووکیانی بانگ کرد، گۆچانەکەی وەرگرت و بە وردی سەیری کرد و دواتر تاشی، لەناکاو دیتی کە ١٠ پارچە ئاڵتوون لە نێو گۆچانەکەدا جێ کراوەتەوە. بە خاوەن قەرزی وت: قەرزدار کاتێك گۆچانەکەی دایە دەست تۆ، فێڵی کرد تا سوێنی درۆ نەخوات بەڵام من لەو زیرەکتر بووم.



Scanned by CamScanner

## شێواز ( تێكنیك )ی كوڕە وشیارەكە لە بەرانبەر نادرشادا

كاتێك كە نادرشای ئەفشار دەیویست هیندووستان داگیر بكات لە ڕێگەدا منالێكی بینی كە بۆ قوتابخانە دەچوو. لەوی پرسی كوڕە گیان چی دەخوێنی؟

قورئان.

لە كوێی قورئانەوە ؟

ـ انا فتحنا....

نادر لە وەلامی ئەو زۆر خۆشحاڵ بوو و لە بیستنی ئایەتی فتح فاڵی سەركەوتنی گرتەوە.

دواتر دراوێكی زێڕی دا بە كوڕەكە بەلام كوڕەكە لە وەرگرتنی خۆی بوارد.

نادر وتی: بۆ وەری ناگری؟

وتی: دایكم لێم دەدا و دەڵێ تۆ ئەم پارەیەت دزیوە.

نادر وتی: پێی بڵێ نادر داویە.

كوڕەكە وتی: دایكم بڕوا ناكا و دەڵێ: نادر پیاوێكی بەخشندە و دەست ئاوەلایە ئەگەر ئەو بە تۆ پارەی دابا یەك دراوی نەدەدا، زۆری دەدا.

قسەكەی ئەو كاریگەری لە نادردا دانا و مشتێك پارەی زێڕی كردە داوێنی.

بەرێكەوت هەروا كە لە مێژوودا بەناوبانگە لەو سەفەرەدا بە سەر ركەبەری خۆیدا محەممەدشای گوركانی سەركەوت.



Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

# بەشی ٤

# نووکتەی داهێنەری

ئێوە دەتـوانن وا خۆبنـوێنن کە جیـددین، بـەڵام نـاتوانن وا خۆبنـوێنن کـە قسەخۆش و گاڵتەچین.

"ساشا گیتری"



Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

لە کۆمەڵگا کۆمۆنیستییەکاندا ژنان ئەوەندە ئازادییان هەیە کە پیاوەکان نیانە.

"راسل گرین"

## هەموو شتێك ئارامە

رۆژێك لە کۆماری دیموکراتیکی ئەڵمانیای پێشوو[1] کرێکارێکی ئەڵمانی کارێکی لە سیبریادا دۆزییەوە.

ئەو کە دەیزانی سانسۆرکەرەکان تەواوی نامەکان دەخوێننەوە، بە هاورێکانی دەڵێ "وەرن با رەمزێك دابنێین، ئەگەر نامەیەکتان لە لایەن منەوە پێگەیشت کە بە جەوهەری ئاویی ئاسایی نووسرابوو، بزانن هەرچی نووسیومە راستە. ئەگەر بە جەوهەری سوور نووسیبووم هەمووی درۆیە."

مانگێك دواتر هاورێکانی یەکەمین نامەیان وەرگرت کە تێیدا بە جەوهەری ئاوی نووسرابوو:

لێرەدا هەموو شتێك باشە، دووکانەکان پڕ، خواردن زۆر، ئاپارتمانەکان گەورە و گەرم و نەرم، سینەماکان فیلمە رۆژئاواییەکان پیشان دەدەن و تا بتەوێ کچی جوان و خاوەن کەسایەتی کە ئامەزرۆی هاوسەرگیرین ـ تەنیا شتێك کە ناتوانی بیدۆزیتەوە جەوهەری سوورە.

---

[1]. پاش جەنگی دووهەمی جیهانی و دابەشبوونی ئەڵمانیا بۆ دوو وڵات. بەشی رۆژهەڵات بە ناوی کۆماری دیموکراتیکی ئەڵمانیا کەوتە ژێر دەسەڵاتی یەکیەتیی سۆڤیەت و سیستەمی دیکتاتۆریی کۆمۆنیستی.

## تێکنیکی سەرنجڕاکێشی سەرکار (کاربەدەست)

چیرۆکی خوارەوە ئارت بوخوالد تەنزنووسی بەناوبانگی ئەمریکایی لە پستڕاستکردنی ئەوە کە نابێ هەواڵە ناخۆشەکات کتوپڕ بە بیسەر بڵێین دەگێڕێتەوە:

پیاوێکی دەوڵەمەند سەرکارەکەی خۆی بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخ ناردبوو. دوای گەڕانەوە پرسی:

- جۆرج چ خەبەریماڵەوە؟

- هەواڵێکی باشم پێ نییە گەورەم سەگەکەی ئێوە مرد.

- سەگە بەستەزمانەکە! کەوایە ئەو مرد. چی بوو بە هۆی مەرگی؟

- زۆرخواردن گەوروم.

زۆرخواردن؟ مەگەر چ خواردنێکتان پێ دا کە ئەو تا ئەو رادەیە حەزی لێ بوو؟

- گۆشتی ئەسپ گەورەم، ئەمەش بوو بە هۆی مەرگی.

- ئەو هەمووە گۆشتی ئەسپەتان لە کوێ هێنا؟

- تەواوی ئەسپەکانی باوکتان مردن گەورەم!

- چیت وت؟ هەموویان مردن؟

- بەڵێ گەروەم. هەموویان بە هۆی کاری زۆرەوە مردن.

- بۆ ئەوەنیان کار کرد؟

- بۆ ئەوە کە ئاو بێنن گەورەم!

- وتت ئاو، ئاو بۆچی؟



Scanned by CamScanner

- بۆ ئەوە کە ئاگر بکوژێننەوە گەورەم!

- کام ئاگر؟

- ئاه گەورەمماڵی باوکی ئێوە سووتا و بووە بە خۆڵەمێش.

- کەوایە ماڵی باوکم سووتا! هۆی ئاگرکەوتنەوە چی بو؟

- پێم وایە کە گڕی مۆم بووە هۆی ئەم کارە گەورەم!

- وتت مۆم، کام مۆم؟

- ئەو مۆمانەی کە بۆ بەڕێکردنی تەرمی دایکتان کەڵکی لێ وەرگیرابوو گەورەم!

- دایکیشم مرد؟

- بەڵێ گەورەم. ئەو ژنە هەژارە دوای رووداوەکە سەری نایە زەوی و ئیتر هەڵ نەسا گەورەم!

- کام رووداو؟

- رووداوی مەرگی باوکتان گەورەم!

- باوکیشم مرد؟

- بەڵێ گەورەم ئەو پیاوە داماوە هەر کە ئەو هەواڵەی بیست ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

- کام هەواڵ؟

- هەواڵە خراپەکان گەورەم. بانکی ئێوە مایەپووچ بوو، متمانەتان لەنێو چوو و ئێستا زیاتر لە سێنتێك لەم دنیایەدا بایەختان نییە. من رووداریم کرد گەورەم کە ویستم هەواڵەکان هەرچی زووتر بە ئاگاداریی ئێوە بگەیەنم گەورەم!!!



Scanned by CamScanner

من له هەردوو هاوسەرگیریمدا بێبەخت بووم.
ژنی یەکەمم منی بەجێهێشت و ژنی دووەمم
ئەم کارەی نەکرد.

"پاتریك مووڕای"

## زیرەکیی فریشتەیەك

ژن و مێردیکی ٦٠ ساڵە بە بۆنەی سی و پێنجەمین ساڵیادی هاوسەرگیرییانەوە چووبوونە دەروە تا جەژنێکی بچووکی دوو کەسی بگرن.

کاتێك لە پارکدا لە ژێر دارێکدا دانیشتبوون کتوپڕ فریشتەیەکی بچووك لە بەردەمیاندا دەرکەوت و وتی: چوونکە ئێوە ژن و مێردێکی تاقانەن و لە تەواوی ئەم ماوەیەدا لەگەڵ یەکتر دا وەفادار بوون من بۆ هەر کام لە ئێوە ئاواتێك جێبەجێ دەکەم!

ژنەکە لە خۆشیدا هەڵبەزییەوە و وتی:

زۆر باشە! دەمەوێ لەگەڵ شووەکەمدا بچین بۆ سەفەرێکی دەوری دنیا.

فریشتەکە دارە سێحراوییەکەی راوەشاند و فوو! دوو بیتاقەی پلە یەك بۆ باشترین رایەڵەی سەفەرکردنی دەوری دنیا لە دەستی ژنەکەدا دەرکەوت!

ئێستا نۆبەی شووەکە بوو کە ئاواتی خۆی بڵێ.

پیاوەکە چەند ساتێك بیری کردەوە و وتی:

... ئەمە زۆر ئەویندارانەیە بەڵام وەها بەخت و شانسێك تەنیا جارێك لە ژیانی مرۆڤدا پێش دێ. هەر بۆیە زۆر بەداخم خۆشەویستم ئاواتی من ئەوەیە کە



Scanned by CamScanner

هاوسەرێکم هەبێ کە ٣٠ ساڵ لە خۆم بچووکتر بێ. ژنەکە و فریشتەکە راچڵەکین و زۆر زوێر بوون. بەڵام ئاوات ئاواتە و دەبێ وەدی بێ.

فریشتە دارە سێحراوییەکەی راوەشاند و فوو! پیاوەکە بوو بە ٩٠ ساڵە!!!

ئاکامی ئەخلاقی: پیاوەکان لەوانەیە زیرەك و ناجسن بن، بەڵام فریشتەکان ژنن!!!




Scanned by CamScanner

نیوێك لە تەمەنمان باوك و دایكمان بە فیڕۆی دەدا و نیوەكەی دیكەی منداڵەكانمان.

"كلارنس داروو"

## هەڵاتن

باوك خەریك بوو لە تەنیشت دیوی كوڕەكەیەوە رەت دەبوو، بەسەرسوورمانەوە بینی كە قەرەوێڵەكەی بە تەواوی رێ وپێك و هەموو شتێك كۆ بووتەوە. پاكەتێكیش لەسەر سەرینەكە دانراوە و لەسەری نووسراوە "باوە". بە خراپترین پێشبینیی زەینی پاكەتەكەی كردوە و بە د ەستی لەرزۆكەوە نامەكەی خوێندەوە:



باوكی خۆشەیستم،

بە داخ و كەسەری زۆرەوە بۆت دەنووسم. من ناچار بووم لەگەڵ دەسگیرانەكەمدا هەڵ بێم، چوونكە دەمویست پێش بە رووبەڕووبوونەوەیەك لەگەڵ تۆ و دایكمدا بگرم. من هەستی راسەقینەم لەگەڵ "ئیستیسی" دۆزییەوە، ئەو بە راستی شازە، بەڵام دەمزانی كە تۆ ئەو قەبووڵ ناكەی، بەهۆی تیژبینیەكانی، خاڵكوتانەكانی، جلوبەرگە تەسكەكانی ماتۆڕسواری و بەهۆی ئەوە كە تەمەنی لە من زۆر زیاترە. بەڵام تەنیا هەستەكان نییە، باوكە، ئەو ...



Scanned by CamScanner

دووگیانە. ئیستیسی پێمی وت ئێمە دەتوانین شاد و خۆشبەخت بین. ئەو ترەیلییەکی لە دارستاندا هەیە و بڕێکی زۆر دار بۆ تەواوی زستان. ئێمە خەونێکی هاوبەشمان هەیە ئەویش هەبوونی ژمارەیەکی زۆر منداڵە. ئیستیسی چاوەکانی منی بەرە و هەقیقەت کردەوە کە ماریجوانا بەڕاستی زیان بە کەس ناگەیەنێ. ئێمە ئەو بۆ خۆمان دەچێنین و بۆ بازرگانی بە یارمەتیی ئەو کەسانەی دیکە کە لە مەزراکەدان و هەروەها بۆ تەواوی ئەو کۆکایین و ئیکستازییانەی کە دەمانەوێ، هەروەها دەپارێینەوە کە زانست بتوانێ چارەسەرێك بۆ ئیدز بدۆزێتەوە و ئیستیسی باشتر بێ. ئەو شایستەی ئەوەیە. نیگەران مەبە باوکە، من ١٥ ساڵمە و دەزانم کە چۆن خۆم بپارێزم. ڕۆژێك، دڵنیام کە بۆ چاوپێکەوتنتان دەگەڕێینەوە، ئەوسا تۆ دەتوانی نەوە زۆرەکانت ببینی.

لەگەڵ خۆشەویستیدا کوڕەکەت جان.

باوکە هیچ کام لە ڕووداوەکانی سەرەوە ڕاست نین، من لەسەرەوەم لە ماڵدا. تەنیا دەمویست وەبیرت بێنمەوە کە لە دنیادا شتگەلێکی خراپتریش هەیە لەهەمبەر کارنامەی قوتابخانە کە لەسەر مێزەکەمە ! هەرکات هاتن بۆ ماڵەوە {بۆ خوارەوە} ئەمن بوو تەلەفوونم بۆ بکە !



Scanned by CamScanner

هەڵەکانی دوکتور خاك دایان دەشارێ.
"پەندی لەمستانی"

## زیرەکیی دکتۆر

ساسان لە ڕێڕەوی نەخۆشخانەدا نیگەران راوەستابوو.

لە کۆتایی چوارچێوەی درگایەکی گەورەدا تابلۆی "دیوی نەشتەرگەری" دەبینرا.

چەند ساتی تر درگای دیوەکە دەکرێتەوە و دکتۆری نەشتەرگەر بە جلوبەرگی سەوزەوە لێی دێتە دەرەوە.

ساسان هەناسەی بۆ هەڵ ناکێشرێ.

دکتۆر: بەڕاستی بەداخم ئێمە تەواوی هەوڵی خۆمان دا تا خێزانت رزگار بکەین. بەڵام بەهۆی قورسیی لێدانەوە، نۆخاعی پچڕاوە و خێزانتان بۆ هەمیشە فەلەج بووە.

ئێمە ناچار بووین هەر دوو لاقی ببڕینەوە. چاوی چەپیشمان دەرهێنا... دەبێ تا کۆتایی تەمەن پەرستاری لێ بکەی، بە بۆڕی تایبەت خواردنی پێ بدەی، لەسەر قەرەوێڵە بیجووڵێنی، بیشۆری، ژێری خاوێن بکەیتەوە و لەگەڵیدا بدوێی...

ئەو تەنانەت ناتوانێ بدوێ، چوونکە قورگی زیانی پێگەیشتووە.

بە بیستنی وتەکانی دکتۆر وردە وردە جەستەی پیاوەکە دادەهێزرێ، پاڵ بە دیوارەوە دەدات. سەری دەسووڕێت و بەرچاوی رەش دەبێ.



Scanned by CamScanner

به دیتنی ئەم کاردانەوەیە، دکتۆر بزەیەك دەکا و دەستی لەسەر شانی پیاوەکە دادەنێ.

دکتۆر: هە! گاڵتەم کرد... ژنکەت هەر لەسەرەتاوە مرد!!!!



Scanned by CamScanner

گەورەترین کارەسات بۆ مرۆڤ ئەوەیە کە نە خوێندەواری پێویستی بۆ قسەکردن هەبێ و نە ئاوەزی پێویستی بۆ بێدەنگ بوون.

## پرسیای بێ وەڵام

ئانتۆنی بەرنامەنووس و ئاندرە ئاندازیارە. ئەوان لە سەفەرێکی دووورودرێژی ئاسمانیدا لەتەنیشت یەکتر لە فڕۆکەدا دانیشتبوون.

ئانتۆنی رووی کردە ئاندرە و وتی: حەزت لێیە پێکەوە یاری بکەین؟

ئەندازیار کە دەیویست پشوو بدات بەڕێزەوە وەڵامی رەتی دایەوە و روومەتی بەرەو پەنجەرە وەر گێڕا و پەتووی بە سەر خۆیدا کێشا.

بەرنامەنووس دیسان وتی: یارییەکی سەرقاڵکەرە.

من پرسیارێك لە ئێوە دەکەم و ئەگەر ئێوە وەڵامتان نەزانی ٥ دۆلار بە من بدەن.

دواتر ئێوە لە من پرسیارێك دەکەن و ئەگەر من وەڵامم نەزانی ٥ دۆلار بە ئێوە دەدەم.

ئەندازیار دیسان داوای لێبووردنی کرد و چاوی نووقاند تا بخەوێ.

ئەم جارە، بەرنامەنووس پێشنیارێکی دیکەی دا.

وتی: باشە، ئەگەر ئێوە وەڵامی پرسیاری منتان نەزانی ٥ دۆلار بدەن بەڵام ئەگەر من نەمتوانی وەڵامی پرسیاری ئێوە بدەمەوە ٥٠ دۆلارتان پێ دەدەم.

ئەم پێشنیارە وەنەوزی ئەندازیاری تێك دا و رازی بوو کە لەگەڵ بەرنامەنووسدا یاری بکات.



Scanned by CamScanner

بەرنامەنووس یەکەمین پرسیاری هێنایە ئاراوە، "مەودای زەوی تا مانگ چەنێکە؟"

ئەندازیار بێ ئەوە کە وشەیەك لە زمانی بێتە دەرەوە دەستی کرد بە گیرفانیدا و ٥ دۆلاری بە بەرنامەنووس دا.

ئێستا سەرەی خۆی بوو. ئەندازیار وتی: "ئەوە چییە کە کاتێك لە بەرزاییەوە دەچێتە سەر سێ قاچ و کاتێك دێتە خوارەوە چوار قاچی هەیە؟"

بەرنامەنووس سەیرێکی سەرسامهێنەری کرد و دواتر چوو بۆ لای لاپتۆپەکەی و تەواوی زانیارییەکانی نێوی پشکنی.

ئەوسا لە رێگەی مۆدێمی وایەرلێسی لاپتۆپەکەی بە ئینتەرنێتەوە بەسترا و زانیارییەکانی کتێبخانەی کۆنگرەی ئەمریکاشی پشکنی.

دیسان شتێکی بەکەڵکی نەدۆزییەوە.

پاشان بۆ تەواوی هاوکارەکانی لە رێگەی ئیمەیلەوە پەیامی نارد و پرسیارەکەی لەگەڵیاندا باس کرد.

و لەگەڵ یەك دوو کەسیشدا چاتی کرد بەڵام ئەوانیش نەیانتوانی یارمەتییەك بکەن.

سەرنجام دوای سێ کاتژمێر، ئەندازیاری لە خەو هەڵساند و ٥٠ دۆلاری پێ دا.

ئەندازیار بەئەدەبەوە ٥٠ دۆلارەکەی وەرگرت و رووخساری وەرگێڕا تا دیسان بخەوێ.

بەرنامەنووسەکە دوای کەمێك راوەستان، ئەوی راوەشاند و وتی: "باشە، وەڵامی پرسیارەکەت چی بوو؟"

ئەندازیار دیسان بێ ئەوە کە وشەیەکی لە زاری دەر بێ دەستی کرد بە گیرفانیدا و ٥ دۆلاری بە بەرنامەنووس دا و رووی وەر گێڕا و خەوت...



Scanned by CamScanner

## گرەو ئەکەم کە ئێوە دووگیانن

ڕۆژێك خاتوونێکی بەتەمەن بە ناوە ئێلیزا بە جانتایەکی پڕ لە پارەوە سەردانی یەکێك لە لقەکانی گەورەترین بانکی کەنەدای کرد و حەسابێکی بە بڕی یەك میلیۆن دۆلار کردەوە. پاشان بە بەرپرسی لقی وت بە چەند هۆیەك دەیەوێ چاوی بە بەڕێوەبەری ئەو بانکە بکەوێ و وەك ڕەوتی ئاسایی بە هۆی ئەو بڕ پارە زۆرەی کە بە بانکی ئەسپاردبوو، داخوازیی ئەو قەبووڵ کرا. کاتی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەری بانکدا بۆ ئەو خاتوونە دیاری کرا.



ئێلیزا لە ڕۆژی دیاریکراودا چووە بینای ناوەندیی بانك و بۆ نووسینگەی بەڕێوەبەر ڕێنوێنی کرا. بەڕێوەبەر بە گەرمی پێشوازی لێکرد. زۆری نەخایاند کە ئەو دوو کەسە سەرقاڵی وتووێژ لەبارەی بابەتگەلی جۆراوجۆر بوون. تا ئەوە کە باس هاتە سەر حەسابی بانکیی پیرەژنەکە و بەڕێوەبەر بە پەیجوورییەوە پرسی بەڕاست چیرۆکی ئەم پارە زۆرە چییە؟ ئاخۆ بەم دواییانە بە میرات پێتان گەیشتووە؟ ژنەکە لە وەڵامدا وتی: نە، ئەم پارەیەم بە خەریکبوون بەو سەرقاڵییەی کە حەزم لێیە، واتە گرەوکردن، پاشەکەوت کردووە. پیرەژن درێژەی دا، چوونکە ئەم کارە بۆ من بۆتە خوو، دەمەوێ لەم دەرفەتە کەڵك وەربگرم و گرەو بکەم کە ئێوە دووگیانن!

پیاوە بەڕێوەبەرەکە کە جەستەیەکی لەڕ و لاوازی بوو بە بیستنی ئەو پێشنیارە بێ ویستی خۆی کەوتە پێکەنین و بەتامەزرۆییەوە پرسی: بۆ نموونە

لەسەر چەنێك پارە؟ ژنەکە وەڵامی دایەوە: ٢٠ هەزار دۆلار و ئەگەر رازین من سبەی کاتژمێر دەی بەیانی لەگەڵ پارێزەرەکەمدا لە نووسینگەی ئێوەدا ئامادە دەبم تا بە بەشداریی ئەو گرەوەکەمان فەرمی بکەین و دواتر ببینین کێ براوەیە.

بەڕێوەبەر قەبووڵی کرد و داوای لە سکرتێرەکەی کرد کە سبەی بۆ کاتژمێر دەی بەیانی بەرنامەیەکی بۆ دانەنێ.

رۆژی دواتر راست لە کاتژمێر دەدا ئەو خاتوونە لەگەڵ پیاوێکدا کە بەڕواڵەت پارێزەری بوو لە شوێنی نووسینگەی بەڕێوەبەردا ئامادە بوو.

پیرەژنەکە زۆر بەئەدەبەوە داوای لە پیاوە بەڕیوەبەرەکە کرد کە ئەگەر دەکرێ کراس و ژێر کراسییەکەی خۆی لەبەر دابکەنێ.

پیاوە بەڕیوەبەرەکە کە تامەزرۆ بوو بزانێ سەرنجام ئەو رووداوە چۆن کۆتایی پێ دێ، بە زەردەخەنەیەك کە لەسەر لێوی بوو داوای پیرەژنی بەڕێوە برد.

پارێزەری پیرەژن بە دیتنی ئەو دیمەنە تووڕە بوو و تێك چوو. پیاوە بەڕیوەبەرەکە کە تێکچوونی ئەوی بینی بەسەرسوورمانەوە هۆکەی لە پیرەژنەکە پرسی.

پیرەژنەکە وەڵامی دایەوە: من لەگەڵ ئەم پیاوەدا لەسەر سەد هەزار دۆلار گرەوم کردبوو کە کارێك دەکەم بەڕێوەبەری گەورەترین بانکی کەنەدا لە بەرچاوی ئێمەدا کراس و ژێرکراسییەکەی خۆی دەر بێنێت!



Scanned by CamScanner

## بارمتەی بانکی

ڕۆژێك پیاوێك لە مەنهەتەنی نیویۆرکدا چووە نێو بانکێك و بیتاقەیەکی لە دەزگا وەرگرت.

کاتێك ژمارەکەی لە بڵێندگۆوە ڕاگەیەندرا هەڵسا و چووە لار کارناسی بانك و وتی کە دەیەوەێ بۆ ماوەی دوو حەوتوو سەفەری بازرگانی بۆ ئەورووپا بکات و بەم هۆیەوە پێویستی بە وامێکی خێرا بە بڕی ٥٠٠٠ دۆلار هەیە.

کارناسەکە سەیرێکی قەلافەت و جلوبەرگی پاساوداری پیاوەکەی کرد و وتی کە بۆ وەرگرتنی وام پێویستی بە بارمتە و گەرەتنی هەیە.

پیاوەکەش خێرا دەستی کرد بە گیرفانیدا و کلیلی ئوتۆمبێل فێراری نوێی کە ڕاست لەبەردەم بانکدا ڕایگرتبوو دا بە کارناسەکە.

سەرۆکی بانکیش دوای گونجاندنی تایبەتمەندییەکانی خاوەن ئوتۆمبێلەکە سەرنجام لەگەڵ وامی ئەو پیاوەدا ڕەزامەندی نیشان دا ئەویش تەنیا بۆ دوو حەوتوو.

فەرمانبەری بانکیش خێرا کلیلی ئوتۆمبێلە بەنرخەکەی وەرگرت و ئوتۆمبێلەکەی بۆ پارکینگی بانك لە قاتی خوارەوەدا ڕاگوێزا.

سەرنجام پیاوەکە پاش دوو حەوتوو هەروا کە بڕیار بوو گەڕایەوە و ٥٠٠٠ دۆلاری لەگەڵ 15/86 دۆلار هەقدەسی وامەکە ڕادەست کرد.

کارناس ڕووی لە پیاوەکە کرد و لە زاری سەرۆکی بانکەوە وتی: "لەوە کە بانکی ئێمەتان هەڵ بژاردووە سوپاستان دەکەین."



Scanned by CamScanner

و وتی ئێمە لێکۆڵینەوەمان کرد و دەرکەوت کە ئێوە مۆڵتی میلیۆنێرن، بەڵام تەنیا من پرسیارێکم بۆ ماوەتەوە کە سەرەڕای ئەو هەمووە داراییە بۆ خۆتان خستە زەحمەت و ٥٠٠٠ دۆلار وامتان لە ئێمە وەرگرت؟

پیاوەکە سەیرێکی کارناسی داماوی کرد و وتی: تۆ تەنیا بە من بڵێ لە کوێی نیۆیۆرکدا دەتوانم ئوتۆمبێلێکی ٢٥٠٠٠٠ بۆ ماوەی دوو حەوتوو بە ئەرخەیانییەوە تەنیا بە 15/86 دۆلار پارک بکەم.



Scanned by CamScanner

رامان مرۆڤ لە خوێندن بێ نیاز دەکا و خوێندن پێش لە بیرکردنەوەی دەگرێ.

"والت ویتمەن"

## کاری گرووپی زیرەکانە

لە رۆژێکی خۆرەتاودا لە دارستانێکی سەرسەوزدا کەروێشکێک لە دەرەوەی هێلانەکەی دانیشتبوو و بە شێلگیرییەوە خەریکی تایپکردنی بابەتێک بە دەزگای تایپ بوو. رێوییەک کە لەو دەوروبەرەوە تێدەپەڕی سەرنجی بۆ لای کەروێشک راکێشرا.



ـ هێی گوێ درێژ... خەریکی چی دەکەی؟

ـ ها؟... وتار دەنووسم.

ـ چ سەرنجڕاکێش! بابەتەکەی چییە؟

ـ راستییەکەی خەریکم لە بارەی ئەوە کە کەروێشکەکان چۆن رێوی دەخۆن لێکۆڵینەوەیەک دەکەم.

ـ گاڵتەجاڕییە... هەر گەمژەیەک دەزانێ کە کەروێشکەکان، رێوییەکان ناخۆن واتە ناتوانن بیانخۆن.

ـ بەڕاست؟! لەگەڵ مندا وەرە ماڵەوە تا پێت نیشان بەم.



Scanned by CamScanner

هەر دووکیان چوونە نێو هێلانەی کەروێشك. پێنج خولەك دواتر کەروێشك لە کاتێکدا کە خەریکی خاوێنکردنەوەی دیانەکانی بوو بە ئێسکی ڕێویی لە هێلانەکەی دیتە دەرەوە و دیسان خەریکی تایپ دەبێ. چەند خولەك دواتر گورگێك لەوێوە ڕەت دەبێ.

ـ هێی! خەریکی چیت؟

ـ لەسەر تێزەکەم کار دەکەم.

ـ هاها ... چ قسەخۆش... تێزەکەت لەسەر چییە؟... جۆرەکانی گێزەر؟

ـ نە لەسەر ئەوەیە کە کەروێشکەکان چۆن گورگەکان دەخۆن.

ـ چ بابەتێکی لێکۆڵینەوەی گەمژانەیە. تەنانەت مێشێکیش دەزانێ کە کەروێشك ناتوانێ گورگ بخوات.

ـ بەڕاست؟... وەرە ماڵەوە تا پێت بڵێم.

هەردووکیان دەچنە نێو هێلانەی کەروێشك و ڕاست وەك دیمەنی پێشوو کەروێشك لە کاتێکدا کە خەریکی لستنەوەی ئێسکی گورگەکەیە دێتە دەرەوە.

دیمەنێکی حەپەسێنەر:

شێرێکی دڕندە کە لە بەختی کەروێشك تەنیا حەزی لە گۆشتی ڕێوی و گورگە لە نێو ئەشکەوتدا جێی خۆش کردووە و کەروێشك بەئاسودەیی لە سووچێکی دیکەدا لەسەر تێزەکەی کار دەکات.



Scanned by CamScanner

## بازرگانی بە گوێدرێژی مردوو

ساموونێل لە خاوەن مەزرایەك لە تێگزازدا گوێدرێژێکی کڕی بە نرخی ١٠٠ دۆلار. بڕیار بوو کە خاوەن مەزراکە گوێدرێژەکە ڕۆژی دواتر رادەست بکات. بەڵام ڕۆژی دواتر خاوەن مەزرا هاتە لای ساموونێل و وتی: "بەداخم کوڕی لاو. هەواڵێکی ناخۆشم بۆت هەیە. گوێدرێژەکە مردووە."

ساموونێل وەڵامی دایەوە: "قەی ناکا. پارەکەم پێ بدەرەوە."

خاوەن مەزرا وتی: "نابێ. ئاخر گشت پارەکەم خەرج کرووە."

ساموونێل وتی: "باشە، کەوابوو هەر ئەو گوێدرێژە مردووەم پێ بدە."

خاوەن مەزرا وتی: "دەتەوێ چی پێ بکەی؟"

ساموونێل وتی: "دەمەوێ تیروپشکی پێ بکەم."

خاوەن مەزرا وتی: " نابێ گوێدرێژێکی مردوو بخریتە تیروپشکەوە!"

ساموونێل وتی: "روونە دەتوانم. چاو لێکە. تەنیا بە کەس ناڵێم کە گوێدرێژەکە مردووە."

ساڵێکی دواتر خاوەن مەزرا جەك {ساموونێل}ی بینی و پرسی: "باسی گوێدرێژە مردووەکە بوو بە چی؟"

ساموونێل وتی: "خستمە تیروپشکەوە ٥٠٠دانە بیتاقەی ٢ دۆلاریم فرۆشت و ٩٩٨ دۆلار قازانجم کرد."

خاوەن مەزرا پرسی: "هیچ کەسیش سکاڵای نەکرد؟"

ساموونێل وتی: "تەنیا ئەو کەسەی کە گوێدرێژەکەی بردبۆوە. منیش ٢ دۆلارەکەم پێ دایەوە."

ئاکامی ئەخلاقی: هەمیشە لە هەر شکستێکدا دەرفەتێك بۆ سوودوەرگرتن هەیە.



Scanned by CamScanner

# بەشی ٥

# چیرۆکەکانی گەمژەیی و نەزانی

له لای خوادا هەموومان بە یەك رادە زیرەك و بە یەك رادە گەمژەین.

"ئالبێرت ئینیشتاین"



Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

زۆریک لە کەسەکان وەک کابینەکانی شەمەندەفەرن، دەبێ بخرێنە ژێر کار. تەنیا ژمارەیەکی کەم وەک لۆکۆمۆتیڤن کە هەم خۆیان دەتوانن بە ویست و دەسەلاتی خۆیان کار بکەن و هەم ئەوانی دیکەش ناچار بکەن کە کار بکەن.

"کاسون، هێربێرت"

بە پێچەوانەی بەشەکانی دیکە کە باسی داهێنەری و ناسینی کەسانی پێشەنگ و بیرمەندم کرد لەم بەشەدا ئاماژە بە گەمژەیی و نەزانی کەسانی لاساییکەر و بێ هێزی بیرکردنەوەی داهێنەرانە دەکەم. چوونکە بەپێی بنەمای لێکدژی هەر راستییەک بە دژی خۆی باشتر دەتوانی بناسی و هەبوونی ئانتی تێز بۆ تێگەیشتن لە تێز پێویستە. لەوانەیە گرینگترین خەسڵەتی کەسانی چاولێکەر نەبوونی تێگەیشتنی درووستی ئەوان لە بارودۆخ و هەلکەوتەکانی ژیانیان بێ. ئەوان تەنیا کوێرکوێرانە بە شوێن وەرگرتنی بڕیار و بەرنامەکان بۆ بەرێوەبردنی کارەکانی خۆیانن. ئەم کەسانە ئەوەندە دەستەوەستان و بەدەر لە هێزی بیرکردنەوە و بەرنامەدارشتنن کە بە گۆڕانی هەلکەوتەکان لە درێژەدان بە کار رادەوەستن و نازانن لەگەڵ بارودۆخی تازەدا چۆن بەرەورِوو بن و چ کاردانەوەیەک لە خۆیان نیشان بدەن. لەم بەشەدا سێ چیرۆکم هەڵ بژاردووە کە ئەم راستییە تاڵە دەر دەخات:

١ - لە خاڵێکی ئەفریقادا کە لە نێوەڕاستی دارستانەوە تێدەپەڕی بە کارمەندەکانی رێگای ئاسن فەرمان درابوو کە بێ بڕیار هیچ کارێک نەکەن.



Scanned by CamScanner

رۆژێك سەرۆکی دایرەی رێگای ئاسن تێلگرافێکی بەم ناوەرۆکە وەرگرت: "بەورێکی درندە لەسەر سەکۆ خەریکی خواردنی پشکێنەری شەمەندەفەرە چاوەڕێی فەرمانین."

٢ - مەلانەسرەدین هەمیشە ئاواتی ئەوە بوو کە نۆکەرێکی هەبێ کە بێ بڕیاری ئەو دەست لە هیچ شتێك نەدا. تا ئەوە کە بەم ئاواتەی گەیشت و نۆکەرێکی بۆ دۆزرایەوە بەو خەسڵەتەی کە دەیویست. رۆژی یەکەم کە مەلا ویستی بۆ مزگەوت بچێ بە نۆکەرەکەی وت بەرماڵەکە ببە و لە مزگەوتدا رای بخە. نۆکەرەکەی بەرماڵی برد و رایخست. دوای نوێژ مەلا گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، لە نۆکەرەکەی پرسی: "بەرماڵەکەت هێنایەوە؟"

نۆکەر وتی: "نە، ئێوە نەتان وتبوو". مەلا وتی: ئێ برۆ بزانە نەیانبردبێ."

نۆکەر رۆیشت و گەڕایەوە و وتی: "نە گەورەم نەیان بردبوو."

مەلا بە نارەحەتییەوە وتی: " بۆ نەتهێنایەوە؟ زوو بچۆ بەرماڵەکە بێنە."

٣ - بڕیاری درووست لە پێشهاتەکاندا

پیاوێك لە ژێر باراندا لە گوندیك تێدەپەڕی. خانوویەکی بینی کە خەریك بوو دەسووتا و پیاوێکی بینی کە لە نێوەڕاستی گڕەکاندا لە دیوێکدا دانیشتبوو. رێبوارەکە هاواری کرد، هێی، ماڵەکەت ئاگری گرتووە! پیاوەکە وەڵامی دایەوە، دەزانم، بەڵام لە دەرەوە باران دەبارێ. دایکم هەمیشە دەیگوت ئەگەر بچیتە بەر باران تووشی ماسینی سییەکان دەبی.

ژێر ئەو کەسەیە کە کاتێك ناچار بوو بتوانێ لە هەڵکەوتی خۆی تێبگات.



Scanned by CamScanner

درەوشانەوەی کانزایەکی بێخەوش بەنرختر لە
بریقەی هەر دراوێکی ئاڵتوونییە.
"تووماس جێفێرسۆن"

## دووکانی ئەقڵ فرۆشی

پیاوێکی لاو سەرەڕای هەبوونی مەعریفەی زۆر، پیشەیەکی نەدەدۆزییەوە. هەر بۆیە ڕۆژێك بڕیاری دا کە بەنرخترین دارایی خۆی، واتە زیرەکی و لێهاتوویی بخاتە بازاڕەوە. دووکانێکی لە بازاڕدا کردەوە کە لەسەر درگای چوونەناوەوەی بە پیتی گەورە نووسرابوو:

"ئەقڵ فرۆشی"

یەکەمین، کڕیاری ئەقڵ کوڕی دەوڵەمەندترین بازرگانی بازاڕ بوو. لەوی پرسی کە چ جۆرە ئەقڵێك لەم دوکانەدا دەفرۆشرێ و نرخی چەنێکە؟

پیاوی زانا وەڵامی دایەوە:

"ڕاندمانی هەر شتێك، دیاریکەری نرخەکەیەتی. بە تۆ بەستراوەتەوە کە چەنێك پارە بدەی، چوونکە من بە هەمان ڕادە ئەقڵ بە تۆ دەدەم."

کڕیار وتی:

"بەقەد دینارێك ئەقڵم پێ بدە."

پیاوی زانا وەڵامی دایەوە:

"بە دینارێك دەتوانی سەد هەزار دینار پاشەکەوت بکەی."



Scanned by CamScanner

کوڕی بازرگان پارەکەی پێ دا. پیاوی زانا، ئامۆژگارییەکی زیرەکانەی لەسەر کاغەز بۆی نووسی:

"کەوتنە نێوان دوو کەسی دەستڕۆیشتوو کە پێکەوە جەنگیان هەیە، کارێکی گەمژانەیە!"

دەوڵەمەندترین بازرگانی بازاڕ پیاوێکی زۆر ڕەزیل بوو و هەر بۆیە ماڵ و سامانێکی زۆری کۆ کردبۆوە. کاتێك کوڕەکەی لەتە کاغەزەکەی بەو نیشان دا، زۆر تووڕە بوو و دەسبەجێ چوو بۆ دووکانی پیاوی زانا و داوای دینارەکەی خۆی کرد.

پیاوی زانا پارەکەی پی دایەوە، بەڵام لەو بەڵێنی وەرگرت کە کوڕەکەی هیچکات لەم ئامۆژگارییە زیرەکانەیە لە ژیانیدا کەڵك وەر نەگرێ.



چەند ڕۆژ دواتر، دوو هاودەمی ژنە سەرەکییەکانی خەلیفە لە بەرانبەر دووکانێکی ئاڵتوون فرۆشیدا لەبارەی دەستبەندێکی بەنرخەوە دەمەقاڵەیان دەکرد. یەکێکیان بانگەشەی دەکرد:

"من سەرەتا دەستبەندەکەم بینیوە، هەر بۆیە مافی خاتوونی منە."

و هاودەمی دیکە دەیگوت:

"دەستبەند هی خاتوونی منە، چوونکە ئەو هاوسەری یەکەمی خەلیفەیە."

کوڕی بازرگان چوونکە شایەتی ئەم ڕووداوە بوو، ئەو دووژنە بە قیڕوقاڵەوە پێیان وت کە "تۆ دەبی لە دادگادا شایەتی بدەی!"



Scanned by CamScanner

کوڕەکە بەسەرهاتەکەی بۆ باوکی خۆی گێڕایەوە. هەر دووکیان دەیانزانی کە ئەم ڕووداوە کۆتاییەکی خۆشی نییە. هەر بۆیە چوون بۆ لای فرۆشیاری ئەقڵ و لەوپەڕی پشێویدا داوای ڕاوێژیان لێکرد.

پیاوی زانا دوای وەرگرتنی پێنج هەزار دینار بەوانی وت:

"کوڕەکە لە دادگادا دەبێ ڕۆڵی شێت بگێڕێ تا بتوانێ لەم کێشەیە خۆی ڕزگار بکات."

کوڕی بازرگان وەهای کرد و خەلیفە فەرمانی دا دوو هاودەمە کێشەخولقێنەکە سزا بدەن، چوونکە بۆیان دەرنەکەوت کە کامیان دەمەقاڵەکەیان دەست پێ کردووە.

هاوسەری دووهەمی خەلیفە زۆر بەخیل بوو و لەگەڵ بڕیاری خەلیفەدا هاوڕا نەبوو، هەر بۆیە بانگەشەی کرد، کوڕی بازرگان تەنیا بۆ ئەوە کە هەڵوێستێکی تایبەت نەگرێ، ئەم ڕۆڵەی گێڕاوە.

کاتێك کوڕی بازرگان لە دوژمنایەتیی هاوسەری دووهەمی خەلیفە لەگەڵ خۆیدا تێگەیشت، خێرا چوو بۆ لای زاناکە تا ڕێگایەك بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە بدۆزێتەوە.

پیاوە زانا وتی:

"نرخی ڕاوێژ هەزار دینار دەکات."

کوڕەکە دەسبەجێ پارەکی دا. زاناکە پێشنیاری پێ کرد: "خێرا بچێت بۆ ئاڵتوون فرۆشی و هەمان دەستبەند بۆ ژنی دووهەمی خەلیفە بکڕێ و وەك دیاری پێی بدات. ئەم کارە نە تەنیا ئەو خاتوونە دڵخۆش دەکات بەڵکوو لەهەمبەر تۆیش گەشبین دەبێ."



Scanned by CamScanner

بازرگان وای کرد و سەد هەزار دیناری لەبری دەستبەندەکە دا. لەڕاستیدا ئەو بە کۆ پارەیەکی زیاتری بۆ دەربازبوونی کوڕەکەی لەو کێشەیە دا، چوونکە ئامۆژگاریی یەك دیناری ڕەت کردبۆوە.

باسی ئەم ڕووداوە زار بە زار چوو و ئەو کەسانەی کە بەدوای پێشنیار و ڕاوێژەوە بوون، شاڵاویان بۆ دووکانێکی بچوك برد کە تێیدا "ئەقڵ دەفرۆشرا".

"مەڵهەمێك بۆ مرۆڤ"



Scanned by CamScanner

لەدەستدانی دەرفەتەکان خەمی لێ دەکەوێتەوە.

"حەدیسی پێغەمبەر"

## دەرفەتکوژی

دەڵێن ئەگەر کەسێك چل رۆژ پشت سەر یەك درگایماڵەکەی ئاوپرژێن بکات و گسکی بدا، حەزرەتی خزر دێت بۆ چاوپێکەوتنی و ئاواتەکانی دێنێتە دی.

سی و نۆ رۆژ بوو کە پیاوە داماوەکە هەموو رۆژێك بەیانی لە خەو هەڵ دەسا و بەر درگای ماڵەکی ئاوپرژێن دەکرد و گسکی لێدەدا. ئەو لە هەژاری و دەسکورتی ئازاری دەکێشا. بە خۆی وتبوو: ئەگەر خزر ببینم، بەو دەڵێم کە پێم خۆشە دەوڵەمەند ببم. دڵنیام کە تەواوی بەدبەختی و گێرەوکێشەکانم بەهۆی بێ پارەییە.

رۆژی چلەم هات. هێشتا هەوا تاریك و روون بوو کە خەریکی گسکلێدان بوو.

کەمێك دواتر زانی کە برێك زبڵ لەو لاتر رژاوە. بە خۆی وت: هەرچەند ئەو زبڵانە لە پێش درگای مندا نین باشترە ئەوانیش خاوێن بکەمەوە.

هەرچی بێت ئیمرۆ رۆژی دیداری من لەگەڵ خزردایە، نابێ شوێنەکانی دیکەش پیس بن.

پیاوە داماوەکە لەم بیرەدا ئاوپرژێن و گسکلێدانی وەلا ناو چووە نێو ماڵەکەی تا بێلێك بێنێ و زبڵەکان هەڵ بگرێ.

کاتێك بێڵ بەدەس دەگەڕایەوە، بەتەواوی لە بیری چاوپێکەوتن لەگەڵ خزردا بوو بەم خەیاڵانەوە خەریکی کۆکردنەوەی زبڵەکان بوو.



Scanned by CamScanner

کتوپڕ دەنگێکی لاقی بیست. سەری بەرز کردەوە و بینی پیرەپیاوێک لێی نزیک دەبێتەوە. پیرەپیاو کە هاتە پێشتر سڵاوی کرد. پیاوەکە وەڵامی سڵاوەکەی دایەوە.

پیرەپیاو پرسی: بەم بەیانی زووە لێرەدا چی دەکەی؟

پیاوەکە وەڵامی دایەوە: خەریکم بەر ماڵەکەم ئاوپرژێن دەکەم و گسکی لێدەدەم ئاخر بیستوومە کە ئەگەر کەسێک چل ڕۆژی تەواو بەر ماڵەکەی ئاوپرژێن بکات و گسکی لێبدا، حەزرەتی خزر دەبینێ.

پیرەپیاوەکە وتی: ئێستا بۆ دەتەوێ خزر ببینی؟

پیاوەکە وتی: ئاواتێکم هەیە کە دەمەوێ بەوی بڵێم.

پیرەپیاوەکە وتی: چ ئاواتێک؟ وابیر بکەرەوە کە من خزرم، ئاواتەکەت بە من بڵێ.

پیاوەکە سەیرێکی پیرەپیاوی کرد و وتی: بڕۆ باوکە گیان! بڕۆ بەردەستم مەگرە.

پیرە پیاو پێداگری کرد، ئێستا وابیر بکەوە کە من خزر بم. هەر ئاواتێکت هەیە بیلێ.

پیاوەکە وتی: تۆ کە خزر نیت. خزر دەتوانێ هەر کارێک کە لێت بوێ بیکات.

پیرەپیاوەکە وتی: وتم کە، پێت وابێ من خزرم هەر کارێک کە دەتەوێ بە منی بڵێ شایەت بتوانم بۆتی بکەم.

پیاوەکە کە تاقەتی مشتومڕی نەبوو، ڕووی کردە پیرەپیاو و وتی: ئەگەر تۆ ڕاست دەکەی و حەزرەتی خزری، ئەم بێڵەی من بکە بە سەوڵ، بزانم. پیرەپیاو سەیرێکی ئاسمانی کرد، شتێکی لە ژێر لێوەوە خوێند و دواتر سەیرێکی بێڵی پیاوە داماوەکەی کرد.

لە چاوترووکانێکدا بێڵی پیاوە داماوەکە بوو بە سەوڵ.



Scanned by CamScanner

پیاوەکە کە چاوی بڕیبووە بێڵە بە سەوڵ بووەکە، تازە زانی کە پیرەپیاوی ڕێبوار خزر بووە.

چەند ساتێك کە تێپەڕی سەری بەرز کردەوە تا لەگەڵ خزردا سڵاو و خۆش و چلۆنی بکات و ئاواتی ڕاستەقینەی بەو بڵێت، بەڵام هیچ خەبەرێك لەو نەبوو.

پیاوە داماوەکە تێگەیشت کە ماندووبوونەکەی بە فیڕۆ چووە.

سەیرێکی سەوڵەکەی کرد و بینی کە جیا لە وەرزی زستان بەکەڵك نایەت لە کاتێکدا لە بێڵەکەی لە تەواوی وەرزەکاندا دەیتوانی کەڵك وەر بگرێ.

لەو کاتە بەدواوە بەو کەسە ساویلکەیەی کە بۆ گەیشتن بە ئامانجێك هەوڵ دەدات، بەڵام لە دوایین ساتدا بە هۆی نەزانی و نەفامییەوە سەرکەوتن و هەلکەوتی خۆی لەدەست دەدات، دەڵێن "بیلش را پارو کردە است." (بێڵەکەی کردووە بە سەوڵ).

دەرفەت وەك شەیتانۆکە بە هێمنی لە ڕێگاوە دێ

هەر کە کەڵکی لێ وەرنەگری، وەك کەروێشکی خێرا لە دەستتان هەڵ دێ.

"ئارتوور بریسین"



Scanned by CamScanner

دامێنـــەری وانــە باشـــترین کـــەلکوەرگرتن لـــە
هەبووەکان و باروودۆخی هەنووکە.
"کارل میز"

## چیرۆکی چوار برا

چوار برا ماڵی خۆیان بە مەبەستی خوێندن بەجێ هێشت و بوون بە دکتۆر و دادوەرو و کەسانێکی سەرکەوتوو.

چەند ساڵ دواتر ئەوان پاش شێوێك کە پێکەوە خواردیان دەستیان کرد بە قسەکردن. ئەوان لەبارەی ئەو دیارییانەی کە توانییان بە دایکی بەتەمەنیان کە دوور لەوان لە شارێکی دیکەدا دەژیا بدەن، قسەیان دەکرد.

یەکەمی وتی: من ماڵێکی گەورەم بۆ دایکمان ساز کرد...

دووهەمی وتی: من تەماشاخانە (هۆڵی شانۆ)ی سەد هەزار دۆلاریم لە ماڵەکەدا درووست کرد.

سێهەمی وتی: من ئوتۆمبێلێکی مێرسێدێسم لەگەڵ شۆفێردا بە کرێ گرت تا دایکمان بچێ بۆ سەفەر.

چوارەمی وتی: گوێ بگرن، هەمووتان دەزانن کە دایکمان چەنێك حەزی لە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز بوو و دەزانن کە ئیتر هیچ کات ناتوانێ بخوێنێتەوە، چوونکە چاوەکانی باش نابینن. من، قەشەیەکم بینی کە پێمی وت تووتییەك هەیە کە دەتوانێ تەواوی کتێبی پیرۆز لەبەر بخوێنێتەوە... ئەم تووتییە بە یارمەتیی بیست قەشە و لە ماوەی ١٢ ساڵدا ئەمە فێر بووە. من لە رووی ناچارییەوە بەڵێنم



Scanned by CamScanner

دا که بۆ ماوەی بیست ساڵ و هەر ساڵێک سەد هەزار دۆلار بە کلیسا بدەم. دایکما تەنیا دەبێ ناوی بەش و ئایەتەکان بڵێ و تووتی لەبەر بۆی دەخوێنێتەوە.

براکانی دیکە کەوتنە ژێر کاریگەری.

پاش ڕۆژانی پشوو، دایکیان یادداشتێکی سوپاس و پێزانینی نارد.

ئەو نووسی: میلتۆنی خۆشەویستم، ئەو ماڵەی کە بۆ منت ساز کردووە زۆر گەورەیە، من تەنیا لە یەك دیودا دەژیم بەڵام ناچارم تەواوی ماڵەکە خاوێن بکەمەوە. بەهەرحاڵ سوپاست دەکەم.

مایکی خۆشەویستم، تۆ تەماشاخانەیەکی گران قیمەتت بە دەنگی دالبی دا بەمن. تێیدا پەنجا کەس جێی دەبێتەوە بەڵام من تەواوی دۆستەکانم چەندین ساڵە کە لەدەست داوە، من هەستی بیستنم لەدەست داوە و کەم و زۆر کەرم هەر بۆیە هیچ کات کەڵکی لێ وەرناگرم بەڵام سوپاسی ئەم کارەت دەکەم.

ماروینی خۆشەویستم، من زۆر پیرم کە بچم بۆ سەفەر. من لە ماڵدا دەمێنم، دوکانی وردەفرۆشیم هەیە هەر بۆیە هیچ کات لە مێرسیدێس کەڵك وەرناگرم. ئەم ئۆتۆمبێلە زۆر خێرایە. بەڵام بیرت باش بوو سوپاست ئەکەم.

ملیونی خۆشەویسترینم، تۆ تەنیا کوڕێکی کە بە بیری بچووکت منت خۆشحاڵ کرد. جووجکەکە زۆر بەتام بوو! ! سوپاست ئەکەم.

ئێمە لە تووتیی لێهاتوویەکان و تواناییەکانی خۆمان چی دەکەین؟



Scanned by CamScanner

## زندانی

ذهن ما زندانی است

ما در آن زندانی

قفل آن را بشکن

در آن را بگشای

...و برون آی از این دخمهء ظلمانی

...نگشایی گل من

خویش را حبس در آن خواهی کرد

همدم جهل در آن خواهی شد

همدم دانش و دانایی محدوده خویش

و در این ویرانی

همچنان تنگ نظر می مانی

"دکتر مجتبی کاشانی"

## بەندکراو

مێشکی ئێمە بەندکراوە

ئێمە تێیدا بەندکراوین

قوفڵی ئەو بشکێنە

درگاکەی بکەرەوە

... و وەرە دەرەوە لەم گۆڕە تاریکە

...نەیکەیتەوە گوڵی من

خۆتی تیا بەند دەکەی

تیا دەبیتە هاودەمی نەزانی

هاودەمی مەعریفە و زانایی سنووری خۆت

و لەم وێرانییەدا

هەروا بیرتەسك دەمێنیتەوە

"دوکتور مۆجتەبا کاشانی"



Scanned by CamScanner

گەمژەیەك هەمیشە دەتوانێ گەمژەتر لە خۆی بۆ پەسندکردنی کردەوەکانی بدۆزێتەوە.

"نیکۆلاس بوئالۆ"

## چارەسەرکردنی کێشەی چاڵاو

لە یەکێك لە شەقامە سەرەکییەکانی شاردا چاڵاوێك بوو کە دەبووە هۆی روودانی رووداوگەلی جۆراوجۆر بۆ هاووڵاتییان. بەڕێوەبەرانی شار لە ماوەی چەند دانیشتندا هەوڵیان دا کە کێشەکە چارەسەر بکەن.

بەڕێوەبەری یەکەم وتی: دەبێ ئیسعافێك هەمیشە لە قەراخ چاڵاوەکەدا ئامادە بێ تا بریندارەکان بگەیەنێتە نەخۆشخانە.

بەڕێوەبەری سەرتر وتی: نە کات بەفیرۆ دەچێ. باشتر وایە نەخۆشخانەیەك لە پاڵ چاڵاوەکەدا ساز بکەین.


بەڕێوەبەری گەورەتر وتی: نە، باشترین کار ئەوەیە کە چاڵاوەکە پڕ بکەینەوە و چاڵاوێکی هاوشێوە لە پاڵ نەخۆشخانەدا درووست بکەین.



Scanned by CamScanner

## لێهاتوویی

لەمڕۆدا گیتارەکانی باب تایلۆر لە ریزی باشترین گیتارە "ئاکۆستیک"* ەکانی جیهاندان و کارخانەکەی ٢٠٠ جۆر ئامێری مۆسیقا بەرهەم دێنێ.



باب دەڵێ: گیتارە باشەکان لەڕاستیدا بەرهەمی ئامرازەکان و کەرەستە باشەکانن و هەڵبەت کەسەکانیش بە هەمان رادە گرینگن. ئەو دەڵێ دەبێ کەسەکانتان لە شێوەی تیمێکی باشدا رێك بخەن. واتە کەشێك پێك بێنن کە تاکەکان ئەوەی بیری لێ دەکەنەوە بیهێننە سەر زمان. دەمارگرژ نەبن، ئەم تێڕوانینە دەبێتە هۆی ئەوە کە باشترین بیرۆکەکان بێنە ئاراوە و بەکار بهێنرێن.

لەڕاستیدا پێکهێنانی تیم بە رادەی وەبەرهێنانی بەرهەم (ئاکامی کار) گرینگە. ئەو لە درێژەدا قسەیەکی جێگای سەرنجی کرد، ئێمە لە وەرقەیەك کاغەزی سپییەوە دەستمان پێکرد و ئەم پرسیارەمان هێنایە ئاراوە کە چیمان دەوێ؟.... ئێستا خەریکین ئەوە دێنینە بوون.

---

*. ئاکۆستیك یان دەنگناسی یەکێك لە لقەکانی زانستی فیزیایە کە ئەرکی تاوتوێکردنی دەنگەکان و شەپۆلە میکانیکییەکانی وەئەستۆیە - وەرگێڕ.



Scanned by CamScanner

سرووش و ئایدیاوەرگرتن ئاسانە. بەشی دژواری کار، بەکارهێنانی ئایدیاکانە.
تیمێك کە وەها لێوەشاوەییگەلێکی هەبێ، چۆن دەتوانێ دژراو بێ؟...

بۆ ئێوە چیرۆکێکی سەرنجڕاکێشیشم پێیە کە بەپێی دوو بنەمای پێوەندیدار بە شایستەبوون لە کاروباردا نووسراوە.

١ ـ لە وتەکەتاندا چڕ ببنەوە.

٢ ـ بۆ کارە بچووکەکانیش ئارەق برێژن. بەڵام چیرۆکەکە:

کەشتیوانێك لەگەڵ ئەندازیاری گەورەتردا لەبارەی ئەوە کە کام کەسی پسپۆڕ بۆ ڕێنوێنی کەشتی پێویستترە وتووێژیان دەکرد. وتووێژەکە گەرم و گەرمتر بوو. سەرنجام کەشتیوان پێشنیاری کرد کە ئەوان بۆ ماوەی ڕۆژێك کارەکانیان بگۆڕنەوە. ئەندازیاری گەورەتر دەبوو لەسەر گۆرەپانی کەشتی بمایەتەوە و کەشتیوانیش دەبوو بچێ بۆ ماتۆڕخانە. چەند کاتژمێر دوای گۆڕینی بەرپرسایەتییەکان و بەڕێوبردنیان، کەشتیوان لەکاتێکدا ئارەقی لێ دەچۆڕا لە ماتۆڕخانە هاتە دەرەوە. یۆنیفۆرم و روخساری پیس و چەور ببوو. ئەو هاواری کرد "ئەندازیار بچۆ بۆ ماتۆڕخانە، من ناتوانم کشتی وەکار بخەم" ئەندازیار ناڵاندی: "هەڵبەت کە ناتوانی، من کەشتیم لە گڵدا چەقاندووە!"



Scanned by CamScanner

گەورەترین مەترسی لەکاتی پێکهاتنی گۆڕانکارییەکاندا، خودی گۆڕانکارییەکان نین بەڵکوو کارکردن بە لۆژیکی دوێنێیە.

"پیتر دراکێر"

## زیرەکی بە شێوازی گوێدرێژ

مرۆڤ گۆماوێکە کە بێ گۆڕانی بەردەوام دەبێ بە زۆنگاو.

پیاوێك بارێکی قورس لە خوێی لەسەر پشتی گوێدرێژەکەی دانابوو و دەیبرد بۆ شار تا بیفرۆشێ. لە مەودای رێگادا گەیشتە رووبارێك.

لە کاتی تێپەڕین لە رووبارەکە لاقی گوێدرێژەکە خزا و کەوتە نێو ئاو. گوێدرێژ کاتێك هاتە دەرەوە چوونکە باری خوێ لە ئاودا توابۆوە، بارەکەی سووکتر ببوو.

رۆژی دواتر پیاو و گوێدرێژ جارێکی دیکە رەوانەی شار بوون و گەیشتنە هەمان رووبار. گوێدرێژ بە هۆی هەبوونی ئەزموونی رووداوی دوێنێ خۆی خستە نێو ئاوەکە و باری خۆی سووکتر کرد.

پیاوەکە کە زۆر نارەحەت ببوو لەگەڵ خۆیدا وتی: وەها نابێ. دەبێ لە باتی خوێ شتێکی دیکە بۆ فرۆش ببەمە شار.

بەیانیی ئەو رۆژە پیاوەکە رادەیەکی زۆر خوری باری گوێدرێژەگە کرد. لە کاتی تێپەڕین لە رووبارەوە گوێدرێژ جارێکی دیکە خۆی خستە نێو ئاو. بەڵام کاتێك هەڵسا ناچار بوو بارێکی چەند قات {قورستر} لە پێش تا شار هەڵ بگرێ.



Scanned by CamScanner

تێبینی: زۆربەی کێشەکان لە ژیانی چارەنووسگەرکاندا لەو بابەتەوە سەرچاوە دەگرێ کە سەرنجی گۆڕانکارییەکان نادەن و بە ستراتیژی و سەرمەشقە کۆنەکانەوە بەرەو پێشوازیی بارودۆخی نوێ دەچن.

## هەشت هەڵەی مرۆڤە وشیارەکان

### ١ ـ ئەوان خەریك بوون لەگەڵ بەسوود بووندا تێکەڵ دەکەن.

خێراییتان خاوتر بکەنەوە و ئەوە بە بیر بێننەوە، زۆربەی شتەکان هیچ گرینگییەکی تایبەتیان نییە. خەریك بوون بە زۆری شێوەیەك تەوەزەلیی مێشکییە. تەوەزەل بیرکردنەوە و بە تەوەزەلی کارکردن بە هۆی ئەمەوەیە کە دەڵێن ئاقڵانەتر کار بکەن نەك سەختتر. تەنیا بەسە کە سەیرێکی دەوروبەرتان بکەن. ئەوانە کە لە هەمووان سەرقاڵترن راندمانێکی کەمتریان هەیە.

**رێگەچارە:** خێرایتان خاوتر بکەنەوە. هەناسە هەڵ بکێشن. بە بەڵێنەکانتاندا بچنەوە. کارە گرینگەکان لە سەرەتای بەرنامەکانتاندا دابنێن. لە هەر کاتێکدا تەنیا کارێك بکەن. هەر لە ئێستاوە دەست پێ بکەن؟ هەر دوو کاتژمێر جارێك راوەستانێکی کورتتان بۆ پشوو هەبێ و دواتر درێژە بە کارەکەتان بدەن.

### ٢ ـ کاتیان بۆ کەوتنە دوای دەستکەوتێکی دەستکرد تەرخان دەکەن.

گەشەی شەخسی پرسێکی تەندرووستە. گەشەی شەخسی دەسکەوتێکە. بەڵام تا ئەو کاتەی کە راستەقینە بێ. کێشە لێرەدایە کە گوشار بۆ گەشەکردن لەگەڵ خۆیدا، پاڵنەرێك بۆ ناسوودەکردنی ئەو گەشەیە دێنێ. یان ئەگەر وردتر بڵێین، دەتوانێ بۆ سادە هاتنە بەرچاوی گەشەش بێ.



Scanned by CamScanner

یارییەکانی گەشە کە دەستکەوتی دەسکردیان هەیە لە ئینتێرنێتدا بە جاران دەبینین. زۆرێك لەوان لەخۆگری ئەو بەرهەم و خزمەتگوزارییانەن کە لەلایەن ناوگەلێکی ناسراوی وەك Facebook و Twitterدابین کراون.

هەکامیان ژێرخانێکی دەروونییان هەیە کە لە یارییەکی گەشەی پڕ لە دەستکەوتی دەستکرد پشتیوانی دەکەن. کۆکردنەوەی ئەو پوانانەی کە لە سوودی لەبەرچاوگیراوی ئەو بەرهەمە یان خزموتگوزارییە نزیك بێ. لە Facebookدا پێرستی دۆستان و لە Twitterدا شوێنکەوتووەکانی ئەو.



**ڕێگەچارە:** لە خۆتان بپرسن، ئاخۆ ئەم چالاکییە گۆڕانێکی ئەرێنی و هەستپێکراو لە ژیانی من یان کەسێکی دیکەدا پێك دێنێ؟ ئاخۆدا پێویستیی ئامانجێکی ڕاستەقینەیە؟ ئاخۆ بە بۆچوونی من کێشەیەك نییە کە ئەم کارە تەنیا بە هۆی ئەوە کە لە بەڕێوەبردنی چێژ وەر دەگرم، جێبەجێ بکەم، بەدەر لەوەکە بیر بکەمەوە بۆ خۆم یان ئەوی دی قازانجی هەیە یان نە؟

**٣ ـ فێر دەبن کە کارێك چۆن جێبەجێ بکەن بەڵام هیچکات جێبەجێی ناکەن.**

بەداخەوە ژمارەیەکی کەم لە مرۆڤەکان وەها دەژین کە دەستیان بەو سەرکەوتنەی کە هەمیشە لە خەونەکانیاندا بووە ناگات و ئەمەش هۆیەکی سادەی هەیە، هیچکات بە پراکتیك کار ناکەن!

فێربوونی زانست بەو واتایە نییە کە گەشە دەکەن. گەشە تەنیا کاتێك ڕوو دەدات کە ئەو شتانەی کە دەیزانی بەکار بهێنی تا ژیانت بگۆڕن. زۆربەی مرۆڤەکان لە سەرلێشێواوەی تەواودان. لەڕاستیدا ئەوان ناژین. تەنیا ڕۆژەکان



Scanned by CamScanner

تێپەڕ دەکەن و هیچ کارێك کە پێویستە بەڕێوە نابەن - واتە کەوتنە دوای ئاواتەکانیان.

گرینگ نییە کە بلیمەت بن یان دکتۆرای فیزیای کوانتۆمتان بێ، ئەگەر بەکردەوە کار نەکەن ناتوانن بچووکترین گۆڕانێك لە ژیانتاندا پێك بێنن. لە نێوان زانینی بەتاڵ و زانین و بەڕێوەبردندا جیاوازییەکی زۆر هەیە. مەعریفە و زیرەکی بێ کردەوە هەر دووانیان بێ نرخن. بەم سادەییە!

**ڕێگەچارە:** سەرکەوتن لە بڕیاردان بۆ ژیانکردندا - توانەوەی خۆتان لە پرۆسەی کەوتنەدوای ئامانجەکانتان - خۆی شاردۆتەوە. هەر بۆیە بڕیار بدەن و دەست بەکار بن.

**٤ - بۆ لێکدانەوەی پێشکەوتنیان پێوانەیەکی هەڵسەنگاندنی دروستیان نییە.**

ناتوانن شتێك کە بە دروستی هەڵتان نەسەنگاندووە، کۆنترۆڵ بکەن و ئەو شتەی کە هەڵی دەسەنگێنن داهاتووتان دیاری دەکا. ئەگەر نموونە دروستەکان تاوتوێ نەکەن لەهەمبەر ئەو دەرفەتانەی کە بۆتان دێنە پێش کوێر دەبن..

ئەوە کە چ شتێك هەڵ سەنگێنن داهاتووتان پێشبینی دەکا. دەبێ ئەو شتانە هەڵ سەنگێنن کە ڕاستەوخۆ بە ئامانجی سەرەتای ئێوەوە پێوەندیدارن.

**ڕێگەچارە:** شێوازی شیاو ئەوەیە کە بزانن ئامانجی سەرەکیتان چییە و دواتر ئەو شتانەی کە ڕاستەوخۆ لە گەیشتن بەو ئامانجەدا بەشدارن، هەڵسەنگێنن. لە بارەی نموونەی ماڵپەڕی بازرگانی، ئامانج دەبێ "بەدەستهێنانی داهات لە ڕێگای ماڵپەڕەوە" بێ ئەو شتە کەمانەی کە بەهای تاوتوێکردنیان هەیە ژمارەی ئەو



Scanned by CamScanner

کرتانەیە کە لەسەر ریکلامەکان، نرخەکانی گۆڕینی پێوەندیدار، نرخەکانی گۆڕینی بەرهەمەکانی نێوخۆ و فیدبەکی کڕیار (خوێنەر) و لەو شتانەیە.

**٥ ـ تووشی بە ئایدیالکردنی هەموو شتێک دەبن.**

زۆرێک لە ئێمە ئارمانگەراین. پێوانەگەلێکی بەرز بۆ خۆمان لەبەرچاو دەگرین و زۆترین هەوڵ دەدەین. کات و سەرنجێکی زۆر بۆ ئەو کارەی کە حەزمان لێیە تەرخان دەکەین تا ئیستانداردە تاکەکەسییەکانمان بەرز رابگرین. حەزی ئێمە بۆ باشترینەکان دەبێتە هۆی ئەوە کە هەوڵی زیاتر بدەین. هیچ کات واز لە کار نەهێنین و هیچ کات رانەوەستین و ئەم تەرخانکردنی تەواوی خۆتە بۆ ئایدیاکان یارمەتیمان دەکات کە بە ئاکامی دڵخواز بگەین. هەڵبەت تا کاتێک کە ئەو شێوازە ئێمە نەکاتە دیلی خۆی. بەڵام کاتێک بووین بە دیلی ئارمانگەرایی چی روودەدات؟

کاتێک نەتوانین بەو ئیستانداردانەی کە بۆ خۆمانمان دیاری کردووە بگەین، بێهیوا و دڵسارد دەبینەوە و ناتوانین بەرەورووی کێشە نوێکان ببینەوە و یان تەنانەت ئەو کارەی کە دەستمان پێکردووە تەواو بکەین. پێداگریی ئێمە بۆ گەیاندنی هەموو شتێک بە لووتکەی بەرز دەبێتە هۆی دواکەوتنی زۆر لەکارەکان، ئێستریسی توند و ئاکامی نەشیاو.

**رێگەچارە:** دنیای راستەقینە هیچ پاداشێک بە ئارمانگەرا نادات. دنیا بەو کەسانە پاداش دەدا کە کارەکان بەڕێوە دەبەن و تەنیا رێگا بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان ئەوەیە کە ٩٩ لە سەدی کاتەکان تووشی ئایدیال نەبین. تەنیا بە چەندین ساڵ راهێنان و بەڕێوەبردنی کارەکانە کە دەتوانین بە تیشکگەلێک لە ئایدیال دەستمان رابگا، کاوابوو بڕیار بدەن.

**٦ ـ بەرلەوە کە بۆ دەرفەتێک دەست بەکار بن سەبر دەکەن تا ١٠٠ لە سەد بۆی ئامادە بن.**



Scanned by CamScanner

ئەم خاڵە تا رادەیەك پێوەندیدارە بە خاڵی سەرەوە بەڵام هێندێ تێبینی هەیە کە دەبێ بە جیا باسیان بکرێ.

یەکێك لە گرینگترینی ئەو شتانەی کە دەبینین کەسانی زیرەك دوا دەخات بێمەیلیی خۆیان بۆ قەبووڵکردنی دەرفەتەکان تەنیا بەو هۆیەوەیە کە پێیان وایە بۆی ئامادە نین. بە وتەیەکی دیکە، پێیان وایە کە بە مەعریفە، لێزانی و ئەزموونێکی زیاتر پێویستیان هەیە تا بتوانن بۆ ئەو دەرفەتە هەنگاو هەڵ بگرن. بەداخەوە، ئەم جۆرە بیکردنەوەیە پێش لە پێشکەوتن دەگرێ.

راستی ئەوەیە کە کاتێك هەڵکەوت و دەرفەتێك دێتە پێش هیچ کەس، هیچ کات ١٠٠ لە سەد ئامادە نییە. چوونکە زۆربەی دەرفەتەکانی ژیان ئێمە ناچار دەکەن کە لەباری سۆزداری و ئاوەزەوە گەشە بکەین. ئەم دەرفەتە دەبێتە هۆی ئەوە کە لە ناوچەی هێمنی خۆمان هەنگاو بۆ ئەولاتر بهاوێین و بەمەش واتە سەرەتای کار هەستی ئاسوودەیی ئەوتۆمان نابێ و کاتێك هەست بە ئاسوودەیی نەکەین، هەست بە ئامادەبوونیش ناکەین.

**رێگەچارە:** لەبیرتان بێ کە دەرفەتگەلی ناوازە بۆ گەشە و پێشکەوتنی تاکەکەسی چەندین و چەند جار لە ماوەی ژیاندا دێنە پێش. ئەگەر دەتانەوێ لە ژیانتاندا گۆڕانی ئەرێنی بکەن، دەبێ لەو دەرفەتانە کەڵك وەر بگرن، تەنانەت ئەگەر ١٠٠ لە سەد هەستی ئامادەیی بۆ ئەنجامی ئەوتان تیا نەبێ.

### ٧ - خۆیان بە هەڵبژاردنی زۆر پڕ دەکەن.

لێرەدا لە سەدەی ٢١ کە زانیارییەکان بە خێرایی تیشك دەجووڵێن و دەرفەتەکانی گۆڕان و پێشکەوتن وادێتە بەرچاو ناکۆتان، لەگەڵ هەڵبژاردنی رەوتی ژیان و کار لەگەڵ هەڵکەوتە جۆراوجۆرەکاندا بەرەورووین. بەڵام بەداخەوە،



Scanned by CamScanner

زیادبوونی بەربژارەکان بۆ هەڵبژاردن، بەزۆری دەبێتە هۆی نەمانی بڕیار، سەرلێشێواوی و راوەستان.

لێکۆڵینەوەگەلێکی زۆر لەبارەی کار و دۆزینەوەی بازاڕدا نیشانیان داوە کە کاتێك کڕیار لەگەڵ هەڵبژاردنی جۆراوجۆردا لە بەرهەمەکان بەرەوڕوو بێ، شتی کەمتر دەکڕێ. بەدڵنیاییەوە هەڵبژاردن لەنێوان سێ بەربژاردا زۆر ئاسانترە لە هەڵبژاردن لە نێوان سێ سەد بەربژاردا. ئەگەر بڕیاردان بۆ شتکڕین دژوار بێ، زۆربەی کەسەکان ماندوو دەبن و واز لە کڕین دێنن.

بە هەمان شێوە ئەگەر ئێوەش خۆتان بخەنە بەردەم ژمارەیەکی زۆر لە بەربژارەکانی هەڵبژاردن، زەینی ناخودئاگاتان ماندوو دەبێ.

**رێگەچارە:** ئەگەر هێڵێکی وەبەرهێنان دەفرۆشن، هەوڵ بدەن سادە بن و ئەگەر دەتانەوێ لەبارەی شتێکەوە لە ژیانتادا بڕیار بدەن، کاتی خۆتان بۆ هەڵسەنگاندنی دوایین وردەکارییەکانی هەر هەڵبژاردنێك تەرخان مەکەن. ئەو شتە هەڵ بژێرن کە پێتان وایە بۆتان شیاوە و تاقی بکەنەوە. ئەگەر بەکەڵك نەهات، شتێکی دیکە هەڵ بژێرن و بچنە پێش.

**٨ ـ لە ژیانی خۆیاندا هاوسەنگییان نییە.** ئەگەر داوا لە مرۆڤەکان بکەن ئەوەی کە لە ژیانیان دەوێ بە کورتی بۆتانی بڵێن، ئەو لە وشەگەلێکی وەك "خۆشەویستی"، "سەرکەوتن"، بنەماڵە"، "ئاسوودەیی"، "خۆشبەختی" و لەم نموونانە کورت دەکەنەوە. بەڵام تەواوی ئەمانە شتگەلێکی بەتەواوی جیاوازن و زۆربە مرۆڤەکان تەواوی ئەمانەیان لە ژیانی خۆیاندا دەوێ. بەداخەوە، ژمارەیەکی زۆر لە مرۆڤەکان بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە، ژیانیان بە درووستی هاوسەنگ ناکەن.



Scanned by CamScanner

کەسێك دەناسم کە ساڵی رابردوو زیاتر لە سەد ملیۆن لە بازرگانیی خۆی داهاتی بەدەست هێنا بەڵام کاتێك لەگەڵ مندا دەدوا دەیگوت کە خەمۆکە. کاتێك هۆی ئەمەم لێ پرسی وتی چوونکە تەنیا و ماندووە و کاتی پێویستی بۆ خۆی تەرخان نەکردووە.

کەسێکی دیکەش دەناسم کە هەمیشە و کەم و زۆر هەموو رۆژێك لە لێوارەکاندا خەریکی سواربوونی شەپۆلەکانە. ئەو لەو گرووپە لە مرۆڤەکانە کە گەشبین و زۆر شادە و هەمیشە دەم بە پێکەنینە. بەڵام لە کونێکدا دەخەوی و پێویستی بە نانی شەوە. ناتوانم سەرەڕای ئەوە کە ئەم پیاوە هەمیشە شاد دێتە بەرچاو چیرۆکی ژیانی بە ژیانێکی سەرکەوتوو بزانم.

ئەمانە دوو شێوازی ژیانی کەم و زۆر ناهاوسەنگن. بە میلیۆنان ژیانی دیکەی وەك ئەوانە بوونیان هەیە.

**رێگەچارە:** کاتێك ژیانی کاریتان (یان ژیانی کۆمەڵایەتیتان، بنەماڵەییتان و لەم بابەتانە) پڕ هەراوهووریا بێ و تەواوی وزەتان لەو خاڵەدا چڕ بووبێتەوە، زۆر ئاسان هاوسەنگیی ژیاننتان تێك دەچێ. هەرچەند پاڵنەر گرینگیەکی زۆری هەیە بەڵام ئەگەر دەتانەوێ کارەکان بە درووستی بەڕێوە بچن، رەهەندە جۆراوجۆرەکانی ژیاننتان هاوسەنگ بکەن.

ئەگەر رەهەندەکانی دیکەی ژیان لەبیر بکەن و زۆربەی کاتتان بۆ رەهەندێك دابنێن، تەنیا ماندوویەتی و ئێسترێستان بۆ بەدی دێنێ.*

---

* بەداخەوە ئاگاداری نووسەر یان وەرگێڕی ئەم وتارە نیم.

## شێتم بەلام گەمژە نە

پیاوێـــك لـــەکاتی شـــۆفیریدا، راســـت لەبـــەر حەوشـــەی شـــێتخانەیەکدا {ئوتۆمبێلەکەی} پەنچەر بوو و ناچار بوو هەر لەوێدا خەریکی گۆڕینی تایە بێ.

کاتێك سەرقالّی ئەم کارە بوو، ئوتۆمبێلێکی دیکە بەخێرای لەسەر مۆرەکانی چەرخەکەی کە لەتەنیشت ئوتۆمبێلەکەدا بوون تێپەڕی و ئەوانی خستە نێو جۆگەلەی ئاو و ئاو مۆرەکانی برد. پیاوەکە سەرسام ببوو کە چی بکا. بڕیاری دا کە ئوتۆمبێلەکەی هەر لەوێدا بەجێ بێلّێ و بچێ بۆ کڕینی مۆرەی چەرخ. لەم کاتەدا، یەکێك لە شێتەکان کە لە پشت نەردە (سیاج)کانی حەوشەی شێتخانەوە ڕووداوەی دەبینی، ئەوی بانگ کرد و وتی: لە سێ چەرخی دیکەی سەیارەکە، ئام مۆرەیەك بکەرەوە و ئەم تایەیە بە ۳ مۆرە ببەستە بچۆ تا دەگەیتە ڕێ.

ئەم پیاوە سەرەتا بایەخی یەم وتەیە نەدا بەلّام دواتر کە بیری کردەوە بینی کە ڕاست دەلّێ و باشترە ئەم کارە بکا. هەر بۆیە ڕێنوێنیی ئەوی بەڕێوە برد و تایەی زاپاسی بەست. کاتێك ویستی بڕوات ڕووی کردە ئەو شێتە و وتی: "بیرێکی زور سەرنجڕاکێش و زیرەکانەت هەبوو، کەوایە بۆ خستووتیانەتە شێتخانەوە؟"

شێتەکە پێکەنی و وتی: "من لێرەم چوونکە شێتم. بەلّام خۆ گەمژە نیم."



Scanned by CamScanner

# چیرۆکێک لە رۆمای کەونارا

لە رۆمای کەونارادا، کۆمەڵێک غەیبزان لەژێر ناوی "سیبیل"ەکاندا کۆ بوونەوە و داهاتووی ئیمپراتووریی رۆمایان لە نۆ کتێبدا نووسی. دواتر کتێبەکانیان دا بە تیبریۆس. ئیمپراتووری رۆما پرسی: نرخیان چەنێکە؟

"سیبیل"ەکان وتیان: سەد سکەی ئاڵتوون.

تیبریۆس ئەوانی بە توورەییەوە لە خۆی دوور کردەوە. "سیبیل"ەکان سێ بەرگ لە کتێبەکانیان سووتاند و گەڕانەوە و وتیان: نرخ هەمان سەد سکەیە!

تیبریۆس پێکەنی و وتی: بۆ دەبێ بۆ شتێک کە شەش دانە و نۆ دانەی نرخێکی هەیە پارەیەك بدەم؟

"سیبیل"ەکان سێ بەرگی دیکەشیان سووتاند و لەگەڵ سی کتێبی دیکەدا گەڕانەوە و وتیان: نرخ هێشتا هەر ئەو سەد سکەیە.

تیبریۆس بە پەیجوورییەوە ملکەچ بوو و بڕیاری دا کە سەد سکەکە بدا. بەڵام ئێستا ئەو دەیتوانی تەنیا بەشێك لە داهاتووی ئیمپراتووریی بخوێنێتەوە.

پیری رێنیشاندەر دەڵێ: بەشێکی گرینگ لە وانەی ژیان ئەوەیە کە لەگەڵ هەلکەوتەکاندا چەنە لێ نەدەین.



Scanned by CamScanner

# کاڵەکخواردنی فەلسەفی

مامۆستای زێن*، لەگەڵ شاگردەکەیدا پشووی دەدا. پاش ماوەیەک، کاڵەکێکی لە هەگبەکەی دەرهێنا، کردی بە دوو بەش و هەرکامیان دەستیان کرد بە خواردنی بەشی خۆیان.

{شاگردەکە وتی:} "مامۆستای زانا، دەزانم کە ئێوە هەر کارێك دەکەن، واتایەکی هەیە. لەوانەیە دابەشکردنی ئەم کاڵەکە لەگەڵ مندا، نیشانەی ئەوە بێ کە دەتانەوێ شتێکم فێر بکەن."

مامۆستا لە بێدەنگیدا درێژەی بە کاڵەکخواردن دا.

شاگرد پێداگری کرد: "لە بێدەنگیی ئێوە تێدەگەم کە پرسیارێکی نووسراو هەیە و دەبێ وەڵامێکی هەبێ، شوێنی تامێك کە بە خواردنی ئەم کاڵەکە بەتامە هەستی پێ دەکەم، لە کوێیە؟ لە کاڵەك یان لە زمانی مندا؟"

مامۆستا هیچی نەگوت، شاگرد کە کەوتبووە دڵەکوتە درێژەی دا:

" و لەوەوە کە لە ژیاندا هەر شتێك واتایەکی هەیە، پێم وایە لە وەڵامی ئەم پرسیارە نزیك بوومەتەوە، تام، کارلێکی ئەنجامی ئەوین و بەستراوەیی نێوان دوو شتە. چوونکە بە بێ کاڵەك، شتێك بۆ چێژوەرگرتن نییە و بێ زمان..."

---

* . زێن شێوەیەك لە ئایینی بوودایی مەهایانەیە کە پێداگرییەکی زۆر لەسەر رامانی سات بە سات و قووڵڕوانین بۆ ناوەڕۆکی شتەکان لە رێگەی ئەزموونی راستەوخۆوە دەکا ـ وەرگێڕ .

مامۆستا وتی: "بەسە ئیتر! گەمژەترین مرۆڤ ئەو کەسەیە کە خۆی زیاد لە رادە بە زیرەك دەزانێ و بۆ هەر شتێك بە شوێن شیکردنەوە و لێکدانەوەدایە! کاڵەك بەتامە، ئەوەندە، ئێستا دەهێڵی بە ئاسوودەیی کاڵەکەکەم بخۆم یان نە؟"

پائۆلۆ کۆئیلۆ



Scanned by CamScanner

## "بازاریاب" (Marketer)ی لەخۆ دڵنیا

"ئارتوور وود" هەمیشە پێی وابوو کە زۆر زیرەك، ژیر و لەشکان نەهاتووە. لەخۆبایی ببوو. شکست واتایەکی بۆی نەبوو. بێئاگا لەوە کە هەمیشە وەها ک بیر دەکاتەوە ژیر نییە و کارەکان هەمیشە بە باشی ناچنە پێش، مەگەر ئەوە کە مرۆڤـ بەتەواوی وریا بێ و هەموو لایەنەکان لەبەرچاو بگرێ.

چوونکە پێی خۆش بوو داهاتێکی زیاتری هەبێ، دوای کار لە کۆمپانیایەکدا وەك فرۆشیاری کسگی کارەبایی کاری دەکرد. بۆ ناساندنی ئەم شمەکە ئەوی ماڵ بە ماڵ دەبرد و شێوەی کارکردنی بە خەڵك پیشان دەدا. ئەویان فێر کردبوو کە دەبێ لەم پیشەیەدا پێداگر و رووهەڵماڵاو بێ.

رۆژێك تەقەی دا لە درگای ماڵێك. پیرەپیاوێکی نێوچاوتاڵ درگای بۆ کردەوە. ئارتوور وەك هەمیشە بە پێکەنینەوە سڵاو وخۆش و چلۆنی کرد کە هەڵبەت وەڵامێکیشی نەبیست. دواتر رایگەیاند کە دەیەوێ پیرەپیاوەکە لەگەڵ شێوەی کاری گسکی کارەبایی تازەدا ئاشنا بکات.

پیرەپیاوی بێتاقەت بە توورەیی تەواو پێی وت کە لە بەرچاوی ون بێ. چوونکە پارەیەکی بۆ کرینی گسکی کارەبایی نییە.

ئەو هەوڵی دا کە درگای ماڵەکە لە ئارتوور پێوە بدا کە "بازاریاب"ی رووهەڵماڵاو لاقی لە بەر درگای ماڵەکە دانا و وتی: باشە، بۆ تاقیکردنەوەی پێویست ناکات پارە بدەی.

ئارتوور هەر کە ئەم رستەیەی وت کیسەیەکی زبڵی لەسەر سەنگ فەرشی بەر ماڵی پیرەپیاوەکە رژاند تا بۆ کۆکردنەوەیان ئەو بخاتە بەردەم کاری ناچارییەوە



Scanned by CamScanner

که کتوپڕ لەگەڵ روخساری ترساوی پیرەپیاودا بەرەوڕوو بوو که بە هۆی تووڕەیی زۆرەوە ماسوولکەکانی دەلەرزین:

ئارتوور بۆ ئەوە کە ئەو هێور بکاتەوە خێرا وتی: هیچ نیگەران مەبن بەڕێز. ئێستا لە چاوتروووکانێکدا و لە کەمترین کاتێکدا کە بیری لێ بکەنەوە تەواوی ئەم زبڵانە بە گسکی کارەبایی نوێ و بێوێنەی کۆمپانیاکەمان کۆ دەکەمەوە وەها کە کەمترین ئاسەوارێکان لێ نەمێنێ.

پیرەپیاو هەر بەو دەربڕینە ترسناکەوە وەڵامی دایەوە: "ئەگەر نەتوانی ئەم کارە بکەی؟"

ئارتوور وتی: "ئەگەر ئەم گسکە کارەباییە نەیتوانی ئەم کارە بکات بەڵێنتان پێ دەدەم کە تەواوی ئەم زبڵانە قووت بدەم."

پیرەپیاوەکە لە کاتێکدا کە هاواری دەکرد وتی: "کەوابوو هیوادارم ئیشتیایەکی باشت هەبێ چوونکە ئیمڕۆ لە بەیانییەوە کارەبای ماڵی ئێمە بڕاوە و تا شەویش کارەبامان نییە."



Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

# بەشی ٦
# ئەوینی داهێنەر

هرگه دل به عشقی دهی　　　خوش دمی بود

**هەر سات دڵت ئاشق بوو　　　کاتێکی خۆشە.**

(حافظ)



Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

ئەوەی لە مردووەکان دەمێنێتەوە جیا لە ناو نییە
ناوێکی چاک بەدەست بێنە سائیب لە ڕۆژانی ژیاندا
"صائب تبریزی"

## هێزی ئەوین

فرێد، پیاوێکی دەوڵەمەند بوو کە سەرەڕای دارایی زۆر، زۆر دڵڕەق و چاوچنۆك بوو. بەپێچەوانەوە، ژنەکەی ڕۆز زۆر دلۆڤان و دڵپاك بوو. هەموان ئەویان خۆش دەویست، ڕۆز بە خۆی دەگوت:

"خواوەند ئەم پیاوەی داوە بە من، تەنانەت ئەگەر هۆگریشی نەبم، دیسان دەبێ لەگەڵیدا دلۆڤان بم!" هەر بۆیە لەگەڵیدا هەڵسوکەوتێکی باشی هەبوو.

ساڵێك بوو بە قات و قڕی و زۆرێك لە گوندنشینەکان داوای یارمەتییان لە ڕۆز و فرێد کرد. ژنەکە بە خۆشەویستیی زۆرەوە یارمەتی هەموویانی دا بەڵام شووەکەی هیچی نەوت و بە خۆی گوت:

"تا کاتێك کە لە پارەکانی من کەم نەبێتەوە بۆم گرینگ نییە کە دارایی کێ با دەبیات."

خەڵك سوپاسی ژنەکەیان کرد و وتیان کە پارەکانی دوای ماوەیەك پێ دەدەنەوە. ژنەکە قەبووڵی نەکرد بەڵام خەڵك سوور بوون کە پارەی ژنەکە بگێڕنەوە.

ڕۆز وتی: "ئەگەر ویستتان کە پارەکە بدەنەوە، لە ڕۆژی مردنی شووەکەمدا ئەم کارە بکەن."



Scanned by CamScanner

ئەم قسەیەی ژنەکە گەیشتە گوێی یەکێک لە کوڕەکانی و ئەو زۆر ناڕەحەت بوو. خێرا چوو بۆ لای باوکی وتی: "دەزانی دایکم چی وتووە؟ ئەو داوای لە خەڵک کردوە کە پارەکەیان لە ڕۆژی مردنی تۆ دا بدەنەوە."

فرێد، چووە کەوتە بیرکردنەوە. پاشان لە ڕۆزی پرسی:

"بۆ داوات لە خەڵک کردووە کە پارەکەت دوای مەرگی من بۆ بگێڕنەوە؟"

ڕۆز وەڵامی دایەوە: "خەڵک تۆیان خۆش ناوێ و هەموویان هیوایان ئەوەیە کە تۆ زووتر بمری. بەڵام ئێستا لەباتی ئەوە کە ئاواتی مەرگی تۆ بخوازن، داوا لە خواوەند دەکەن کە تۆ زیندوو بهێڵێتەوە تا پارەکە درەنگتر بگێڕنەوە."

منیش داوا لە خواوەند دەکەم کە تەمەنێکی زۆر بکەی، کێ دەزانێ؟ لەوانەیە تۆیش ڕۆژێک دڵنەرم بی!

فرێد لە بیرتیژی و خۆشەویستیی هاوسەرەکەی سەری سووڕ ما و بەڵێنی پێدا کە لە داهاتوودا لەگەڵ خەڵکدا دڵسۆز بێ.

"لە کتێبی دوو هەنگاو تا پێکەنین"

تەندروستیی تەواوی گەردوون لە تەندرووستیی تۆدایە

"حافظ"

## ئەوین لە نەخۆشخانەدا

لە ساتێکەوە کە لە یەکێك لە دیوەکانی نەخۆشخانەدا بەستەری کرابووم، ژن و مێردێك لە تەختی رووبەڕووی مندا خەریکی دەمەقاڵەیەکی ناکۆتا بوون. ژنەکە دەیویست لە نەخۆشخانە مۆڵەتی دەرچوون وەرگرێ و پیاوەکە دەیویست ئەو لەوێدا بمێنێتەوە.

لە وتەکانی پەرستارەکانەوە بۆم دەرکەوت کە ژنەکە لوویەکی هەیە و بارودۆخی زۆر نالەبارە. لە نێوان دەمەقاڵەی ئەم دوو کەسەدا وردە وردە لەگەڵ بارودۆخی ژیانیاندا ئاشنا بووم. بنەماڵەیەکی لادێیی سادە بوون بە دوو مناڵەوە. کچێك کە ساڵی رابردوو چۆتە زانکۆ و کوڕێك کە لە دواناوەندیدا دەخوێنێ و تەواوی دارایییان بریتییە لە مەزرایەکی بچووك، شەش سەر بەراز و گایەك.

لە کۆریدۆری نەخۆشخانەکەدا تەلەفوونێکی گشتی هەیە. هەموو شەوێك پیاوەکە لەو تەلەفوونەوە بۆ ماڵی خۆی تەلەفوون دەکات. دەنگی پیاوەکە زۆر بەرز بوو و هەرچەند کە لە دیوی نەخۆشخانەدا بوو بەڵام دەنگی بە روونی دەبیسرا. بابەتی هەمیشەیی وتووێژی تەلەفوونسی پیاوەکە لەگەڵ کوڕەکەیدا هیچ ناگۆڕدرێ: "گاکە و بەرازەکانت برد بۆ لەوەڕ؟ کاتێك دەچنە دەرەوە لەبیرتان

نەچێ درگای ماڵەوە پێوە بدەن. وانەکانت چۆنە؟ نیگەرانی ئێمە مەبن. دایکت خەریکە باشتر دەبێ. بەم زووانە دەگەڕێینەوە..."

چەند رۆژ دواتر پزیشکەکان دیوی نەشتەرگەرییان بۆ نەشتەرگەریی ژنەکە ئامادە کرد. ژنەکە بەر لەوە بچێتە نێو دیوی نەشتەرگەری لەناکاو دەستی پیاوەکەی گرت و لەکاتێکدا دەگریا وتی: خۆشەویستم، ئەگەر نەگەڕامەوە، ئاگات لە خۆت و منداڵەکان بێ...

پیاوەکە بە دەربڕینێکی خاترجەم و وورەبەخشەوە قسەکەی پێ بڕی وتی: "ئەوەندە مەڵێ" بەڵام من هەستم کرد کە روخساری تۆزێك شێوا.

پاش تێپەڕینی ١٠ کاتژمێر کە ژێرجگەرەی پیاوەکە پڕ ببوو لە قونچکە جگەرە، پەرستارەکان ژنەکەیان بێ هەست و بی جووڵە گەیاندە دیوەکە. نەشتەرگەریی بە سەرکەوتوویی بەڕێوە چووبوو. پیاوەکە لە خۆشیدا نەیدەزانی چی بکا و کاتێك هەموو شت رێکوپێك بوو، چووە دەرەوە و شەو درەنگان گەڕایەوە بۆ نەخۆشخانە.

پیاوەکە ئەو شەوە وەك شەوانی رابردوو تەلەفوونی بۆ ماڵەوە نەکرد. تەنیا لەتەنیشت تەختی ژنەکەیدا دانیشت و نوقمی تەماشای ئەو بوو کە هێشتا بێهۆش بوو.

بەیانیی رۆژی دواتر ژنەکە هاتەوە هۆش خۆی. سەرەڕای ئەوە کە هێشتا نەیدەتوانی قسە بکات، بەڵام بارودۆخی باش بوو. لە یەکەمین رۆژێکەوە کە دمامکی ئۆکسیژنی ئەویان لابرد دیسان دەمەقاڵەی ژن و پیاوەکە دەستی پێکرد. ژنەکە دەیویست لە نەخۆشخانە بچێتە دەرەوە و پیاوەکە دەیویست لەوێدا بمێنێتەوە.

هەموو شتێك وەك رابردوو درێژەی کێشا. هەموو شەوێك پیاوەکە تەلەفوونی بۆ ماڵەوە دەکرد. هەمان دەنگی بەرز و هەر ئەو قسانەی کە دووپات دەبوونەوە.



Scanned by CamScanner

ڕۆژێك لە كۆریدۆردا پیاسەم دەكرد. كاتێك لە تەنیشت پیاوەكەوە تێدەپەڕیم خەریك بوو دەیگوت: "گاكە و بەرازەكان چۆنن؟ لەبیرتان نەچێ پێیان رابگەن. دایكتان بەم زووانە چاك دەبێتەوە و ئێمە دەگەڕێینەوە." چاوم بەو كەوت و كتوپڕ بە سەرسامییەوە دیتم كە هەرگیز كارتێك لە نێو تەلەفوونی گشتیدا نییە.

پیاوەكە لە كاتێكدا كە ئاماژەی دەكرد بێدەنگ بم، درێژەی بە وتەكانی دا تا وتووێژەكە كۆتایی پێهات. دواتر بەهێمنی پێمی وت: تەمەنا دەكەم هیچ بە ژنەكەم مەڵێ، گا و بەرازەكانم پێشتر بۆ تێچووی نەشتەرگەرییەكەی فرۆشتووە. بۆ ئەوە كە نیگەرانی داهاتوومان نەبێ وانیشان دەدەم كە خەریكم بە تەلەفوون قسە دەكەم.

لەم ساتەدا تێگەیشتم كە ئەم تەلەفوونە بۆ ماڵەوە نەبوو، بەڵكوو بۆ ژنەكەی بوو كە نەخۆش لەسەر تەخت خەوتبوو. لە هەڵسوكەوتی ئەم ژن و شووە و ئەوینێكی تایبەت كە لە نێویاندا بوو، راچڵەكام. ئەوینێكی راستەقینە كە پێویستییەكی بە یارییە رۆمانتیكەكان و گوڵی سوور و سوێندخواردن و دەربڕینی دەروەستی نەبوو، بەڵام دڵی دوو كەسی گەرم دەكرد. ئەوینێك كە ببووە هۆی ئەوە كە ئەم ژن و شووە لە خۆشی و ناخۆشیدا لە تەنیشت یەكدا بمێننەوە.

"بێ ناو"



Scanned by CamScanner

هەمیشە مانەوە هۆیەك بۆ ئاشق بوون نییە.
زۆرێك دەچن تا بیسەلمێنن کە ئاشقن.

## وشیاریی عیشقی

ڕۆژێك مامۆستا لەو قوتابییانەی کە لە پۆلدا بوون پرسی کە ئاخۆ دەتوانن ڕێگایەکی نوێ بۆ دەربڕینی خۆشەویستی، بدۆزنەوە؟

هێندێك لە قوتابییەکان وتیان بە بەخشین خۆشەویستییان واتا دەکەن.

هێندێ "دانی گوڵ و دیاری" و "وتەی دڵپەسەند"یان بە ڕێگای دەربڕینی خۆشەویستی ناو برد.

... ژمارەیەکی دیکەش وتیان: "پێکەوەبوون لە خۆڕاگری لە بەرانبەر ئازارەکاندا و چێژوەرگرتن لە بەختەوەری" بە ڕێگای دەربڕینی خۆشەویستی دەزانن.

لەو نێوانەدا کوڕێك هەڵسا و بەرلەوە کە شێوەی دڵخوازی خۆی بۆ دەربڕینی خۆشەویستی بڵێ، چیرۆکێکی کورتی گێڕایەوە:

ڕۆژێك ژن و شوویەکی لاو کە هەردووکیان ژینگەناس بوون بەپێی ڕەوتی ئاسایی بۆ لێکۆڵینەوە چوون بۆ دارستان. ئەوان کاتێك گەیشتنە سەر گردێك ئەژنۆیان شکا...

پڵینگێکی گەورە، لە بەردەم ژن و پیاوەکەدا ڕاوەستا و و چاوی تێیان بڕیبوو. شووەکە، چەکی ڕاوی پێ نەبوو و ڕێگایەکیش بۆ هەڵاتن نەبوو.



Scanned by CamScanner

روخساری ژن و شووەکە سپی هەڵ گەڕابوو و لە بەرانبەر پلێنگەکەدا نەیان دەوێرا چووکەترین جووڵەیەك بکەن.

پلینگ، بە ئارامی بەرەو ئەوان هات...

لەو ساتەدا پیاوی ژینگەناس بە دەنگەدەنگ هەڵات و هاوسەرەکەی بە تەنیا جێ هێشت.

دەسبەجێ پڵینگەکە بەرەو شووەکە رای کرد و چەند خەلەك دواتر ناڵەی پیاوە لاوەکە گەیشتە گوێی ژنەکەی.

پلێنگەکە رۆیشت و ژنەکە زیندوو مایەوە...

چیرۆك کە گەیشتە ئێرە قوتابییەکان دەستیان کرد بە شەرمەزارکردنی ئەو پیاوە.

بەڵام کوڕەکە پرسی: ئاخۆ دەزانن ئەو پیاوە لە ساتەکانی کۆتایی ژیانیدا هاواری چی دەکرد؟

منداڵەکان پێیان وابوو کە لەوانەیە داوای لێبووردنی لە هاوسەرەکەی کردبێ کە ئەوی بەجێ هێشتووە!

کوڕەکە وەڵامی دایەوە: نە، دوایین قسەی پیاوەکە ئەوە بوو کە: خۆشەویستم تۆ باشترین هاودەمم بووی. باش ئاگات لە کوڕەکەمان بێ و پێی بڵێی کە باوکت هەمیشە ئاشقت بوو...

دڵۆپەکانی فرمێسك، روخساری کوڕەکەی تەڕ کردبوو کە درێژەی دا: تەواوی ژینگەناسەکان دەزانن کە پلێنگ تەنیا پەلاماری کەسێك دەدا کە جووڵەیەك بکات یا هەڵ بێت.

باوکی من لەو ساتە ترسناکەدا، بە بەختکردنی ژیانی بوو بە پێشمەرگی دایکم و ئەوی رزگار کرد. ئەمە راستگۆیانەترین و دڵپاکانەترین رێگای باوکم بۆ دەربڕینی خۆشەویستیی خۆی بۆ دایکم و من بوو....



Scanned by CamScanner

تا ئەوین فێری قسەکردنمی کرد
بەسەرهاتم باسی هەر کلۆرێك بوو
"حافظ"

## ڕێگەچارەی جوانی مامۆستایەك

ئەم چیرۆکە لەبارەی کچێکی تەوەزەلە بەناوی جوولیا کە بە شێلگیری دەرسی نەدەخوێند. ئەو هەگیز نەیدەزانی داهاتووی چییە و بە دوای چ ئامانجێکەوەیە.



ڕۆژی بەر لە تاقیکاریی قوتابخانە هاوڕێیەکی جوولیا پێی ڕاگەیاند کە پرسیارەکانی تاقیکاری بەدەست هێناوە. لەڕاستیدا جوولیا دەیتوانی بۆ بەشداری لە تاقیکاریدا لە هەمان وەرەقە کەڵك وەر بگرێ. ئەو تەواوی وەڵامەکانی وەرەقەکەی کە لە دەستیدا بوو لەبەر کرد. بەپێی لاوازیی ئەو لە خوێندندا گومان دەکرا کە لە ١٠٠ تەنیا ٣٠ دەگرێ.

بەڵام ئەو توانی کە لە تاقیکاریی قەتابخانەدا خاڵی ٩٨ وەدەست بێنێ. ئەم بابەتە بوو بە هۆی ئەوە کە قوتابییەکان تووشی دڕدوونگی ببن کە نەکا جوولیا قۆپی کردبێ. سەرەڕای ئەمە مامۆستا بەویدا هەڵکوت و هانی دا و دڵنیایی دەربڕی کە ئەو لەمە بەدواوە



Scanned by CamScanner

سەرکەوتنی زیاتر بەدەست دێنێ. جوولیاش کە تووشی دڵەکوتە ببوو دەستی بە گریان کرد. ئەو لە وتەی مامۆستا زۆر خۆشحاڵ ببوو کە ئەگەر باش دەرس بخوێنێ شانازیی زیاتر بەدەست دێنێ.

لەوە بەدواوە کچەکە بۆ ئەوە کە بیسەلمێنێ قۆپی نەکردووە و بۆ ئەوە کە مامۆستاکەی بێهیوا نەکا بە شێلگیرییەوە دەرسی دەخوێند و هەستی بە چێژی دەرسخوێندن دەکرد.

چەند ساڵ دواتر ئەو لە یەکێك لە زانکۆ بەناوبانگەکانی وڵاتدا وەرگیرا. لەراستیدا بێ ئەو وەرەقەی تاقیکارییە چارەنووسی کچەکە وەها نەدەگۆڕدرا و داهاتوویەکی باش چاوەڕێی نەدەکرد. بەڵام هەمان رووداو دەرفەتێکی بۆی رەخساند و رێڕەوی ژیانی گۆڕی.

پاش چەندین ساڵ کچەکە گەڕایەوە بۆ قوتابخانە و راستیی بۆ مامۆستاکەی خۆی ئاشکرا کرد. مامۆستا کە ئیتر بەساڵدا چووبوو وتی: دڵەکەم ئەو کاتە دەمزانی کە تۆ قۆپیت کردووە، چوونکە تواناییەکانی تۆم دەناسی و دەمزانی کە تۆ ناتوانی ٩٨ خاڵ بەدەست بێنی. بەڵام بیرم کردەوە کە لەوانەیە تۆ بەکەلکوەرگرتن لەم دەرفەتە، زیاتر هەوڵ بدەی. هەر بۆیە تۆم هان دا و دڵنیاییم پێت دا.

کچەکە بە بیستنی ئەم قسانە کەوتە گریان. ئەو دەیزانی کە لە ساتی چارەنووسسازی ژیانیدا مامۆستا ئەوی هان داوە و ئەم بابەتە رێگای ژیانی ئەوی گۆڕیوە.



Scanned by CamScanner

## داهێنەری لە منداڵاندا

تەواوی منداڵان بە شێوەی شاراوە داهێنەرن بەڵام ئەو توانایە بێ راهێنان دادەمرکێتەوە.

داهێنەری بۆ پشکوتن پێویستی بە راهێنان هەیە. بۆ وێنە لێزانی لە یاریی تێنیسدا بێ راهێنان، خێرا لەنێو دەچێ. یاریزانێکی باش بەردەوام پرۆڤە دەکات. بێ راهێنان، توانایی نووسین، مۆسیقا، ئاواز، سەما، وێنەکێشان و زۆری تر ... لەوانەیە لەنێو بچن.

داهێنەری وەك زنجیرەیەك خەسڵەتی کەسێتی

هێندێ لە توێژەران تایبەتمەندیگەلێك بۆ کەسانی داهێنەر دێننە بەر باس. ئەم تایبەتمەندییانە بریتین لە: ئازایەتی، پەیجووری، سازگاری، سەربەخۆیی، دەروونگەرایی، ناهاوئاهەنگی، قسەخۆشی، هۆگری بۆ ئەزموونکردن و...

داهێنەری وەك زنجیرەیەك لە بارودۆخی ژینگەیی

مەبەست لە بارودۆخی ژینگەیی، کەسەکان، شوێنەکان، شتەکان و ئەزموونەکانە. منداڵان لە هیچەوە ناتوانن شتێك بخولقێنن. ئەوان بۆ کێشان یان ئافراندنی شتێك پێویستیان بە ئەزموون هەیە. وەك نموونە، منداڵێك کە فرۆکەخانە یان سنووری هەوایی نەبینیوە بە دژواری دەتوانێ لە یارییەکان یان چالاکییەکی دیکەیدا، چالاکییەکی داهێنەرانەی هەبێ. بە هەمان شێوە لە دەربڕینی داهێنەریدا، هەرچی بواری ئەزموونەکانی تاك یان شوێنەکان، شتەکان و کەسانی دیکە زیاتر بێ، کردەوەی ئەو لە چالاکییە داهێنەرانەکاندا زیاترە.



Scanned by CamScanner

چوارچێوەی ماڵ بە یەکێک لە هۆکارە گرینگەکان بۆ پەروەردەکردنی داهێنەری دەژمێردرێ. ئەگەر لە چوارچێوەی ماڵدا روانگەیەکی گەشبینانە بۆ ئەم بابەتە هەبێ، منداڵان زیاتر تواناییەکانی خۆیان نیشان دەدەن. لێکۆڵینەوەکان نیشانیان داوە کە ئەگەر:

- دایک و باوکەکان رێز لە منداڵەکانیان بگرن،
- متمانەیان بە توانایی منداڵەکانیان هەبێ،
- بەهاکانی بنەماڵە هەمیشە لەسەر بنەمای راستگۆیی، لێهاتوویی، لۆژیک و سەرکەوتن بێ، یارمەتییان بە پەروەردە و گەشەی داهێنەرانەی منداڵەکانیان کردووە.

## بەربەستەکانی داهێنەری

هەروا کە پاڵنەرە ژینگەییەکان و هۆکارە بنەماڵەییەکان دەتوانن داهێنەری پەرەپێ بدەن، بارودۆخی نەرێنیش دەتوانێ بەرتەسکی باتەوە. ٤ جۆر بارودۆخی ژینگەیی کە پێش لە توانایی داهێنەری دەگرن بیتین لە:



**دایک و باوکەکان:** دایک و باوکەکان بە زۆری چاوەڕانیگەلێکی تایبەتیان لە منداڵەکانیان هەیە، بەداخەوە منداڵانی داهێنەر لەوانەیە لەگەڵ ئەو چاوەڕانییانەدا هاوئاهەنگ نەبن. منداڵانی داهێنەر بە زۆری ئۆتۆریتە، سنووردانانەکان، لۆژیک و چاوەڕوانییەکانی دایک و باوک دەبەنە ژێر پرسیار. ئەم منداڵانە بە شێوەیەکی جیاواز کردار و هەڵسەکەوت دەکەن. دایک و



Scanned by CamScanner

باوك لەوانەیە ئەم رەفتارە داهێنەرانەیە بە جۆرێك بێئەدەبی لەقەڵەم بدەن یان هەڵسوكەوتەكانی منداڵەكەیان زۆر سەیر و سەمەرە، پێنەگەیشتوو، نائاسایی یان شەیتانی بزانن. هەر بۆیە پێویستە دایك و باوكەكان زانیاریی شیاو و پێویستیان لە بارەی ناوەرۆكی داهێنەری و پرۆسەكەی هەبێ.

**قوتابخانە:** مامۆستا لەوانەیە لە بایەخی منداڵی داهێنەر نەگات. بەزۆری، منداڵی داهێنەر لە چوارچێوەی قوتابخانەدا دەبێ بەپێی هاوئاهەنگیی تەواو كار بكات. منداڵ فێر دەبێ كە شەو رەشە و ئەگەر لە وێنەكێشاندا لە رەنگێكی دیكە جیا لەوە كەڵك وەربگرێ، گاڵتەی پێ دەكرێ.

لەم دواییانەدا پێداگرییەكی زۆر لەم پێوەندییەدا هەیە كە لە قوتابخانەكاندا دەرفەتێكی زۆر كەم و بەرتەسك بۆ چالاكییە داهێنەرانەكانی منداڵان لەبەرچاو دەگیرێ. هەروەها هێندێ لە منداڵەكان لە پۆلەكانی وانەوتنەوەی ناداهێنەرانەدا بەند دەكرێن و پێیان دەوترێت "دانیشە لەسەر جێگات". هەر بۆیە یەكێك لە پێویستییەكانی سیستەمی بارهێنان، سەرنجدان بە توانابییە داهێنەرانەكانی منداڵان و راهێنانی مامۆستاكان بۆ دابینكردنی دۆخی شیاو بۆ پەروەردەكرنی ئەو تواناییانەیە.



**رۆڵە جنسییەكان:** لە هەر كۆمەڵگایەكدا رۆڵگەلی جنسی تایبەت بوونی هەیە، لە زۆربەی كاتەكاندا ئەم رۆڵانە جیا لە باشییەكانیان بەربەستگەلێك بۆ منداڵان پێك دێنن. كاتێك ئێمە چاوەڕانی ئەوەمان هەیە كە كورەكەمان چالاك، سەربەخۆ و بەهێز بێ و بەپێچەوانەوە كچەكەمان ناچالاك،

بەستراوە، لەخۆبردوو و فیداکار بێ، بەم شێوەیە زیان بە منداڵەکانمان دەگەیەنین. ئەگەر رۆڵە جنسییەکان بەم شێوەیە بۆ منداڵەکانمان دیاری بکرێن، کورەکان لە بەڕێوەبردنی چالاکیی ئارام خۆ دەبوێرن و کچەکان لە بەڕێوەبردنی چالاکییەکان و ئەزموونگەلی چالاك خۆیان دوور رادەگرن. لە کاتێکدا هەر دوو شێوە ئەزموون بۆ پرۆسەی داهێنەری پێویستە.

**کۆمەڵگا، نەریت و فەرهەنگ:** چەمکگەلێکی جیاوازن بەڵام هەر کامیان هەڵسوکەوتگەل، بەهاکان و تێڕوانیگەلی تایبەت دیاری دەکەن، ئەمانە بە شێوەی چاوەڕوانییەکان رادەگوێزرێن. بەداخەوە لەوانەیە منداڵانی چالاك بە بەرنامەیەکی جیاوازەوە کار بکەن. کێشە کاتێك سەر هەڵ دەدا کە گەورە ساڵ تەواوی وەڵامەکانی پێیە و چاوەڕوانی لە منداڵ هەیە لە سنووری چوارچێوەکاندا هەڵسوکەوت بکات. بۆ نموونە زۆر جار دەوترێ: "ئەمە شێوەیەکە کە بنەماڵەی من بەڕێوەی دەبا." ئاشکرایە کە رێزدانان بۆ چاوەڕوانییەکانەی کۆمەڵگا، نەریتەکان و کولتوور گرینگییەکی زۆری هەیە بەو مەرجە کە کۆت و بەند بۆ تاکەکان پێك نەهێنێ.

چۆن داهێنەریی منداڵان پەرە پێ بدەین:

١ - شوێنێکی شیاو بۆ ئەنجامدانی کارە داهێنەرانەکانی ئەوان دابین بکەن.

٢ - ئیمکانات و کەرەستەگەلێکیان بۆ دابین بکەن تا بە یارمەتیی ئەوانە داهێنەرییەکانی خۆیان نیشان بدەن. (بۆ نموونە ئامرازەکانی مۆسیقا، وێنەکێشان و ...)

٣ - هانی کارە داهێنەرانەکانی منداڵان بدەن و ئەوان پێشان بدەن و لە هەڵسەنگاندنی زیاد لە رادەیان خۆ ببوێرن.

٤ - وەك گەورەساڵ، خۆتان خەریکی ئەنجامدانی کاری داهێنەرانە بن و مۆڵەت بدەن منداڵەکەتان شایەتی بەڕێوەبردنی کارە داهێنەرانەکانتان بێ.



Scanned by CamScanner

٥ ـ سەرنج بە شێوەی فێرکردن لە بنەماڵەی خۆتاندا بدەن.

٦ ـ بە کارە داهێنەرانەکانی کەسانی دیکە بەها بدەن.

٧ ـ لە پێداگری لەسەر وێنا قاڵبییەکان لەپێوەندی لەگەڵ جنسیەتی منداڵان بەتوندی خۆتان ببوێرن. (بۆ نموونە، کچ یاری بە ئوتۆمبێل ناکا، کوڕ یاری بە بوک ناکا یان کوڕ ناگری.)

٨ ـ ئیمکانی بەشداری لە چالاکییەکان و پۆلە تایبەتییەکانیان بۆ دابین بکەن.

٩ ـ ئەگەر کێشە یان گیروگرفت لە بنەماڵەدا بوونی هەیە لەو کێشانە بە شێوەی ئەرێنی کەڵك وەربگرن و بە هاندانەوە بە منداڵی خۆتان مۆڵەتی دەربڕینی هەستەکان و دەربڕینی بۆچوون بدەن.

١٠ ـ سەرنج بدەن کە لێهاتوویی تەنیا بەشێکی بچووك لە داهێنەرییە و راهێنان و رێکوپێك کردنی گرینگییەکی زیاتری هەیە.

١١ ـ مۆڵەت بدەن کە منداڵ خۆی بێ تەنانەت ئەگەر هەڵسوکوتی سەیر لێی روو بدات و هەوڵ بدەن کە لە لای کۆمەڵێکدا منداڵەکەی خۆتان بە داهێنەر بناسێنن، جیا لەمە کەسانی دەوروبەر چاوەڕوانیی لەرادەبەدەریان لە منداڵی ئێوە دەبێ.

١٢ ـ لەگەڵ منداڵەکەی خۆتاندا قسەخۆش و دڵۆڤان بن.



Scanned by CamScanner

سوپاس لەوە کە لە نێوان من و ئەودا ئاشتی پێک هات.

"حافظ"

## فێڵبازیی ئەویندارانە

نزیکەی نیوەشەو بوو کە رابێرت لە خەو راچڵەکی، چەند ساتێک لەسەر قەرەوێڵە دانیشت. بەڵام هەر کە سەیرێکی دەوروبەری کرد و دیتی کە ژنەکەی سارا لە شوێنی خۆی لەسەر تەختی نووستن نییە، تێگەیشت کە لەوانەیە هاوسەرەکەی تووشی خەودیتن بووبێ و لە شوێنی خۆی هەڵساوە و لە خەودا رۆیشتووە و ئێستاش لە سووچێکیماڵەکەدا دانیشتووە و خەریکە لە خەودا قسە دەکات.

پیاوەکە کەمێک گوێی گرت و دەنگی ژنەکەی بیست کە لە دیوی نووستن چووە دەرەوە ئەوی لە چێشتخانەدا بینی کە لە خەودا خەریکە لەگەڵ کەسێکدا دەدوێ.

دایکی خۆم دەزانم کە شووەکەم پیاوێکی زەحمەتکێشە... بەڵام ئەوە چاوەڕوانییەکی گەورەیە کە ئەو بە رووی خۆشەوە هێندێ کات لقێک گوڵم بۆ بێنێ...

پیاوەکە هەر لەو شوێنەدا دانیشت و نەچووە پێش تا ژنەکەی وەک پێشتر گەڕایەوە بۆ دیوی نووستن و خەوت.

لە بەیانیی ئەو رۆژەوە لە کاتی دەمەوئێوارەدا کاتێک پیاوەکە دەهاتەوە بۆ ماڵ بە رووی خۆش و دەم بە پێکەنینەوە لقێک گوڵی بۆ ژنەکەی دەهێنا.



Scanned by CamScanner

ئێستا ٢٥ ساڵ لەو رۆژە تێدەپەڕێ و پیاوەکە هەموو رۆژێك بە رووخۆشییەوە لقێك گوڵ دێنێت و ژنەکەش هێشتا نەی هێشتبوو شووەکەی بزانێ کە ئەو شەوە ژنە لاوەکە بە شانۆسازیی خەو شووەکەی فێر کرد کە ئەرکی پیاوێکی دڵۆڤان چییە؟



Scanned by CamScanner

# بەشی ٧
# داهێنەریی نەرێنی



Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

هەر کەس لەگەڵ چاکەکاندا دابنیشێ خراپەکان بە چاک دەزانێ
هـــەر کەســیش لەگــەڵ خراپەکانــدا دابنیــشێ لەهەمبــەر چاکەکان گومانی خراپ دەبات.
"صائب تبریزی"

## رەخنە لە هۆشی نەرێنی

کوڕێك (پیتر) و کچێکی بچووك (فیلیس) خەریك بوون پێکەوە یارییان دەکرد. کوڕە چکۆلەکە هێندێ کەلا و کچە بچووکەکەش چەن دانە شیرینی پێ بوو. پیترە چکۆل بە فیلسیە بچکۆلی وت: من گشت کەلاکانم دەدەم بە تۆ، تۆیش تەواوی شیرینییەکانت بدە بە من. فیلیسی بچکۆل قەبووڵی کرد.

پیترە چکۆل گەورەترین و جوانترین کەلای بەدزییەوە بۆ خۆی هەڵ گرت و باقیی دا بە کچە بچکۆلەکە. بەڵام کچە بچکۆلەکە هەروا کە بەڵێنی دابوو تەواوی شیرینییەکانی دا بە کوڕەکە.

هەر ئەو شەوە کچە بچکۆلەکە بە ئاسوودەیی تەواو خەوت و خەوی لێ کەوت. بەڵام کوڕە چکۆلەکە نەیدەتوانی بخەوێ چوونکە بیر لەوە دەکردەوە، هەروا کە خۆی باشترین کەلای بەدزییەوە شاردۆتەوە لەوانەیە کچە بچکۆلەکەیش وەك ئەو برێك لە شیرینییەکانی شاردبێتەوە و تەواوی شیرینییەکانی پێ نەدابێ.

تێبینی: لە روانگەیەکەوە لەو بڕوایەدام کە ئێمە سێ جۆر هۆشمان هەیە:

١ - هۆشی نەرێنی: بە بێ رەچاوکردنی بنەمای ویژدان و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانی کەسانی دیکە خۆپەرستانە بەرژەوەندییەکانی خۆمان تەنانەت



Scanned by CamScanner

بە نرخی زیانگەیاند بە کەسانی دی دابین دەکەین. ئەم جۆر زیرەکییە نابێ لە ریزی چەشنەکانی هۆشدا دابنرێ، چوونکە لە کۆتاییدا لەم چیرۆکەدا، دەبینە دۆستی نەزانی خۆمان.

نموونە

دارتاشێکی پیر بە خاوەن کارەکەی وت کە دەیەوێ خانەنشین ببێ و ماڵێك بۆ خۆی درووست بکات و لە تەنیشت هاوسەر و نەوەکانیدا دەورانی پیری بە خۆشی تێپەڕ بکا. خاوەن کار لەوە کە کرێکارەکەی خۆی لەدەست دەدات ناڕەحەت بوو بەڵام دارتاشیش ماندوو بوو و پێویستی بە پشوو بوو. خاوەنکار داوای لە دارتاش کرد کە بەر لە ڕۆیشتن ماڵێکی بۆ درووست بکا و دوایی خانەنشین ببێ. دارتاش قەبووڵی کرد بەڵام ئیتر بە دڵسۆزییەوە کاری نەدەکرد، چوونکە دەیزانی کە کارەکەی داهاتوویەکی نابێ، لە داری خراپ بۆ سازکردنی ماڵەکە کەڵکی وەرگرت و کارەکەی بە بێ هەستکردن بە بەرپرسایەتی کرد. کاتێك خاوەن کار بۆ دیتنی خانووەکە هات، کلیلی ماڵەکەی دا بە دارتاش و وتی: ئەم ماڵە دیاریی من بۆ ئێوەیە، لەبری ئەو زەحمەتانەی کە چەندین ساڵە بۆ منت کێشاوە. دارتاشەکە شل بوو، ئەو لە تەواوی ئەم ماوەیەدا خەریکی سازکردنی خانوویەك بۆ خۆی بووەو ئێستا ناچارە لە ماڵێکدا بژی کە هەرگیز بەباشی ساز نەکرابوو*.

٢ ـ هۆشی لۆژیکی (ئاوەزمەندانە): لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەچینە یاریی بردنەوەی یەکسانەوە. هەم سوود بە کەسانی دی دەگەیەنین هەم لە بیری خۆشماندداین و بەرژەوەندییەکانمان دابین دەکەین. نموونەی ئاشکرای ئەو جۆرە هۆشە پێوەندیی بازرگانیی دادپەروەرانە لەگەڵ کەسانی دیکەدایە کە هەر دووکیان قازانج دەکەن.

* پەیامگەلێك لە جیهانی نادیارەوە؛ بژاردەیەك لە وتەکانی نیل دوونالد والش، مەسعوود لەعلی


٣ ـ هۆشی سۆزداری: ئەقڵی ئەوین لەگەڵ ئەقڵی ئاوەزدا جیاوازە. پێناسەی سەرکەوتن، سەرکەوتن و شادی لە روانگەی ئەوینەوە لەگەڵ روانینی ئەقڵدا جیاوازە. هەر بۆیە هەمیشە بینیومانە کە "ئەقڵ"، "ئەوین" بە شێتی و کەم ئەقڵی تۆمەتبار دەکات لە کاتێکدا کە راستییەکەی ئەوەیە کە پێوانەکانی ژیریی "ئەوین" لەگەڵ ئەقڵدا جیاوازن. لەوبڕوایەدام کە دەبێ خۆشەویستی بە بەرزترین قۆناخی ئاوەزمەندی بزانین و دلۆڤانترینەکان بە ژیرترینەکان. هەرگیز ئەو کاتەی کە لە بیری ئەوانی دیکەدابین خزمەت بە خۆمان ناکەین. نموونە:

حریم عشق را درگه بسی بالاتر از عقل است.

"حافظ"

**واتە: درگای هەرێمی خۆشەویستی زۆر بەرزترە لە ئەقڵ.**

ژن و شوویەك کە لێرەدا بە جان و مێری ناویان دێنین، خانوویەکی رازاوە و کوڕ و کچێکی خۆشەویستیان هەبوو، جان پیشەیەکی باشی بوو و داوای لێکرابوو کە بۆ سەفەرێکی بازرگانیی چەند رۆژە بچێت بۆ شارێکی دیکە. بڕیار درا کە چوونکە مێریش پێویستی بە سەفەرە ئەویش لەگەڵیدا بڕاو. پەرستارێکی ئەرخەیانیان بۆ منداڵەکانیان گرت و چوون بۆ سەفەر و زووتر لە کاتی دیاریکراو گەڕانەوە.



هەروا کە بە خۆشحاڵییەوە بەرەو ماڵەوە شۆفێرییان دەکرد، بە ئاگرکەوتنەوە لەو دەورووبەرەیان زانی و هەر بۆیە بەرەو جادەیەکی شوێنی ئاگرکەوتنەوەکە لێیان خوڕی تا بزانن چی رووی داوە. دیتیان ماڵێك لە ئاگردا دەسووتێ. مێری وتی: "سوپاس بۆ

خوا کەماڵی ئێمە نییە، زوو بگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە."

بەڵام جان ئوتۆمبێلەکەی بردە پێشتر و وتی: "بەڵام ئەوە ماڵی فرێد جوونزە، کە لە کارخانە کار دەکا. هێشتا لەسەر کار نەگەڕاوەتەوە، لەوانەیە بتوانین کارێکی بۆ بکەین."

مێری بە نارەزایەتییەوە وتی: "هیچ پێوەندییەکی بە ئێمەوە نییە و تۆش بەو جلوبەرگە خاوێنانەوە باشترە زۆر نزیك نەبیتەوە."

بەڵام جان چووە پێشتر و راوەستا. هەر دووکیان بە ترسەوە بینییان کە تەواوی ماڵەکە لە ئاگردا دەسووتێ. ژنێك لە سەر چەمەنەکان بە تووڕەییەوە دەیقیڕاند: "منداڵەکان، منداڵەکان بێننە دەرەوە!" جان شان و باڵی ژنەکەی گرت و پرسی: "خۆت کۆنترۆڵ بکە و بڵێ منداڵەکان لە کوێن." ژنەکە بە گریانەوە وتی: "لە ژێر زەمیندا، کۆریدۆری لای چەپ."

لەبەرانبەر نارەزایەتیی مێریدا، جان سۆندەی لەسەر جلەکانی راگرت و خۆی تەڕ کرد، دەسماڵێکی تەڕی بە سەریەوە گرێ دا و بەرەو ژێرزەمین رای کرد کە پڕ بوو لە دووکەڵی ئاگر. درگاکەی دۆزییەوە و منداڵەکەی وەك تۆپی فووتباڵ لە باوەش گرت. کاتێك هاتە دەرەوە ناڵەگەلێکی دیکەشی بیست. ئەو منداڵە ترساوەکەی کە خەریك بوو دەخنکا رادەست کرد و سییەکانی لە هەوای تازە پڕ کرد و لە کاتی گەڕانەوە بۆ نێو ماڵەکەدا پرسی: چەند منداڵی دیکە لەوێن؟ ئەوان وتیان دوو منداڵی دیکە لەوێن. مێری دەستی جانی گرت و هاواری کرد: "جان! مەڕۆ! ئەم کارەی تۆ جۆرێك خۆکوژییە! ماڵەکە تا چەند ساتێکی تر دەڕووخێ!"

بەڵام ئەو دەستی ژنەکەی بەردا و رۆیشت. تا گەیشتە خوارەوە، دووکەڵ هەموو شوێنێکی گرتبوو. واهاتە بەرچاو کە کاتێکی زۆر تێپەڕی تا توانی منداڵەکان بدۆزێتەوە و ئەوان بهێنێتە دەرەوە. هەر سیانیان دەکۆخین. ئەو بە



Scanned by CamScanner


لارە لارە ڕێی دەکرد تا بتوانی بە ئاسانی هەناسە بکێشێ. هەروا کە بە دژواری لە پلیکانەکانی ئاخرەوە دەهات، هاتە بەرچاوی کە شتێکی ئاشنا لەم منداڵانەدا کە بەودا نووساون هەیە. لە کۆتاییدا کاتێک بە دەرەوە و هەوای تازە گەیشتن، بۆی دەرکەوت کە منداڵەکانی خۆی ڕزگار کردبوو. کاتێک پەرستار بۆ شت کڕین چووبووە دەرەوە ئەوانی بەم خانووە سپاردبوو.*

* پەیامگەلێک لە جیهانی نادیارەوە، (بژاردەیەک لە وتەکانی نیل دوونالد والش، وەرگێڕانی مەسعوود لەعلی)

هەرە کە پلەی ژمارەکان لە سفر زیاتر بوو
پلەکی ناکەسەکان، لە هیچ بەرزتر بۆتەوە
"میر معصوم تسلی"

## بازرگانیی مەیموون

ڕۆژێك لە ڕۆژان لە ئاواییەکدا لە هیند، پیاوێك بە گوندنشینەکانی ڕاگەیاند کەبۆ کڕینی هەر مەیموونێك ٢٠ دۆلاریان پێ دەدا. گوندنشینەکانیش کە دیتیان دەوروبەریان پڕە لە مەیموون، چوون بۆ دارستان و دەستیان کرد بە گرتنیان و بەم شێوەیە پیاوەکە هەزار مەیموونی بە نرخی ٢٠ دۆلار لەوان کڕی. بەڵام بە کەمبوونەوەی ژمارەی مەیموونەکان گوندنشینەکان وازیان



لە هەولدان هێنا. بەم هۆیە پیاوەکە ئەم جارە پێشنیاری کرد کە بۆ کڕینی هەر مەیموونێك ٤٠ دۆلار دەدا. بەم مەرجە گوندنشینەکان دەستیان بە چالاکیی خۆیان کردەوە. دوای ماوەیەك ژمارەی مەیموونەکان دیسان کەمتر و کەمتر بوو تا ئەوە کە گوندنشینەکان دەستیان لە کار هەڵ گرت و بۆ کشتوکاڵ بەرەو مەزراکانیان چوون.

ئەم جارە پێشنیار گەیشتە ٤٥ دۆلار و ....



Scanned by CamScanner

سەرنجام ژمارەی مەیموونەکان ئەوەندە کەم بۆوە کە بە زەحەت مەیموونێك دەدۆزرایەوە. ئەم جارەش پیاوی بازرگان بانگەشەی کرد کە بۆ کڕینی هەر مەیموونێك ٦٠ دۆلار دەدا بەڵام چوونکە بۆ کار دەبوو بۆ شار بچێت کارەکانی بە شاگردەکەی ئەسپارد تا لەلایەن ئەوەوە مەیموونەکان بکڕێ.

لە نەبوونی بازرگاندا، شاگرد بە گوندنشینەکانی وت: "ئەم هەمووە مەیموونە لە قەفەزدا دەبینن! من ئەوان بە ٥٠ دۆلار بە ئێوە دەفرۆشم تا ئێوە دوای گەڕانەوەی بازرگان ئەوان بە نرخی ٦٠ دۆلار بەو بفرۆشن". گوندنشینەکان کە (لەوانەیە وەك ئێوە) تەماح گرتبوونی پارەکانیان خستە سەر یەك و گشت مەیموونەکانیان کڕی... هەڵبەت لەوە بەدواوە ئیتر هیچ کەس پیاوی بازرگان و شاگردەکەی نەبینی و تەنیا گوندنشینەکان مانەوە و دنیایەك مەیموون.



Scanned by CamScanner

ئەوین، هەمیشە لەگەڵ داهێنەری و بنیاتناندا
هاوڕێ بوو و ترس لەگەڵ وێرانیدا.

"ئێمێت فاکس"

## ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردن

ژنێك لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی دایکی خۆیدا، پیاوێکی بینی کە هەرگیز ئەوی نەدەناسی. ئەو بە خۆی وت کە ئەم پیاوە زۆر سەرنجڕاکێشە. هەروەها بە خۆی وت کە ئەمە پیاوی خەونەکانی منە. هەر لەوێدا بوو بە ئاشقی ئەو. بەڵام هیچکات داوای ژمارە لەو ناکات و هەر بۆیە ئیتر نایبینێ. چەند ڕۆژ دواتر ئەو خوشکەکەی خۆی دەکوژێ. بە ڕای ئێوە پاڵنەری ئەو لە کوشتنی خوشکەکەی خۆی چی بووە؟

بەڵام وەڵامی تێستی دەروونناسە! ئەو ژنە هیوادار بوو کە لە ڕێوڕەسمی بەخاسپاردنی خوشکەکەیدا دیسان ئەو پیاوە ببینێ.


Scanned by CamScanner

ئێوە دەگەنە لووتکەی سەرکەوتن ئەگەر
ئەوانی دیکە نەکەنە پلیکانی سەرکەوتنی
خۆتان و سەردەکەون ئەگەر کەسێك نەکەنە
فیدای خۆتان.

"هێربێرت وودز"

## زیرەکی بە شێوازی فەڕەنسی

سێ کەسی ئەمریکایی و سێ کەسی فەڕەنسی لەگەڵ یەکدا بۆ بەشداری لە کۆنفرانسێکدا دەچوون. لە وێستگەی شەمەندەفەردا سێ ئەمریکاییەکە هەر کامیان بیتاقەیەکیان کڕی.



بەڵام لەوپەڕی سەرسوورماندا دیتیان کە فەڕەنسییەکان بۆ هەر سێ کەسەکەیان بیتاقەیەکیان کڕیوە. یەکێك لە ئەمریکاییەکان وتی: چۆنە کە ئێوە سێ کەس بە بیتاقەیەك سەفەر دەکەن؟ یەکێك لە فەڕەنسییەکان وتی: ڕاوەستە تا نیشانت بدەین، هەموویان سواری شەمەندەفەر بوون، ئەمریکاییەکان لەسەر کورسییە دیاریکراوەکان دانیشتن، بەڵام فەڕەنسییەکان چوونە تەوالیتێك و درگایان لەسەر خۆیان داخست. پاشان کارمەندی کۆنترۆڵی بیتاقەی شەمەندەفەر هات و



Scanned by CamScanner

بیتاقەکانی کۆنترۆڵ کرد. دواتر لە درگای تەوالیتەکەی دا و وتی: بیتاقەکەتان تکایە ! پاشان، درگای تەوالیت کرایەوە و لە لای درگاوە بیتاقەیەك هاتە دەرەوە، کارمەندی شەمەندەفەر ئەو بیتاقەی سەیر کرد و ڕۆیشت. ئەمریکاییەکان کە ئەمەیان بینی، بەو دەرەنجامە گەیشتن کە چەنێك داهێنەرییەکی زیرەکانە بووە. دوای کۆنفرانس بڕیاریان دا کە لە گەڕانەوەدا ئەو کارەی فەڕەنسییەکان بکەن. تا لەم ڕێگەیەوە بڕێك پارەش بۆ خۆیان پاشەکەوت بکەن.

کاتێك گەیشتنە وێستگە، سێ ئەمریکاییەکە بیتاقەیەکیان کڕی. بەڵام لەوپەڕی سەرسووڕماندا دیتیان کە سێ فەڕەنساوییەکە هیچ بیتاقەیەکیان نەکڕی. یەکێك لە ئەمریکاییەکان پرسی: چۆن دەتانەوێ بێ بیتاقە سەفەر بکەن؟ یەکێك لە فەڕەنسییەکان وتی سەبر بکە تا نیشانت بدەم.

سێ ئەمریکایی و سێ فەرنسەوی سواری شەمەندەفەر بوون، سێ ئەمریکاییەکە چوونە نێو تەوالیتێك و سێ فەڕەنسییەکەش چوونە تەوالیتی تەنیشتی و شەمەندەفەر بەڕێکەوت. چەند سات دوای بەرێکەوتنی شەمەندەفەر یەکێك لە فەڕەنسییەکان لە تەوالیت هاتە دەرەوە و چووە پێش تەوالیتی ئەمریکاییەکان و وتی: بیتاقە، تکایە ! ! ! ! !



Scanned by CamScanner

ناوی خۆتان لە سەر دڵەکان هەڵ بکەنن نەک

لە سەر بەردی سپیی مەڕمەڕ.

"چارلز ئیسپرجێن"

# قەرز

دوو هاوڕێ بە ناوەکانی سام و مایك لە حاڵی سەفەر لە ئۆتووبووسدا بوون. لەناکاو ئۆتووبووسەکە راوەستا و گرووپێك رێگر هاتنە ئۆتووبووسەکە. رێگرەکان دەستیان کرد بە رووتاندنەوەی مسافرەکان. ئەوان کاتژمێر و کەلوپەلی بەنرخ و هەروەها تەواوی پارەکانی مسافرەکانیان لەوان وەرگرت.

سام جانتای پارەی خۆی دەرهێنا و بیست دۆلاری لێ دەرهێنا. ئەو ئەم بیست دۆلاەی دا بە مایك. مایك پرسی: "بۆ ئەم پارەیە دەدەی بە من؟" سام وەلامی دایەوە: "لەبیرتە حەوتووی رابردوو کاتێك من پارەم نەبوو تۆ بیست دۆلارت بە قەرز پێم دا؟" مایك وتی: "بەڵێ لەبیرمە" سام وتی: "من خەریکم پارەکەت دەدەمەوە".



Scanned by CamScanner

## کەسایەتیی باش باشترین بەردی قەبرە

کاتێك گوڵەکانی "لەبیرم مەکە" سیس دەبن
ئەو کەسانەی کە یارمەتیت داون و خۆشتیان دەوێ
ئێوە دێننەوە یاد.
ناوی خۆتان لە سەر دڵەکان هەڵ بکەنن
نەك لە سەر بەردی سپیی مەڕمەڕ.

"چارلز ئیسپرجێن"



Scanned by CamScanner

کەسێک کە خەیالکردنەوەی هەیە بەلام مەعریفەی نییە
وەک باڵندەیەک وایە کە باڵی هەیە بەلام لاقی نییە.
"ژووزێف ژووبێر"

## پێکدادان

رۆژێک ئوتۆمبێلی ژن و پیاوێک لەگەڵ یەکدا پێکدادانێکی خراپ دەکەن. بە شێوەیەک کە ئوتۆمبێلی هەر دووکیان بە توندی زیانی پێ دەگا. بەلام هەر دووکیان بە شێوەیەکی سەرسوورهێنەر رزگاریان بوو.

کاتێک هەر دووکیان لە ئوتۆمبێلەکانیان کە ببوو بە ئاسنەشکاو دێنە دەرەوە، شۆفێرە ژنەکە دەگەڕێتەوە و دەڵێ: چ سەرنجڕاکێش! بزانە چی بەسەر ئوتۆمبێلەکانماندا هاتووە! هەموو شتێک وێران بووە بەلام ئێمە تەندرووستین! ئەمە دەبێ نیشانەیەک لەلایەن خواوە بێ کە وەها چاومان بە یەک بکەوێ و پێوەندییەکی هاوبەش بە ئاشتی و خۆشی دەست پێ بکەین!

پیاوەکە بە دڵەکوتە وەلامی دایەوە:

- "ئۆ... بەڵێ بەتەواوی..." لەگەڵ ئێوەدا هاوڕام دەبێ ئەمە نیشانەیەک لەلای خواوە بێ! دواتر ئەو خاتوونە درێژە دەدا و دەڵێ:

- بزانە پەرجوویەکی دیکە! ئوتۆمبێلەکەی من بە تەواوی شکاوە بەلام ئەم شیشە مەشرووبە ساقە. بە دڵنیایەوە خوا ویستوویەتی کە ئەم شیشە مەشرووبە



Scanned by CamScanner

ساق بمێنێ تا ئێمە ئەم پێکدادانە مۆبارەکە کە دەتوانێ دەسپێکی ڕووداوگەلیکی زۆر سەرنجڕاکێش بێ پێکەوە جەژن بگرین!

و دواتر خاتوون قاپەکە دەدات بە پیاوەکە.

پیاوەکە سەری بە نیشانەی پشتڕاستکردن ڕادەوەشێنێ و درگای قاپەکە دەکاتەوە و نیوەی مەشرووبەکە دەخواتەوە و قاپەکە دەداتەوە بە ژنەکە.

ژنەکە درگای قاپەکە دەبەسێ و دەیداتەوە بە پیاوەکە.

پیاوەکە دەڵێ ئێوە ناخۆنەوە؟!

ژنەکە پێکەنینێکی بەدفەڕانە دەکات و لە وەڵامدا دەڵێ:

- نە خۆشەویستم، پێم وایە ئێستا باشترە چاوەڕوانی پۆلیس بین!!!



Scanned by CamScanner

سـەركەوتووەكان سـاڵەكانی تەمـەنیان

دەژمێرن، خۆپارێزەكان كردەوەكانیان.

"ساموئیل جانسۆن"

## بازاڕسازی لە باتی "بازاریابی" ( ماركتینگ )

ڕۆژێكیان ئالێكس لە وێستگەی شەمەندەفەردا چاوەڕێی یەكێك لە دۆستەكانی بوو كە پیاوێكی لاو لەو نزیك بۆوە و سڵاوی كرد. لاوەكە بانگەشەی كرد كە ئالێكسی لە شوێنێكدا دیوە. بەڵام ئالێكس ئەم بانگەشەیەی ڕەت كردەوە. لاوەكە وتی كە لەوانەیە ئەوی لە هۆڵی سینەمادا دیبێ. بەڵام ئالێكس وتی كە تا ئێستا بۆ سەیركردنی هیچ فیلمێك نەچۆتە سینەما. ئەو لاوە پاش داوای لێبووردن وتی لەوانەیە ئەوی لە كلیسادا دیبێ. بەڵام ئالێكس وتی كە هیچكات ناچێ بۆ كلیسا. پیاوە لاوەكە كە وازی نەدەهێنا، چەندین بانگەشەی دیكەی لەبارەی دیتنی پێشتر و ئاشنایی لەگەڵ ئالێكسدا هێنایە ئاراوە. ئالێكس كە بە هۆی پرسیار و وەڵامە بێ بنەماكانی پیاوە لاوەكە بە تەواوی گێژ ببو داوای لێ كرد كە بۆ ئەوە كە سەرئێشەكەی توندتر نەبێ وازی لێ بێنێ. پاش ئەم قسەیەی ئالێكس، لاوەكە دەسبەجێ دەستی كرد بە جانتاكەیدا و دوو بەسە حەبی هێوركەرەوە و ویتامینی دەر هێنا. ئەو بە ئالێكسی وت كە ئەگەر بەسەیەكی پەنجا دانەیی لە حەبە ویتامینییەكانی درووستكراوی كۆمپانیاكەی ئەو بكڕێ، بەسەیەك حەبی هێوركەرەوەی وەك دیار پێ دەدات.



Scanned by CamScanner

## وەرە مرۆڤـ ساز بکەین

وەرە لە هەوری دڵ...

شەونم ساز بکەین

وەرە لە دەردی دڵ...

مەڵهەم ساز بکەین

مەڵێ گەڕاین و ...

مرۆڤمان نەدی

خوایی بکە...

وەرە مرۆڤـ ساز بکەین

"موجتەبا کاشانی"



Scanned by CamScanner

## شۆفێری سەرپێچیکار

ئەفسەری هاتوچۆ، شۆفێری ئۆتۆمبێلێک کە بە خێراییەکی زۆر بەرز لە ئۆوتووباندا خەیکی رۆیشتن بوو بە هۆی خێرایی رێگەپێنەدراو رادەگرێ.

ئەفسەر: دەکرێ ئیجازەکەتان ببینم؟

شۆفێر: ئیجازەم نییە. دوای پێنجەمین سەرپێچیم هەڵیان وەشاندەوە.



ئەفسەر: دەکرێ کارتی ئۆتۆمبێلەکەت ببینم؟

شۆفێر: ئەمە ئۆتۆمبێلە من نییە! من ئەم ئۆتۆمبێلەم دزیوە!!!

ئەفسەر: ئەم ئۆتۆمبێلە دزراوە؟

شۆفێر: بەڵێ وایە بەڵام راوەستە با کەمێک بیر بکەمەوە! پێم وایە کاتێک چەکەکەم دەخستە ناو داشبۆرد لە نێو داشبۆرددا کارتی ئۆتۆمبێلی خاوەنەکەیم دی!

ئەفسەر: واتە لەنێو داشبۆرددا چەکێک هەیە.

شۆفێر: بەڵێ. هەر ئەو چەکەی کە پێی خاتوونی خاوەنی ئەم ئۆتۆمبێلەم کوشت و دواتر تەرمەکەیم خستە نێو سندووقی دواوە.

ئەفسەر: تەرمێک لە سندووقی دواوەی ئۆتۆمبێلەکەدایە؟

شۆفێر: بەڵێ بەڕێز وایە!!!



Scanned by CamScanner

به بیستنی ئەم قسەیە ئەفسەر خێرا لەگەڵ سەرتری خۆیدا (سەروان) پێوەندی دەگرێ. زۆری پێ ناچێ کە ئوتۆمبێلەکانی پۆلیس بە ئاژیرلێدان ئوتۆمبێلی پیاوەکە گەمارۆ دەدەن و سەروان بۆ چارەسەرکردنی ئەم رووداوە ئاڵۆزە دێت بۆ لای پیاوەکە.

سەروان: ببوورن بەڕێز دەکرێ ئیجازەکەتان ببینم؟

شۆفیر: بەڵێ فەرموون!!!

سەروان: ئەو ئوتۆمبێلە هی کێیە؟

شۆفیر: هی خۆمە بەڕێز سەروان، ئەوش کارتەکەی!

بەڵگەکانی ئوتۆمبێلەکە درووست بوون و ئوتۆمبێلەکە هی پیاوەکە خۆی بوو!

سەروان: دەکرێ زۆر بە ئارامی داشبۆرد بکەنەوە تا بزانم چەکێکی تیایە یان نە؟

شۆفیر: بەڵێ بەڕێز سەروان بەڵام دڵنیا بن کە چەکێك لەوێدا نییە!!

بەراستیش هیچ چەکێك لەوێدا نەبوو.

سەروان: دەکرێ سندووقی دواوە بکەنەوە. بە منیان وتووە کە تەرمێك لەوێدایە!!

شۆفیر: کێشەیەك نییە.

پیاوەکە درگای سندووقە دواوە دەکاتەوە بەراستی تەرمێك لەوێدا نەبوو!!!

سەروان: من تێناگەم. ئەو ئەفسەرەی کە پێشی ئێوەی گرتووە بە منی وت کە ئێوە ئیجازەتان نییە، ئەم ئوتۆمبێلەتان دزیوە، لە داشبۆرددا چەکێکتان هەیە و تەرمێکیش لە سندووقی دواوەدایە!!!

شۆفیر: ئێ!!! گرەو دەکەم کە ئەو درۆزنە بە ئێوەی وتووە کە من خێراش دەچووم.



Scanned by CamScanner

# من زێوم لە زێڕ پێ باشترە

پیاوێك هەموو ڕۆژێك لە بازاڕدا سواڵی دەکرد و خەڵکیش گاڵتەیان بە گەمژەیی ئەو دەکرد، دوو سکەیان پێ نیشان دەدا یەکێك لە زێڕ و ئەوی دیکە لە زێو. بەڵام پیاوە سواڵکەرەکە هەمیشە زێوی هەڵ دەبژارد. ئەم چیرۆکە لە تەواوی ناوچەکەدا بڵاو بۆوە. هەموو ڕۆژێك گرووپێك ژن و پیاو دەهاتن و دوو سکەیان بەو نیشان دەدا و پیاوە سواڵکەرەکە هەمیشە سکەی زێوی هەڵ دەبژارد. تا ئەوە کە پیاوێکی دلۆڤان لە ڕێوە گەیشت و لەوە کە بێ بەزەییانە گاڵتە بە پیاوە سواڵکەرەکە دەکەن، ناڕەحەت بوو. لە سووچێکی مەیداندا چوو بۆ لای و وتی: کابرا هەر کات دوو سکەیان پێت نیشان دا سکەی زێڕ هەڵ بگرە. مەگەر نازانی کە زێڕ بەنرخترە لە زێو؟ وەها هەم پارەیەکی زیاترت دەست دەکەوێ و هەم ئیتر گاڵتەت پێ ناکەن.

پیاوەکە وەڵامی دایەوە: ئێوە ڕاست دەکەن! بەڵام ئەگەر سکەی زێڕ هەڵ بگرم ئیتر خەڵك پارەم پێ نادەن بۆ ئەوە بیسەلمێنن کە من لەوان گەمژەترم. ئێوە نازانن کە تا ئێستا بەم فێڵە چەنێك پارەم بەدەست هێناوە.



Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

# بەشی ٨
# مەتەڵ دەرمانی



Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

چییە ئەم میچە بەرزە ســـادە نەخشینە
لەم مەتەڵە هیچ زانایەك لە جیهاندا ئاگا نیە
"حافظ"

## مەتەڵی کەڵەشێر

رۆژێك لە کۆڕێکدا هەر کەسێك مەتەڵێکی دەوت و داوای وەڵامدانەوەی لەوانی دیکە دەکرد. نۆبە گەیشتە مەلانەسرەدین. وتی: "ئەوە چ پەلەوەرێکە کە لە جۆری مریشکی ماڵییە، بەرەبەیان دەخوێنێ و هەمووان هەڵ دەسێنێ. بانگبێژی سروشتە و خاوەنی سێ پێیە؟"

هەمووان بیریان کردەوە دەبێ کەڵەشێر بێ بەڵام بە خۆیان وت:

کەڵەشێر تەنیا دوو لاقی هەیە هەر بۆیە دانیان بەوەدا نا کە نازانن داوایان لە مەلا کرد خۆی وەڵامیان باتەوە. مەلا وتی:

"کەڵەشێرە"، وتیان خۆ کەڵەشێر سێ لاقی نییە. وتی:

"ئەگەر بم وتبا دوو لاقی هەیە ئیتر نەدەبوو بە مەتەڵ!"

تێبینی: مەتەڵ، نموونەیەك لە ژیانی راستەقینەی مرۆڤەکانە. ژیان بریتییە لە کۆمەڵێك لە بەربەستەکان و ئەو پرسانە کە دەبێ بە یارمەتیی هێزی چڕبوونەوە و زیرەکی چارەسەر بکرێن.

لەراستیدا دەبێ هەر قەیران، ژانەسەر، گۆڕانی چاوەڕواننەکراو بە مەتەڵێك بزانین کە ژیان خستوویەتە بەردەممان تا لەم رێڕەوە ژیری و متمانەبەخۆبوونمان بدۆزینەوە بە پلەگەلێکی سەرتر لە گەشە و ئاگایی بگەین.



Scanned by CamScanner

لەم بەشەدا چەند مەتەڵ و هەروەها چیرۆکگەلی شێوە مەتەڵ بۆ پەروەردەکردنی هێزی چارەسەرکردنی پرسەکان دەخەینە بەر چاو.



Scanned by CamScanner

## ئارتوور پاشا

ڕۆژێك لە ڕۆژان پاشایەکی لاو بە ناوی ئارتوور هەبوو کە پاشای سەرزەویی دراوسێی ئەوی قۆڵبەس و بەند کرد. پاشا دەیتوانی ئارتوور بکوژێ بەلام کەوتە ژێر کاریگەریی لاوێتیی ئارتوور و بیروڕا و بڕواکانی. هەر بۆیە پاشا بۆ ئازادیی ئەو مەرجێکی دانا کە ئەو دەبوو بە پرسیارێکی زۆر قورس وەڵام بداتەوە. ئارتوور ساڵێك کاتی هەبوو تا وەلامی ئەو پرسیارە بدۆزێتەوە و ئەگەر دوای ساڵێك نەی توانیبا وەلامەکە بدۆزێتەوە دەکوژرا. پرسیارەکە ئەمە بوو:

ژنان بەڕاستی چییان دەوێ؟

ئەو پرسیارە تەنانەت خەڵکانی بیرمەند و زیرەکی سەرگەردان و سەرسام دەکرد و وادەهاتە بەرچاو کە بۆ ئارتووری لاو پرسیارێکی بێ وەلام بێ. بەلام چوونکە قەبووڵکردنی ئەم مەرجە لە مردن باشتر بوو ئەو پێشنیارەی پاشای بۆ دۆزینەوەی وەلام لە ماوەی ساڵێکدا قەبووڵ کرد.

ئارتوور گەڕایەوە بۆ سەرزەویی پاشایەتیی خۆی و دەستی کرد بە ڕاوەرگرتن لە هەمووان، لە شازادەکانەوە بگرە تا قەشەکان، لە پیاوە بیرمەندەکان و تەنانەت لە کۆسە (دلقك)کانی دیوەخانی پاشایەتی... ئەو لەگەڵ هەمووان قسەی کرد، بەلام هیچ کەس نەیتوانی وەلامێکی قابیلکەر بۆ ئەم پرسیارە بدۆزێتەوە. زۆریك لە خەڵك داوایان لێکرد کە لەگەڵ ژنێکی سێحربازی پیردا کە وادیار بوو تەنیا کەسێك بێ کە وەلامی ئەم پرسیارە بزانێ، ڕاوێژ بکات. هەڵبەت لەوانە بوو کە هەقدەستی زۆر لەسەرەوە بێ چوونکە بە وەرگرتنی هەقدەستی زۆر لە سەرانسەری ئەو سەرزەوییەدا ناسراو بوو.



Scanned by CamScanner

کاتێك دوایین ڕۆژی ساڵ هات، ئارتوور بیری کردەوە کە چارەیەکی جیا لە ڕاوێژ لەگەڵ سێحربازی پیردا نییە. سێحربز قەبووڵی کرد کە وەڵامی پرسیارەکە بداتەوە، بەڵام بەر لەوە داوای لە ئارتوور کرد کە لەگەڵ هەقدەستیدا ڕەزامەندی نیشان بدات.

سێحربازی پیر دەیویست لەگەڵ لۆرد لێنێسلووت، نزیکترین دۆستی ئارتوور و نەجیب زادەترین قارەمان و جەنگاوەری ئەو سەرزەوییە هاوسەرگیری بکات! ئارتوو لە بیستنی ئەم داخوازییە زۆر ترسا. سێحربازەکە، پیر، کووپ، ترسێنەر و ناشیرین بووو تەنیا دیانێکی هەبوو. بۆگەنیوی لێ دەهات، دەنگی ترسێنەر و ناشیرین و زۆر شتی دیکەی ترسناك و بەرگەنەگری تیا بوو. ئارتوور هیچکات لە سەرانسەری ژیانیدا لەگەڵ وەها بوونەوەرێکی قیزەوندا بەرەوڕوو نەبیبوو، بەم هۆیەوە قەبووڵی نەکرد کە دۆستەکەی بۆ هاوسەرگیری لەگەڵ سێحربازدا بخاتە ژێر گوشار و ئەو ناچا ربکات کە وەها تێچوویەکی ترسناك بگرێتە ئەستۆ. بەڵام دۆستەکەی لێنێسلووت، بەم پێشنیارەی زانی و لەگەڵ ئارتووردا قسەی کرد. ئەو وتی کە هیچ لەخۆبردوویەك لەگەڵ گیانی ئارتووردا بەراورد ناکرێ. هەر بۆیە ڕێوڕەسمی هاوسەرگیریی ئەو دوو کەسە ڕاگەیەندرا و سێحرباز وەڵامی پرسیارەکەی دایەوە، پرسیاری ئارتوور ئەمە بوو: ژنان بەڕاستی چییان دەوێ؟

وەڵامی سێحرباز ئەمە بوو: "ئەوان دەیانەوێ کە خۆیان بەرپرسی ژیانی خۆیان بن."

تەواوی خەڵکی ئەو سەرزەوییە تێگەیشتن کە وەڵامی سێحرباز هەقیقەتێکی ڕاستەقینەی ئاشکرا کردووە و گیانی ئارتوور دەبەخشرێ و هەر واش بوو. پاشای دراوسێ ئازادیی ئارتووری کردە دیاری بۆی و لێنێسلووت و سێحربازی پیر جەژنێکی بەشکۆی زەماوەندیان ڕێك خست.



Scanned by CamScanner

مانگی هەنگوین نزیك دەبۆوە و لێنێسلووت خۆی بۆ ئەزموونێکی ترسناك ئامادە دەکرد، لە ڕۆژی دیاریکراودا بە دڵەڕاوکێی زۆرەوە چووە دیوی بووك. بەڵام چ ڕوخسارێك چاوەڕوانی بوو جوانترین ژنێك کە لە تەمەنی خۆیدا دیتبووی لە سەر قەرەوێڵە چاوەڕێی بوو. لێنێسلووت سەرسام بوو و پرسی: چی ڕووی داوە؟

ژنە جوانەکە وەڵامی دایەوە: بە هۆی ئەوە کە لۆردی لاو لەگەڵ ئەودا وەك سێحربازێکی پیر بە دلۆڤانی هەڵسوکەوتی کردبوو، لەمە بەدواوە نیوێك لە شەو و ڕۆژ دەتوانێ خۆی جوان بکات و نیوەکەی دیکەی هەمان ژنی ترسناك و داماو بێ. پاشان سێحرباز لەوی پرسی: "کامیانی پێ باشترە؟ جوان لە ماوەی ڕۆژدا و ناشیرین لە شەودا یان بەپێچەوانەوە...؟"

لێنێسلووت لە کێشەیەکدا کە تێی کەوتبوو قووڵ بۆوە. ئەگەر جوانی ئەوی لە ڕۆژدا ویستبا دەیتوانی بە دۆستەکانی و ئەوانی دیکە، هاوسەرە جوانەکەی نیشان بدات، بەڵام لە چۆڵەوانیی شەودا لە کۆشکەکەیدا هەمان سێحربازی پیری هەبێ! یان ئەوە کە لە ماوەی ڕۆژدا لەگەڵ ئەم سێحربازە ترسناك و ناشیرینەدا هەڵ بکات بەڵام لە شەودا ژنێکی جوانی هەبێ کە ساتگەلێکی زۆرخۆش و بەچێژی لەگەڵیدا هەبێ. ئەگەر ئێوە پیاویك بن کە ئەم بابەتە دەخوێننەوە کامیان هەڵ دەبژێرن... هەڵبژاردنی ئێوە کامیان دەبێ؟ ئەگەر ئێوە ژنێك بن کە ئەم چیرۆکە دەخوێننەوە چاوەڕوانن پیاوەکەتان کامیان هەڵ بژێرێ؟ هەڵبژاردنی خۆتان بەر لەوە کە باقیی چیرۆکەکە بخوێننەوە بنووسن.

ئەوەی کە لێنێسلووت هەڵی بژارد ئەمە بوو:

لێنێسلووتی نەجیب زادە و شەریف دەیزانی کە سێحرباز پێشتر چ وەڵامێکی بە ئارتوور دابۆوە، هەر بۆیە وەڵامی دایەوە کە مافی هەڵبژاردن دەدات بە خودی ئەو تا خۆی لەم پێوەندییەدا بڕیار بدات. بە بیستنی ئەم وەڵامە، سێحربازەکە ڕایگەیاند بۆ هەمیشە و لە تەواوی کاتەکاندا جوان دەمێنێتەوە، چوونکە



Scanned by CamScanner

لێنێسلووت بۆ ئەو بابەتە کە ئەو ژنە بتوانێ خۆی بەرپرسی ژیانی خۆی بێ، ڕێزی دانابوو.



Scanned by CamScanner

# خوا چی دەخوات؟

دەگێڕنەوە کە پاشایەك لە وەزیری خواپەرەستی خۆی پرسی:

بڵێ ئەو خوایەی کە تۆ دەیپەرەستی چی دەخوا، چی لەبەر دەکا و چی دەکا و ئەگەر تا بەیانی وەڵام نەدەیتەوە لا دەبرێی.

وەزیر گۆشەگیر و ناڕەحەت ڕۆیشتەوە بۆ ماڵ.

ئەو خزمەتکارێکی هەبوو کە کاتێك ئەوی لەم دۆخەدا بینی پرسی کە چی بەسەر هاتووە؟



و ئەویش بەسەرهاتەکەی گێڕایەوە.

خزمەتکار پێکەنی و وتی: وەزیری خۆشەویست، ئەم پرسیارە کە وەڵامێکی ئاسانی هەیە.

وەزیر بە سەرسووڕمانەوە وتی: واتە تۆ دەیزانی؟ کەوابوو بۆم بڵێ، یەکەم خوا چی دەخوا؟

- خەمی بەندەکانی، کە دەفەرمێ من ئێوەم بۆ بەهەشت و نزیکبوون لە خۆم ئافراندووە، بۆ جەحانم هەڵ دەبژێرن؟

- بژی خزمەتکاری زانا.

- خوا چی لەبەر دەکا؟

- نهێنییەکان و تاوانەکانی بەندەکانی.

- بژی خزمەتکار.



Scanned by CamScanner

وەزیر کە زۆر خۆشحاڵ ببوو پرسیاری سێهەمی لەبیر کرد و خێرا بۆ کۆشك گەڕایەوە و بۆ پاشای وتەوە بەڵام دیسان لە پرسیاری سێهەمدا گیری کرد، دەرفەتێکی وەر گرت و بەپەلە بۆ لای خزمەتکار گەڕایەوە و سێهەمینی پرسی.

خزمەتکار وتی: بۆ سێهەمین وەڵام دەبێ کارێك بکەی.

- چ کارێك؟ جلوبەرگی وەزارەت بکەیتە بەر من و جلوبەرگی من لەبەر بکەی و من سواری ئەسپ بکەیت و بمبەی بۆ کۆشکی پاشا تا وەڵام بدەمەوە.

وەزیر کە چارەیەکی دیکەی نەبوو قەبووڵی کرد و بەو حاڵەوە لە کۆشکدا ئامادە بوون.

پاشا بە سەرسووڕمان لەم دۆخە، پرسی: ئەی وەزیر بۆ وات لێ هاتووە؟

و خزمەتکار ئەوسا وەڵامی دایەوە کە ئەمە هەمان کاری خوایە ئەی پاشا کە وەزیرێك لە جلوبەرگی خزمەتکار و خزمەتکارێك لە جلوبەرگی وەزیردا ئامادە بکات.

پاشا لە زیرەکیی خزمەتکار خۆشحاڵ بوو زۆر خەڵاتی کرد و ئەوی کرد بە وەزیری دەستی راستی خۆی.



Scanned by CamScanner

# چەند مەتەڵ

**شەش پەرداخ (١)**

شەش پەرداخ لە ریزێکدا دانراون. سێ پەرداخی یەکەم پڕن سێ پەرداخی دیکە بەتاڵ. چۆن دەکرێ بە جێگۆڕکێیەك هیچ پەرداخێکی بەتاڵ لە تەنیشت پەرداخی پڕدا نەبێ.

**ساردیی رژیمی یان ئاسایی؟ (٢)**



کوڕێکی چکۆلە بۆ کڕینی ساردی ٥٠٠ تمەنییەك بە دووکاندار دەدا و دوکاندار لێی دەپرسێ: ساردیی ئاساییت دەوێ یان رژیمی؟ پاش چەند چرکە کوڕێکی چکۆلەی دیکە دێ و ٥٠٠ تمەن بە دووکاندار دەدا و دووکاندار بێ ئەوە کە لێی بپرسێ، ساردییەکی رژیمی پێ دەدا. بۆ دوکاندار لە منالی یەکەمی پرسی کە چ جۆرە ساردییەکی دەوێ، بەلام لە منالی دووهەمی نەپرسی؟ لە کاتێکدا هیچ جۆرە ئاشنایەتییەکی لەگەڵ منالەکاندا نەبوو.

**سێ پیاو، لقە دار (٣)**

سێ پیاو سێ لقە داریان لەدەستدا دایە، داوایان لێ دەکرێ دارەکان بی ئەوە کە هەڵیان بدەن، وێڵ بکەن. پاش ئەم کارە تێدەگەن کە داری یەکێك لە سی

کەسەکە بەرەو سەرەوە دەڕوا و داری ئەوی دیکە دەکەوێتە زەوی و داری کەسی سێهەم لە نێو ئاسمان و زەویدا هەڵپەسێراو دەمێنێ. هۆی چییە؟

مێش لە قاوەدا (٤)

بەرپرسی رێستووران لە کڕیارێك کە لە پیاڵەی قاوەکەیدا مێش هەبوو، داوای لێبووردنی کرد و قاوەیەکی تازەی بۆ هێنا. کڕیار پاش وەرگرتنی قاوە و تامکردنی وتی: ئەمە هەمان قاوەی پێشووە، تەنیا مێشەکەتان دەر هێناوە!

ئەگەر کڕیار درووستی وتبێ، چۆن بەم بابەتەی زانیوە؟

لە رێستووراندا (٥)

سێ ژن کە هەر کامیان دوو کچیان هەیە، بۆ خواردنی چێشت دەچنە رێستوورانێك. تەنیا حەوت کورسیی بەتاڵ لە رێستووراندا هەیە. بەڵام هەرکامیان لەسەر کورسیی خۆی دادەنیشێ، ئەم کارە چۆن دەکرێ؟

بەسەرهات چییە؟ (٦)

دوو شۆفێری ئۆتووبووس لەتەنیشت یەکدا خەریکی چای خواردن بوون.

کوڕێکی چکۆلە لێیان نزیك دەبێتەوە و یەکێك لە شۆفێرەکان دەیکاتە باوش و دەڵێ کوڕەکەم وەرە چای بخۆرەوە!

چەند سات دواتر، شۆفێری دووهەم، بە کوڕەکە پەرداخێك چای دەدات و پێی دەڵێ: وەرە کوڕم.

وەڵامی مەتەڵەکان:

١ ـ سێهەمین پەرداخی پڕ هەڵ دەگرین و نیوەی دەکەینە نێو پەرداخی بەتاڵ. بەم شێوەیە هیچ پەرداخێکی پڕ لە تەنیشت هیچ پەرداخێکی بەتاڵدا نابێ.



Scanned by CamScanner

٢ ـ نرخی ساردیی رژیمی ٥٠٠ تمەن و نرخی ساردیی ئاسایی ٥٠ تەمن بووە و منالّی یەکەم ٥٠٠ تەمەنییەکی داوە و منالّی دووهەم ١٠ دانە ٥٠ تمەنی داوە.

٣ ـ کەسی یەکەم لە نێو ئاودا بووە، کەسی دووهەم لەسەر زەوی و کەسی سێهەم لە بۆشاییدا بووە.

٤ ـ کڕیار پێشتر قاوەکەی شیرین کردبوو و کاتێك قاوە تازەکەی چەشت، زانی کە شیرینە و تێگەیشت کە قاوەکەیان نەگۆڕیوە.

٥ ـ یەکێك لە ژنەکان دایکی دوو کچی دیکەیە و هەرکامیان لەگەڵ دوو کچەکەی خۆیاندا هاتوون بۆ ریستووران کە کۆی ژمارەیان دەکاتە ٧ کەس.


٦ ـ بەسەرهات چییە؟ شۆفێرەکانی ئوتووبووس ژن و شوون! چییە مەگەر شۆفێری خاتوونتان نەدیوە؟!



Scanned by CamScanner

## تێستی هۆش

لە منداڵانی باخچەی ساوایان، ئەم پرسیارەی خوارەوە کرا: "پاسی شێوەی خوارەوە بەرەو کام لا دەڕوا؟"



بەوردی سەیری وێنەکە بکەن.

وەڵامی پرسیاری سەرەوە دەزانن؟

تەنیا دوو وەڵام هەیە: "چەپ" یان "ڕاست"

لەبارەیەوە بیر بکەنەوە...

هێشتا نازانن بەرەو کام لا دەڕوا؟

قەی ناکا!

تەواوی منداڵانی باخچەی ساوایان وەڵامەکەیان ئەمە بوو: بەرەو لای چەپ.

کاتێك لێیانیان پرسی: "بۆ وابیر دەکەنەوە کە پاسەکە بەرەو لای چەپ دەڕوات؟"

وەڵامی هەموویان ئەمە بوو:

"چوونکە درگای ئوتۆمبێلەکە نابینرێ"!

تەرێق بوونەوە مەگەر نە؟

قەی ناکا! نارەحەت مەبن.

منیش وەڵامەکەیم نەدەزانی.



Scanned by CamScanner

پیاوی گەورە کەسێکە کە منداڵیی خۆی ون نەکات.

"منسیووس"

## مەتەڵی سێ کەسایەتی لە باڵۆنێکدا

کۆمپانیایەکی یابانی لە کردەوەیەکدا بۆ ریکلام، مەتەڵێکی داڕشت و رایگەیاند کە بە باشترین وەڵام، ٥ میلیۆن یەن خەڵات دەدات.

بەڵام مەتەڵەکە؟!!! باڵۆنێك لە بۆشاییدا کە چەندین کیلۆمەتر لە ئاستی زەوی مەودای هەیە تووشی کێشەی فەننی بووە و خەریکە دەکەوێتە خوارەوە و لە ئەگەری داکەوتنی بۆ سەر زەوی مەرگی نەفەرەکانی بێئەملاوئەولایە.

تەنیا رێگە بۆ نەکەوتنە خوارەوە، کەمکردنی کێشی باڵۆنەکەیە تا وردە وردە دابەزێتە خوارەوە. بەڵام لە باڵۆنەکەدا هیچ شتێك جیا لەم سێ کەسایەتییە گرینگە بوونی نییە کە بخرێتە خوارەوە!!



بەناچاری یەکێك لەم سێ کەسە دەبێ بخرێتە خوارەوە! ئێستا بڵێن لۆژیکیترین رێگەچارە چییە؟ کام یەك لەم سێ کەسە دەبێ بخرێتە خوارەوە؟

لەکاتێکدا یەکێك لەم کەسایەتییانە گەورەترین سیاسەتوانی جیهان، ئەوی دیکە گەورەترین ئابووریزانی دنیا و سێهەمی



Scanned by CamScanner

گەورەترین زانای جیهانە ! !

نەبوونی هەر کام لەم سێ کەسایەتییە دنیا دەشێوێنێ ! ! !

بەڕای ئێوە باشترین و لۆژیکیترین هەڵبژاردن، کام یەك لەم سێ کەسەیە؟

سەرنج:

کچێکی شەش ساڵەی یابانی وەڵامی ئەم مەتەڵەی دایەوە و خەڵاتی پێنج میلیۆن دۆلاری بردەوە !

وەڵام: ئەگەر لەبیرتان بێ منداڵێك وەڵامی ئەم مەتەڵەی داوەتەوە کەوابوو نابێ ئاڵۆز بێ. هۆی ئەوە کە منالێك وەڵامی داوەتەوە ئەوەیە کە منالان بە شوێن هۆ و فرمووڵدا ناگەڕێن و پرسیارەکان بۆ خۆیان سادە دەکەنەوە.

هەروا کە لەوانەیە هێندێك لە دۆستانیش ئاماژەیان کردبێ، لۆژیکیترین ڕێگەچارە ئەوەیە کە **کەسێك کە لە هەمووان قورسترە، بخرێتە خوارەوە** تا دوو کەسایەتییەکەی دیکە رزگاریان ببێ.



Scanned by CamScanner

## پرسیار

۱۰ کارتۆن قەندمان هەیە.

هەر کارتۆنێك لە ۱۰۰۰ دانە قەند پێك هاتووە.

کێشی هە دانە قەندێك ۱۰ گرەمە.

ئەم دۆخە لە گشت کارتۆنەکاندا وەهایە بەڵام تەنیا یەکێك لە کارتۆنەکان دانەکانی قەندی ۹ گرەمە.

تەرازوویەکمان هەیە کە تەنیا بۆ یەك جار بەکار دێ. واتە تەنیا دەتوانین یەك جار شتی پێ بکێشین و دوای ئەوە ئیتر لەکار دەکەوێ. دەمانەوێ بەکەڵکوەرگرتن لەم تەرازووە و تەنیا یەك جار کێشان بزانین کام کارتۆن کێشی کەمترە.

ئێستا چی بکەین؟

سەرەتا کارتۆنەکان ژمارەدار دەکەین: کارتۆنی ۱ و کارتۆنی ۲ و کارتۆنی ۳ و کارتۆنی ٤ و ... تا کارتۆنی ژمارە ۱۰. پاشان لە هەر کارتۆنێك بە رادەی ژمارەی کارتۆنەکە دانەی قەند هەڵ دەگرین، بۆ نموونە لە کارتۆنی یەکەم ۱ دانە قەند و لە کارتۆنی دووهەم ۲ دانە قەند و لە کارتۆنی سێهەم ۳ دانە قەند و... کە کۆیان دەکاتە ٥٥ دانە قەند و کێشیان دەبێ ٥٥٠ گرەم بێ.

پاشان ئەم کۆمەڵە قەندە بە تەرازوو دەکێشین.

پێم وایە ئیتر باقیی روون بێ.

هەر رادە گرەمێك کە لە ٥٥٠ گرەم کەم بێ بەرابەرە لەگەڵ ژمارەی ئەو کارتۆنەدا کە هەڵگری دانە قەندەکانی ۹ گرەمییە.



Scanned by CamScanner

دیتان وتم وەڵامی هەیە!!! زۆر پەلەتان کرد!!! دڵنیام ئەگەر کەمێك بیرتان لێ بکردایە ئێوەش بە وەڵامی مەتەڵەکە دەگەیشتن.



Scanned by CamScanner

# پرسیاری تاقیکاریی کۆتایی فیزیای زانکۆی کۆپنهاگن

چۆن دەتوانین بە پەستانپێوێك بەرزایی بینایەکی زۆر بەرز حەساب بکەین؟

وەڵامی خوێندکار:

پەتێکی درێژ بە ملی پەستانپێوەکەوە دەبەسین و ئەو لە میچی بیناکەوە بۆ خوارەوە شۆڕ دەکەینەوە، درێژیی پەت لەگەڵ درێژیی پەستانپێوەکە دەبێتە بەرزایی بینابەرزەکە.

ئەم وەڵامە داهێنەرانەیە وەها مامۆستای توورە کرد کە خوێندکاری رەت کردەوە...

خوێندکار بە پێداگری لەسەر ئەوە کە وەڵامەکەی راستە لەبەرانبەر ئاکامی تاقیکاریدا نارەزایەتی دەربڕی.

زانکۆ دادوەرێکی سەربەخۆی بۆ بڕیاردان لەبارەی ئەم بابەتە دیاری کرد. دادوەر خوێندکاری بانگ کرد و بەو شەش خولەك مۆڵەتی دا کە بە شێوەی زارەکی رێگەچارەی پرسیارەکە روون بکاتەوە تا روون ببێتەوە کە لەگەڵ بنەما سەرەتاییەکانی فیزیادا ئاشنایە. خوێندکار پێنج خولەك نوقمی بیرکردنەوە بێدەنگ دانیشت. دادوەر وەبیری هێنایەوە کە کاتی خەریکە تەواو دەبێ. خوێندکار وەڵامی دایەوە کە چەندین وەڵامی شیاوی پێیە بەڵام دوودڵە کامیان بڵێ. کاتێك هۆشداریان پی دا کە پەلە بکات وەها وەڵامی دایەوە:

"یەکەم ئەوە کە دەتوانین پەستانپێو ببەینە سەر بانی بینابەرزەکە، و ئەو لە لێواری بیناکەوە بخەینە خوارەوە و ماوەی گەیشتنی بە زەوی دیاری بکەین. بەرزایە بیناکە بەرابەرە لەگەڵ یەك لە دووی $g$ جاران $t$ بە تەوانی دوو ($t^2 \times 1/2g$). بەڵام بەستەزمان پەستانپێو."



Scanned by CamScanner

"یان ئەگەر هەوا خۆرەتاو بێ دەتوانین پەستانپێو بە شێوەی ستوون لەسەر زەوی دابنێین و درێژیی سێبەرەکەی بپێوین. دواتر درێژیی سێبەری بینابەرزەکە بپێوین و دواتر بە هاوڕێژەییەکی سادە بەرزایی بینا بەرزەکە بەدەست بێنین."

"بەڵام ئەگەر بمانەوێ زۆر زانستی کار بکەین، دەتوانین لەتە پەتێکی کورت بە پەستانپێوەکەوە ببەستین و ئەم وەک پاندۆلێک بلەرێنینەوە. بەم پێیە، سەرەتا لەسەر زەوی و دواتر لەسەر بانی بینابەرزەکە. بەرزایی لەرێگەی جیاوازیی نێوان هێزی راکێشان بپێوین."

"یان ئەگەر بینابەرزەکە پلیکانی کاتی نائاسایی هەبێ، دەتوانین بەرزایی بیناکە بە باروومەتر بپێوین و دواتر ئەوان لەگەڵ یەکدا کۆ بکەینەوە".

"هەڵبەت ئەگەر زۆر جیددی و بنەماگەرا بن دەتوانین لە پەستانپێو بۆ پێوانی گوشاری هەوا لە بانی بیناکە و سەر زەویدا کەڵک وەر بگرین و جیاوازیی ئەوان بەپێی میلیبار بکەین بە فووت تا بەرزایی بیناکە بەدەست بێ."

"بەڵام چوونکە هەمیشە ئێمە هان دەدەن کە پرۆڤەی سەربەخۆیی زەینی بکەین و لە رێگەچارەی زانستی کەڵک وەربگرین، بێگومان باشترین رێگە ئەوەیە کە درگای دیوی درگاوانی بیناکە لێ بدەین و پێی بڵێین: ئەگەر بەرزایی ئەم بینایەم پێ بدەی گوشار پێوێکی نوێ و جوانت پێ دەدەم."


ئەم خوێندکارە کەسێک نەبوو جیا لە نیلز بوور، تەنیا دانیمارکییەک کە توانی خەڵاتی نووبل لە بواری فیزیادا بەدەست بێنێ...



Scanned by CamScanner

## مەتەڵی چوکلە شقارتە

تەنیا بە جووڵاندنی چوکڵە شقارتەیەک، چوارگۆشەیەکی تەواو درووست بکەن.





Scanned by CamScanner

له نێو هەر سێوێکدا تووی سنووردار هەیە
له دڵی هەر توویەکدا سێوی بێسنوور
مەتەڵێکی سەیرە
توو بێن نەک سێو

"موجتەبا کاشانی"

## مەتەڵی میوەکان

سێ سەبەتە میوەمان هەیە کە لە نێو یەکێکیاندا هەرمێ لە سەبەتەی دیکەدا سێو و لە سەبەتەی ئاخردا تێکەڵاوی سێو و هەرمێ هەیە. هەروەها لەسەر هەر سەبەتەیەک کاغەزێک داکوتراوە کە ناوی (سێو)، یان (هەرمێ) و یان (سێو و هەرمێ) نووسراوە. بەڵام کاغەزەکان بە هەڵە داکوتراون.

واتە بۆ نموونە سەبەتەیەک کە کاغەزی سێوە لێ دراوە، لە نێویدا یان (هەرمێ)یە یان تێکەڵاوی (سێو و هەرمێ). ئێستا بڵێن چۆن دەکرێ بە یەک جار هەڵگرتنی میوە لە نێو سەبەتەیەک دەتوانین بڵێین لە هەر سەبەتەیەکدا چ میوەیەک هەیە؟!!

مەرج، نێو سەبەتەکان نابینرێ.

تەنیا یەک جار مۆڵەتی هەڵگرتنی میوە لە یەکێک لە سەبەتەکانتان هەیە (هەڵبژاردنی سەبەتە دڵخوازانەیە).

ژمارەی میوەکانی نێو سەبەتەکان زۆرە.

سەبەتەکان بە ڕیز نین.



Scanned by CamScanner

وەڵامی ڕاست، کلیلی وەڵامی ئەم مەتەڵە ئەوەیە کە ئێمە میوەی خۆمان لە نێو سەبەتەیەکدا کە لەسەری نووسراوە (سێو و هەرمێ) دەر بێنین. بەم سادەییە.

١ ـ ئەگەر سێو بوو سەبەتەیەک کە لەسەری نووسراوە (سێو) لە نێویدا هەرمێیە و سەبەتەیەک کە لەسەری نووسراوە (سێو و هەرمی) لە نێویدا سێو و سەبەتەیەک کە لەسەری نووسراوە (هەرمێ) لە نێویدا سێو و هەرمێیە.

٢ ـ ئەگەر هەرمێ بوو سەبەتەیەک کە لەسەری نووسراوە (سێو) لە نێویدا سێو و هەرمێ و سەبەتەیەک کە لەسەری نووسراوە (سێو و هەرمێ) لە نێویدا هەرمێ و سەبەتەیەک کە لەسەری نووسراوە (هەرمێ) لە نێویدا سێوە.



Scanned by CamScanner

لەم کتێبەدا هەوڵم داوە لە ڕێگەی نموونەکان و چیرۆککەلی جۆراوجۆرەوە پەیامی متمانەبەخۆبوون، هیوا، ورەی خەبات و چۆکدانەدان بە بیری خۆم و دۆستانی خۆشەویست بێنمەوە. وەبیری بێنینەوە کە ژیان مەتەڵێکی چارەسەرنەبوو نییە و بۆ هەر گرێ و بەربەستێك لە ژیاندا بە کەڵکوەرگرتن لە لێهاتوویی مزری و هێزی مێشك کە لە چوارچێوەی هێزی داهێنەری، هۆش و ژیریی لە مرۆڤدا دەردەکەوێ، دەتوانین لەگەڵ هەر کێشە و بارودۆخێکی ئاڵۆزدا بەرەوڕوو بین و ڕەوتی وەرچەرخان و گۆڕانکارییەکانی ژیانمان لە باتی سکاڵاکردن لە چارەنووس، بە تەگبیر بەڕێوەبەری بکەین و ئەوان بەرەو ئاراستەی دڵخواز ببەین.

5558 3206 586

لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما

نرخ (٥٠٠٠) دینار

Scanned by CamScanner